
# بکوژی بابانۆئێلەکان

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان
بەڕێوەبەرێتیی گشتیی رۆژنامەنووسیی و چاپ و بڵاوکردنەوە
بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی




بەڕێوەبەرێتیی
چاپ و بڵاوکردنەوەی
سلێمانی
٢٠١٢

**کۆمەڵەچیرۆك**

# بکوژی بابانۆئێلەکان

**و. مستەفا زاهیدی**

سلێمانی
٢٠١٢

**زنجیرەی کتێبی هەنار: ٥٠**

## بکوژی بابانۆئێلەکان


- وەرگێرانی : مستەفا زاهیدی
- بابەت: کۆمەڵەچیرۆک
- پیتچنی: وەرگێڕ
- هەڵەچنی: کارزان عەبدوڵلاّ
- نەخشەسازیی بەرگ و ناوەوە: ئەکرەم محەمەد ئەمین
- سەرپەرشتیاری چاپ: کارزان عەبدوڵلاّ
- قەبارەی کتێب: ½ A4
- ژمارەی لاپەڕە: ٣٠٠
- زنجیرەی گشتیی کتێب: (٨٦٧)
- تیراژ : (٥٠٠) دانە
- چاپ: چاپخانەی روون
- نرخ: (٣٠٠٠) دینار
- ژمارەی سپاردنی (١٨٣٢)ی ساڵی ٢٠٢ی وەزارەتی رۆشنبیریی و لاوانی دراوەتێ.

**بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بلاّوکردنەوەی سلێمانی**
**گردی ئەندازیاران/ بەرامبەر رۆژنامەی کوردستانی نوێ**
**ژمارەی تەلەفۆن: ٣١٨٠٩٩٤**

پێشکەش بە: خەسرەو ئەڵماسی

## پێشەکی

نووسین لەبارەی بەرهەمێکی لەمجۆرەوە، کە هەڵگری کۆمەڵێك چیرۆکی چیرۆکنووسانی هاوچەرخە، کارێکی ئاسان نییە. ئەوەی زیاتر لە هەرشتێك نووسین لەبارەی ئەم نووسەرانەوە دژوارتر دەکاتەوە، فۆڕمی جیاواز و ستایلی کاری جیاوازی هەرکام لەم نووسەرانەیە. هەرچەند قورسایی ئەو بەرهەمانەی لەم کۆمەڵەچیرۆکەدا هاتوون، بەرهەمی بەرەیەکی نوێ لە نووسەرانی ئەمریکا دەگرێتەوە، بەڵام بەمەشەوە ناکرێت نووسەرانێکی وەك "مۆراکامی و کواباتا"ی ژاپۆنی و "دۆراس"ی فەڕەنسایی و "کالڤینۆ"ی ئیتاڵیایی لەبەرچاو نەگیرێن. ئەوەی زیاتر هاندەرەم بوو بۆ وەرگێڕانی ئەم چیرۆکانە، لەڕاستیدا چێژوەرگرتنی تایبەتی خۆم بووە لە چیرۆکەکانی ئەو چیرۆکنووسانە. ژمارەیەك لەم چیرۆکنووسانە لەوانە: "بۆرخس، کواباتا، مۆراکامی، دۆراس، کالڤینۆ، چارلز بۆکۆفسکی و تاڕادەیەکیش براتیگەن" بۆ خوێنەری کورد ئاشنان، بەڵام ژمارەیەکی تریان بەرهەمەکانیان زۆر نەناسراون بۆ خوێنەری کورد. لەوانە: "میلانی سامێر، لیلیان بلۆم، بێنجیامین رۆزین باوم" و... هاندەری سەرەکیم بۆ وەرگێڕانی ئەم چیرۆکانە، جگەلە حەزی تایبەتی خۆم، لەڕاستیدا ناساندنی ئەو چیرۆکنووسانە و ئەو ستایلە جیاوازانەیە بە خوێنەری کورد.



تایبەتمەندییەکی سەرەکی ئەم بەرهەمانە ئەوەیە، بەشێکی زۆری ئەم بەرهەمانە باس لە کەڵکەڵەکانی مرۆڤی ئەمڕۆیی و ژیانی مرۆڤی ئەمڕۆیی دەکەن. بەشێکی زۆریان رەخنەگری سیستمی سەرمایەدارین، لەوانە بەرهەمەکانی "براتیگان، جەیمز کێلمەن و سپێنسەرهۆڵست". زۆربەی زۆری ئەم نووسەرانە زۆرجار زمانێکی ئاسایی خەڵکیان بۆ بەرهەمەکانیان هەڵبژاردووە، منیش هەوڵم داوە ئەم زمانەی خەڵکانی ئاسایی بپارێزم، بێگومان ئەم کارەش ئاسان نەبووە و وایکردووە دژواریی وەرگێڕانەکان چەند قات بکاتەوە.

بۆ زیاتر ناساندنی ئەم نووسەرانە، تەنها بەوە رازی نەبووم کە یەك یان دوو چیرۆکیان بکەم بە کوردی، بەڵکو هەوڵم داوە لەگەڵ چیرۆکی هەر چیرۆکنووسێکدا ژیاننامەیەکی کورتی ئەو نووسەرە و ناوی بەرهەمەکانی بێنم و هەر نووسەرەش رەسمێکی لەگەڵ ژیاننامەکەیدا بێت. جگە لە یەك یان دوو نووسەر کە نەمتوانیوە رەسمیان پەیدا بکەم، سەرجەم نووسەرەکان رەسمیان هەیە.

ئێمە هەین بۆئەوەی "بەدرێژەدان درێژە بدەین" و درێژەدان بە درێژەدان هەمان ئەو هاوارەی "بۆدلێر"ە، کە سەرجەم ژیانی مۆدێرنی گرتووەتەوە و خوێندنەوەی ژیانی مۆدێرن بەبێ خوێندنەوەی ئەدەب، رەنگە کارێکی دژوار بێت، وەك چۆن مارشاڵ بێرمەن بۆ خوێندنەوەی "ئەزموونی مۆدێرنیتی" لە پێنج سەدەی رابردوودا دەگەڕێتەوە بۆ لای دەقە ئەدەبییەکان. ئێمەی کوردیش بۆ تێگەیشتن لە دەقە مۆدێرنەکان، پێویستمان بە وەرگێڕانی دەقەکان هەیە و ئەم کۆمەڵەچیرۆکەش گەڕانەوەیە بۆ ئەو دەقە نوێیانە بەپێی توانا.

سەرەنجام ئەوەی دەبێت بوترێت ئەوەیە، بەشێك لەم چیرۆكانە لە زمانی فارسییەوە كراون بە كوردی و لێرەدا پێویستە ناوی بەڕێز "ئەسەدوڵڵا ئەمرایی" وەرگێڕی فارس بهێنم، كە لە وەرگێڕانەكانی ئەو وەرگێڕە بەڕێزە كەڵكم وەرگرتووە لە وێبلاگی تایبەتی خۆی. هەروەها بۆ چیرۆكەكانی براتیگەنیش كەڵكم لە كتێبی "اتوبوس پیر" وەرگرتووە لە وەرگێڕانی "علیرەزا تاهری عراقی". بەشێكی تری ئەم چیرۆكانە لە زمانی ئینگلیزییەوە كراون بە كوردی، بۆ ئەم وەرگێڕانانەش پێویستە سوپاسی هاوڕێی بەڕێزم "سەلاح بایەزیدی" بكەم، كە هاوكاری كردووم و زۆرجار لە "ئیدیۆم"ەكاندا یارمەتی داوم.

م.ز

هاوینی ٢٠١٢



**ھارۆكى مۇراكامى**

## هارۆکی مۆراکامی

هارۆکی مۆراکامی ڕۆژی ١٢ی جەنیوەری ١٩٤٩ لە کیۆتۆی ژاپۆن لەدایك بوو. ساڵی ١٩٦٨ ڕۆیشتە کۆلێجی هونەرەجوانەکانی زانکۆی واسدا. ساڵی ١٩٧١ لەگەڵ خێزانەکەی (یۆکۆ) ژیانی هاوسەریی پێکهێنا و بەوتەی خۆی لە ئاپریلی ١٩٧٤دا لە کاتی تەماشای یاریی بەیسبالّدا بیرۆکەی یەکەم کتێبی (گوێ لە گۆرانی با بگرە)ی هاتووە بەمێشکدا. هەر لەو ساڵەدا کلووپێکی (جاز)ی لە کۆکۆبونجی تۆکیۆ کردەوە. ساڵی ١٩٧٩ یەکەم ڕۆمانی بەناوی (گوێ لە گۆرانییەکانی با بگرە)ی بڵاوکردەوە و هەر لەو ساڵەدا خەڵاتی نووسەری تازەکاری (گۆنزۆ)ی بردەوە و ساڵی ١٩٨٠ ڕۆمانی (پینبال) یەکەم بەش لە سیانەی (مشکی سەحرایی) بڵاوکردەوە و ساڵی ١٩٨١ کلووپی جازەکەی فرۆشت و بەشێوەیەکی پرۆفێشناڵ کاتی خۆی تەرخان کرد بۆ نووسین. ساڵی ١٩٨٢ ڕۆمانی شوێنکەوتنی (مەڕەکێوی) چاپ و بڵاوکردەوە و لە هەمان ساڵدا خەڵاتی ئەدەبی (نۆما)ی پێبەخشرا.

لە ئۆکتۆبەری ١٩٨٤دا ڕۆیشتە شاری بچووکی (فۆجیتساوا) لە نزیکی کیۆتۆ و ساڵی ١٩٨٥ ڕۆیشتە (سێنداگایا). ساڵی ١٩٨٥ ڕۆمانی سەرزەمینی سەرسووڕمانەکان و کۆتایی جیهانی بڵاوکردەوە، کە خەڵاتی ئەدەبی (جۆنیچی) پێبەخشرا.

ڕۆمانی (جەنگەڵی نۆرویژی)، کە یەکێکە لە ڕۆمانی ناودارەکانی ئەم ڕۆماننووسە ژاپۆنییە و لەلایەن گۆڤاری سەندەی تایمزەوە بە بۆنەی ئەم ڕۆمانەیەوە بە (سالینجەر)ی ژاپۆن ناوی دەرکردووە، ساڵی ١٩٨٧ چاپ و



بڵاوبووەوە. ساڵی ١٩٩١ بەرەو ئەمریکا کۆچی کرد و لە زانکۆی (پرینستۆن) خەریکی وانەوتنەوە بوو. ساڵی ١٩٩٣ ڕوویکردە شاری سانتائانا لە ئیالەتی کالیفۆڕنیا و لە زانکۆی (هاروارد تێفت) خەریکی وانەوتنەوە بوو. ساڵی ١٩٩٦ خەڵاتی یۆمیۆری بردەوە و ساڵی ١٩٩٧ ڕۆمانی (ژێرزەمینی) بڵاوکردەوە. ساڵی ٢٠٠١ گەڕایەوە ژاپۆن.

ژمارەیەك لە بەرهەمەکانی ئەمانەن:

١- گوێ لە گۆرانی با بگرە.
٢- پینباڵ – ١٩٧٣.
٣- شوێنکەوتنی مەڕی کێویی.
٤- سەرزەمینی سەیروسەمەرەکان و کۆتایی جیهان.
٥- جەنگەڵی نۆرویژی.
٦- سەما، سەما، سەما.
٧- باشووری سنوور، ئاوابوونی خۆر.
٨- بایۆگرافی باڵندە با فڕەکان.
٩- عاشقی ئیسپۆتینگ.
١٠- کافکا لە کەناردا.
١١- دوای تاریکی.
١٢- کۆمەڵەچیرۆکی (نهێنییەکانی تۆکیۆ).
١٣- کۆمەڵەچیرۆکی (پوورە هەژارەکە).

## کارەساتی کان لە نیویۆرک

چراکانیان کوژاندبوووەوە بۆئەوەی دەست بگرن بە هەواوە و تاریکی بەسەریاندا زاڵ بوو. کەس مەتەقی لێوە نەدەهات. تەنها شتێك لەو تاریکییەدا دەبیسترا، دەنگی دڵۆپەئاوەکان بوو کە هەر پێنج چرکە جارێك لە میچەکەوە دەتکا.
کرێکارە پیرەکەی کانەکە وتی: "زۆر باشە، هەوڵ بدەن زۆر هەناسە نەدەن. هەوایەکی زۆرمان بۆ نەماوەتەوە". زۆر بەئارامی و وەك ئەوەی سرتە بکات بۆ کەسێك ئەمەی وت، بەمەشەوە دارەڕای تۆنێلەکە چرکەچرکیان دەهات.
کرێکارەکان لە تاریکیدا پاڵیان بەیەکەوە دابوو، گوێیان هەڵخستبوو بەوەی دەنگێك ببیستن: دەنگی پاچ، دەنگی ژیان.
چەند سەعات چاوەڕێ بوون. واقیع بەرەبەرە لە تاریکیدا نووقم دەبوو. وەك ئەوەی هەموو شت ماوەیەکی زۆر لەوە پێش روویدابێت، لە دونیایەکی دوور. یان رەنگە لە داهاتوودا، لە دونیایەکی دوورتردا.
لە دەرەوە، خەڵك خەریکی هەڵکەندنی زەوی بوون بۆئەوەی پێیان بگەن. لە دیمەنی فیلمێك دەچوو.



یەکێك لە هاوڕێکانم خووی بەوە گرتووە، هەرکات تۆفان بێت، دەڕوات بۆ باخچەی ئاژەڵان. دە ساڵە ئەم کارە دەکات. ئەو کاتەی زۆربەی خەڵك پەنجەرە تۆفانگرەکانیان داخستووە، یان ئاوی کانزایی پاشکەوت دەکەن، یان سەرنج دەدەن بەوەی رادیۆ و لایتەکانیان ئیش دەکات، یان نا، هاوڕێکەم بە پانچۆیەکی بارانی سەربازی شەڕی ڤێتنام، کە ماوەیەك لەوەوپێش کڕیویەتی، خۆی دادەپۆشێت، دوو قوتوو بیرە دەخاتە گیرفانی و دەڕواتە دەرەوە. لە ماڵەکەیەوە تا باخچەی ئاژەڵان بەپێ، چارەکێك ڕێگایە.
ئەگەر بەختی لەگەڵ نەبێت، باخچەی ئاژەڵان داخراوە، "بەهۆی خراپی کەشوهەواوە" دەرگاکان داخراوە. هەرکات بەم جۆرە بێت، هاوڕێکەم لە سەر پەیکەرەی بەردینی سمۆرەیەك کە لەبەردەم دەرگای دەرەوەدایە، دادەنیشێت و بیرە گەرمەکانی دەخواتەوە، دواتر دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە.

بەڵام کە کاتی خۆی دەگاتە ئەوێ، پارەی چوونەناوەوە دەدات، جگەرەیەکی تەڕ دادەگیرسێنێت و چاو لە ئاژەڵەکان دەکات، یەك بە یەکیان. زۆربەی ئاژەڵەکان خزاونەتە کولانەکەیانەوە. هەندێکیان چاویان بڕیوەتە ئاسمان. ژمارەیەکیان زیاتر هات و چۆ دەکەن و لە بەرامبەر تۆفانەکەدا هەڵخەوداخەیانە. ژمارەیەکیان لە دابەزینی کوتوپڕی پەستانی ئەتمۆسفێر(Atmospheric pressure) دەترسێن و هەندێکیان وەحشی دەبن.
هاوڕێکەم هەوڵ دەدات بە هەرشێوەیەك بێت یەکەم بیرەی لە بەرامبەر قەفەسەی بەوری بەنگال دا بخواتەوە. (بەبری بەنگال هەموو دەم وەحشییانەتر پەرچەکردار دەنوێنێت). گووریلەکان هەر خۆیان ناشڵەژێنن و لە تۆفانەکە ناترسێن.

گووریلەکان لێی دەڕوانن کە وەك پەرییەکی دەریایی لەسەر لادیوارێکی (چیمەنتۆیی) دانیشتووە و ئارام ئارام بیرەکەی دەخواتەوە، دەکرێت سوێند بخۆیت بە راستی بەزەییان پێیدا دێتەوە.

هاوڕێکەم دەڵێت: "وەك ئەو کاتانەی ئاسانسۆر (مصعد) خراپ دەبێت و تۆ لەگەڵ کەسانی نەناسراو لەوێدا دەمێنیتەوە".

ئەگەر بابەتی تۆفانەکە بنێینە لاوە، هاوڕێکەم هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ خەڵکانی تر نییە. بۆ کۆمپانیایەکی هەناردەکردن کار دەکات و بەرپرسی بەشی بەگەڕخستنی سەرمایەیە لە دەرەوەی وڵات. راستە ئەو کۆمپانیا لە ریزی یەکەمی کۆمپانیا ناودارەکاندا نییە، بەڵام بەڕادەی پێویست سەرکەوتووە. هاوڕێکەم بە تەنهایی لە شوقەیەکی بچووکی خاوێندا دەژی و هەر شەش مانگ جارێك لەگەڵ کچێك دەبێت بە هاوڕێ. من هیچکات نەمزانی بۆچی سوورە لەسەر ئەوەی هەر شەش مانگ جارێك (رێك هەر شەش مانگ جارێك) کچە خۆشەویستێکی تازە بگرێت. ئەو کچانە هەموویان وەك یەکتر وان، وەك ئەوەی کۆپی یەکتر بن. تەنانەت ناتوانم لە یەکتریان جیا بکەمەوە.

هاوڕێکەم سەیارەکی کۆن، کۆمەڵە بەرهەمەکانی بەلزاك، قاتێکی رەش، بۆینباخێکی رەش و جووتێك پێڵاوی رەشی هەیە، کە بۆ پرسە و سەرەخۆشی زۆر باشن.

هەرجارەی کەسێك دەمرێت تەلەفۆنی بۆ دەکەم و لێی دەپرسم، دەتوانم بە ئەمانەت لێت وەربگرم، هەرچەند قات و پێڵاوەکانی یەك ژمارە بۆ من گەورەترە.

دوایین جار کە تەلەفۆنم بۆ کرت وتم: "ببورە دووبارە کاتم گرتی، دەبێ بڕۆم بۆ پرسەی کەسێك".



وەڵامی دایەوە: "تکا دەکەم. رەنگە زۆر بە پەلە بیت! بۆچی هەر ئێستا نایەیت بۆ ئێرە؟"

کە گەیشتم، قات و بۆینباخەکەی لەسەر مێزەکە دانابوو. زۆر بەجوانی ئوتوو کرابوون، پێڵاوەکان بۆیەکرابوون و بەفرگرەکە پڕبوو لە بیرەی هاوردەکراوی فینك. هاوڕێکەم کەسێکی وەهایە.

لە حاڵێکدا خەریك بوو قوتوویەکی بیرەی هەڵدەپچڕی، وتی: "رۆژێك لە باخچەی ئاژەڵان پشیلەیەکم بینی".

"پشیلەیەك؟"

"بەڵێ. دوو حەفتە لەوەوپێش. بۆ سەفەرێکی کاری رۆشتبووم بۆ هۆکایدۆ و سەردانێکی باخچەی ئاژەڵانی نزیك هۆتێلەکەم کرد. پشیلەیەك لە قەفەسەکەدا خەوتبوو و لەسەر تابلۆکەی نووسرابوو پشیلە".

"چ جۆرە پشیلەیەك بوو؟"

"پشیلەیەکی ئاسایی بە هێڵی قاوەیی و کلکی کورت و بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو قەڵەو. بە شانا راکشابوو".

"رەنگە هۆکایدۆ پشیلەی زۆر لێ نەبێت".

بە سەرسووڕمانەوە پرسی: "گاڵتە دەکەیت؟ دەبێ لە هۆکایدۆش پشیلە هەبێت. ناکرێت ئەوەندە نائاسایی بێت".

وتم: "زۆر باشە لە گۆشەنیگایەکی ترەوە بۆی بڕوانە. بۆچی باخچەی ئاژەڵان نابێت پشیلەی لێ بێت؟ ئەوانیش ئاژەڵن. وا نییە؟"

ئەو وتی: "سەگ و پشیلەکان بەشێکن لە ئاژەڵە ئاساییەکان و هەموو دەم بەردەستەکان. کەس پارە نادات بۆ بینینی ئەوان. ئەوە بەسە چاو لە دەوروبەری خۆت بکەیت. لە هەموو شوێنێك هەن. هەموو کات لەگەڵ مرۆڤەکانن".

کە شەش بیرەمان خواردەوە، مـن قـات و بۆینبـاخ و پاکـەتی پێڵاوەکـانم خستە پاکەتێکی گەورەی کاغەزییەوە.

وتم: "داوای لێبووردن دەکەم هەموو دەم کاتت دەگرم. دەزانم دەبێت قاتێك بۆ خۆم بکڕم، بەڵام هیچکات دەرفەتی ئەوەم نییە. هەست دەکەم ئەگەر جلوبەرگی سەرەخۆشی بکڕم، واتە زۆر باشە کێشە نییە با کەسێك بمرێت".

ئەو وتی: "کێشە نییە. خۆ من هەر بەکاری ناهێنم. باشتر وایە کەسێك بەکاریان بهێنێت بەجێگەی ئەوەی لە کەنتۆرەکەدا هەڵیانواسم. وا نییە؟

راستی دەکرد. ئەوە بۆ ساڵ دەچوو قاتەکەیان بۆ دووریبوو و تەنانەت جارێکیش لەبەری نەکردبوو.

ئەو دواتر وتی: "زۆر سەیرە، بەڵام لەو کاتەوەی ئەم قاتەم کڕیوە تەنانەت یەك ناسراویشم نەمردووە".

"گشت جار بەم شێوەیە".

ئەو وتی: "بەڵێ، هەمیشە وایە".

بۆ من بە پێچەوانەوە، ئەمساڵ، ساڵی سەرەخۆشی بوو. هاوڕێیان و ناسراوانی پێشترم یەك بەدوای یەکتردا مردن. وەك گوڵەگەنمەشامی کە لە وشکەساڵیدا سیس دەبن و هەڵدەوەرن. من بیستوهەشت ساڵم تەمەن بوو. هەموو هاوڕێکانم تەمەنیان نزیك بە تەمەنی من بوو. بیستوحەوت، بیستوهەشت، بیستونۆ، ئەو تەمەنەی بۆ مردن زۆر گونجاو نەبوو.



شاعیرێك لە تەمەنی بیستویەك ساڵیدا دەمرێت، شۆڕشگێڕێك یان ئەستێرەیەکی رۆك لە بیستوچوار ساڵیدا، بەڵام دوای تێپەڕاندنی ئەو تەمەنە، لات وایە هەموو شت لەجێی خۆیدایە، لات وایە توانیوتە لە کەوانێکی مەرگی ئینسانەوە گوزەر بکەیت و لە تۆنێلەکەوە بێیتە دەرەوە. ئێستا لە شاڕێیەکی شەش سایدیدا راست بەرەو ئامانجەکەت لێدەخوڕیت. بتەوێت و نەتەوێت قژت کورت دەکەیتەوە، هەموو بەیانییەك ریشت دەتاشیت. ئیتر شاعیر یان شۆڕشییەك یان ئەستێرەیەکی رۆك نیت. لە کیۆسکی تەلەفۆنەکاندا لە بەدمەستیدا کەلەلا ناکەوێت، یان سەعات چواری بەیانی دەنگی( doors[1] ) بەرز ناکەیتەوە. بە پێچەوانەوە لە کۆمپانیای بیمە (زەمان)ی هاوڕێکەت، زەمانی تەمەن دەکڕیت. لە باڕی هۆتێلەکاندا دەخۆیتەوە و دەزانی تیچووی چاککردنەوەی ددانت چەند بووە. ئەم شتانە لە بیستوهەشت ساڵیدا سرووشتییە.

بەڵام راست هەر ئەوکاتە بوو کە کوشت و بڕێکی چاوەڕواننەکراو لە ژیانی ئێمەدا دەستی پێکرد. وەك هێرشێکی کوتوپڕ لە رۆژێکی بەهارییدا- چما کەسێك لەسەر تەپۆڵکەیەکی میتافیزیکی، قازیفەیەکی میتافیزیکی گرتووە بە دەستەوە و بارانی فیشەك بەسەرماندا دەبارێنێت. بۆ ساتێك ئێمە خەریکی گۆڕینی جلوبەرگەکانمان بووین، بۆ ساتێکی تر جلەکان بۆمان نەدەبوون: قۆڵەکانی هەڵگەڕابوونەوە، لاقێکمان کردبوو بە دەرەقولی پانتۆڵێکدا و لاقێکی ترمان کردبوو بە پانتۆڵێکی تردا. هەموو شت تێك چووبوو.

بەڵام مەرگ هەر بەم شێوەیە. کەروێشك، کەروێشکە، چ لە کلاوێك بێتەدەرە و چ لە مەزرای گەنم. زۆپا زۆپایە و ئەو دووکەڵەڕەشەی لە دووکەڵکێشەوە دێتە

---

[1] The doors -۱ – گرووپێکی مۆسیقای جازە، کە لە دەیەی ۱۹٦۰ لە ئەمریکا دامەزرا.

دەرەوە، هەر ئەو شتەیە کە هەیە، دووکەڵێکی رەش کە لە دووکەڵکێشەوە بەرز دەبێتەوە.

یەکەم کەس لە شقڵی واقیع و خەیاڵ (یان شقڵی خەیاڵ و واقیع) پێیەکی نایە ئەمبەر و پێکەی تری نایە ئەوبەر، ڤوودی، هاورێیەکی سەردەمی زانکۆم بوو، ئینگلیزی دەوتەوە بە منداڵانی ناوەندیی. سێ ساڵ بوو چووبووە ژیانی هاوسەرییەوە و ژنەکەی چووبوو بۆ ماڵی دایك و باوکی لە شیکۆر بۆ ئەوەی منداڵی ببێت.

دوای نیوەڕۆی دووشەممەیەکی مانگی جێنیڤەری، کە بەشێوەیەکی ناسرووشتی گەرم بوو، ئەو رۆیشتە فرۆشگایەکی زنجیرەیی، دوو قوتوو کەفی ریش تاشین و چەقۆیەکی ئەڵمانی کڕی، چەقۆکە ئەوەندە گەورە بوو کە دەکرا گوێی فیلی پێ ببڕیت. رۆشتە ماڵەوە و بانوێکەوە[٢](Bathtub) پڕکرد لە ئاو. بڕێك سەهۆڵی لە بەفرگرەکە هەڵگرت، بتڵێك سکاچی خواردەوە، رۆیشتە بانوێکەوە، شاڕەگی دەستی خۆی بڕی. دوو رۆژ دواتر دایکی تەرمەکەی دۆزییەوە. پۆلیسەکان هاتن و رەسمێکی زۆریان لێگرت. خوێن حەمامەکەی کردبوو بە رەنگی دۆشاوی تەماتە. پۆلیس هۆکاری مەرگەکەی بە خۆکوژیی زانی. بەدەر لەمەش هەموو درگاکان لە ژوورەوە داخرابوون و کوژراوەکەش خۆی چەقۆکەی کڕیبوو، بەڵام بۆچی دوو قوتوو کەفی ریشی کڕیبوو، کە نەیدویست بەکاریان بێنێت؟ کەس نازانێت.

رەنگە ئەو کاتەی لە فرۆشگا زنجیرەییەکەدا بووە، نەیزانیوە دوو سەعاتی تر دەمرێت. یان رەنگە ترساوە ژمێریارەکە دەزانێت دەیەوێت خۆی بکوژێت.

---

٢- بانوێ (Bathtub)- وانی حەمام.



هیچ وەسییەتنامە یان نووسراوەیەکی دوای خۆی جێ نەهێشتبوو. لەسەر مێزی چێشتخانەکە تەنها بتڵێکی لێبوو، بتڵی بەتاڵی ویسکی و قاپی سەهۆڵ و دوو قوتوو کەفی ریش.

ئەو کاتەی چاوەڕوانی پڕبوونی بانوێکە بووە، پێك لەدوای پێك "هیك ئان دراکس"ی خواردەوە. رەنگە چاوی لەو دوو قوتووە کەفی ریشە کردبێت و بە وتنی ئەم رستەیە "ئیتر ناچار نیم ریشم بتاشم". بیری لە شتێك کردووەتەوە. مەرگی پیاوێك لە تەمەنی بیستوهەشت ساڵیدا وەك بارانی زستانی ناخۆشە. لە دوازدە مانگی دواتردا چوار کەسی تریش مردن.

یەکیان مانگی مارس لە رووداوێکدا لە مەیدانێکی نەوتی عەرەبستان سعوودی، یان کوەیت گیانی لەدەست دا- جەڵدەی دڵ و رووداو. لە جولایەوە تا نۆڤامبەر هەموو شت ئارام بوو، بەڵام دواتر لە دیسەمبەردا هاورێیەکی تر مرد، ئەویش بە رووداوی هاتوچۆ.

بە پێچەوانەی هاورێی یەکەمم کە خۆی کوشت، ئەم هاورێیانە تەنانەت کاتی ئەوەشیان نەبوو بیر لەوە بکەوە کە خەریکە دەمرن. مەرگ بۆ ئەوان وەك چوونەسەرەوە لە پلیکانەیەك بوو کە هەزار جار لێی سەرکەوتوون، بەڵام کوتوپڕ پلیکانێکی ژێر پێیان چۆڵ دەبێت.

ئەو هاورێیەی بەهۆی جەڵدەی دڵەوە مرد، بە ژنەکەی وت: "دەکرێت تەختی خەوەکەم بۆ ئامادە بکەیت؟" ئەو دیزاینەری مۆبلیات بوو. سەعات یازدەی بەیانی بوو. سەعات نۆ لەخەو هەستابوو. ماوەیەك لە ژوورەکەی کاری کردبوو و دواتر وتبووی هەست دەکات خەوی دێت. دەڕواتە چێشتخانە و قاوەیەك دروست دەکات و دەیخواتەوە، بەڵام قاوەکەش یارمەتی نادات. دەڵێت: "باشتر وایە

وەنەوزێك بدەم. هەست بە سەرئێشە دەكەم". ئەمە دوایین قسەكانی بوون. لەناو تەختی خەوەكەی پێچی دا لە خۆی و خەوی لێكەوت، ئیتر هیچكات خەبەری نەبووەوە.

ئەو هاوڕێیەی لە دیسەمبەردا مرد، لە هەموویان گەنجتر بوو و لە ناو مردووەكاندا تەنها ئەو ژن بوو. بیستوچوار ساڵی تەمەن بوو. لە شۆڕشگێڕەكان یان ئەستێرەكانی رۆك دەچوو. لەدوای نیوەڕۆیەكی ساردی بارانی، رۆژێك بەر لە كریسمەس، لە فەزایەكی دڵتەزێن و لە هەمانكاتدا تەواو سرووشتی لەنێوان ترۆمبێلی گواستنەوەی بیرە و دارتێلێكی چیمەنتۆیی تەلەفۆندا كەپس بوو.

چەند رۆژ دوای دوایین رێوڕەسمی ناشتن، رۆیشتمە ئەپارتمانی هاوڕێكەم بۆ ئەوەی قاتە ئوتووكراوەكەی پێ بدەمەوە و بۆ دەستخۆشی لێكردنیش دوو بتڵ ویسكی پێبدەم.

وتم: "زۆر سوپاس، جارێكی تر یارمەتییەكی گەورەت دام".

وەك هەمووكات بەفرگرەكەی پڕبوو لە بیرەی سارد و تیشكی كەمی هەتاو دەیخواردە سەر مۆبلەكان. تەپڵەكەكەی بەردەستی، ژێرسیگارییەك و گوڵدانێكی بێنت كۆنسولی كریسمسی لەسەربوو.

لە كاڤێرە پلاستیكییەكەیدا قاتەكەیم لێوەرگرت. وەك ورچێك كە تازە لە خەوی زستانە بەئاگا هاتبێتەوە خۆی كێشایەوەو بە ئارامی لە سووچێكەوە داینا.

وتم: "هیوادارم قاتەكە بۆنی رێوڕەسمی پرسە و ناشتنی نەگرتبێت".

"جلوبەرگ گرنگ نییە. گرنگ ئەو شتەیە لەناویدایە".

وتم: "بەڵێ"!



لە حاڵێكدا لەسەر قەنەفەكە چەمابووەوە بیرەكەی كردە ناو پەرداخەكەوە و وتی:
"ئەمساڵ هەر پرسە بوو بەشوێن یەكتردا هات. بە گشتی چوویتە چەند پرسەوە؟"

قامكەكانی دەستی چەپم كردەوە و وتم: "پێنج پرسە، بەڵام لام وایە ئیتر بەسە".

"دڵنیای؟"

"خەڵكانێكی زۆر مردوون".

وتی: "وەك نزا و نفرینی ئەهرامەكانە یان شتێك وەك ئەوان. هاتەوە یادم لە شوێنێك شتێكم لەو بارەوە خوێندبووەوە. نزا و نفرینەكە درێژەی دەبێت تا ئەوكاتەی بەو ئەندازەی كە دەبێت بمرن، خەڵكانێك بمرن، یان تا ئەوكاتەی ئەستێرەیەكی سوور لە ئاسمان دەردەكەوێت و سێبەری مانگ خۆر دادەپۆشێت".

كە شەش بیرەمان خواردەوە، دەستمان كرد بە ویسكی خواردنەوە. خۆری زستانە دەیدا لەناو ژوورەكە.

وتی: "ئەم رۆژانە تۆزێك خەمۆكی دیاریت".

وتم: "بەڕاست؟"

وتی: "رەنگە نیوەشەوان زۆر بیر بكەیتەوە. من بیركردنەوەی نیوەشەوانم ناوەتە لاوە".

: "چۆن توانیت ئەم كارە بكەیت؟"

ئەو وتی: "هەركات هەست دەكەم لەوانەیە تووشی خەمۆكی بم، دەست دەكەم بە خاوێنكردنەوەی ماڵەوە، تەنانەت ئەگەر سەعات ٢ یان ٣ی نیوەشەویش بێت. قاپەكان دەشۆرم. گازەكە (تەباخەكە) دەسڕم. ژوورەكان گسك دەدەم، دەسڕەی قاپەكان دەخەمە ناو وایتێكس، چەكمەجەی مێزەكان رێكوپێك دەكەم و هەر

تیکە جلێك بکەوێتە بەردەستم ئۆتۆی دەکەم". لە حاڵێکدا بە قامکی خواردنەوەکەی تێکدەدا، لە درێژەدا وتی: "ئەوەندە ئەم کارە دەکەم تا بە تەواوی ماندوو دەبم، دواتر شتێك دەخۆمەوە و دەخەوم. بەیانی لەخەو هەڵدەستم و ئەو کاتەی گۆرەوییەکانم دەکەمە پێم تەنانەت نایەتەوە یادم شەوی پێشتر بیرم لە چی کردووەتەوە".

جارێکی تریش چاوم لەو دەروبەرە کرد. ژوورەکە وەك هەمیشە خاوێن و رێکوپێك بوو.

"مرۆڤەکان سەعات سێی نیوەشەو بیر لە شتی جۆراوجۆر دەکەنەوە. هەموومان واین. هەربۆیە هەرکامەمان دەبێ شێوەی رووبەڕووبوونەوەی تایبەت بە خۆمان دژ بەو خەیالآت و بیرکردنەوانە بدۆزینەوە".

وتم: "رەنگە تۆ راست بکەیت".

"من تەنها جارێك رۆیشتم. یەکێك لە هاوڕێکانم لە باخچەی ئاژەڵان کاری دەکرد و داوام لێکرد بهێڵێت شەوێك کە لەوێیە سەردانی باخچەی ئاژەڵان بکەم. لەڕاستیدا تۆ نەتدەتوانی ئەم کارە بکەیت". دواتر پەرداخەکەی راوەشاند و وتی: "ئەزموونێکی سەیربوو. نەمدەتوانی وەسفی بکەم، بەڵام چما زەمین بە ئارامی دەمی کردبووەوە و شتێك لێی دەخزایە دەرەوە. دواتر ئەو شتە نەبینراوە لەملاوە هێرشی کرد بۆ ئەولا. وەك ئەوەی هەوای ساردی شەو بووبێت بە سەهۆڵ. نەمدەتوانی ببینم، بەڵام هەستم پێی دەکرد. ئاژەڵەکانیش هەستیان پێی دەکرد. ئەمە وایلێکردم بیر لەو خاڵە بکەمەوە ئەو زەوییەی لەسەری رێ دەکەین تا ناوکی ناوەند درێژەی هەیە و کوتوپڕ تێگەیشتم ئەو ناوکە بڕێکی چاوەڕواننەکراو کاتی هەڵمژیوە".



هیچم نەگوت.

: "بەهەرحاڵ من ئیتر نامەوێت بڕۆم بۆ ئەوێ. مەبەستم باخچەی ئاژەڵانە لە نیوەشەودا".

"تۆ حەز دەکەی لە تۆفاندا بڕۆیت؟"

وتی: "بەڵێ. هەر رۆژێك تۆفانی بێت ئەو رۆژە بە دەرفەت دەزانم و دەیقۆزمەوە".

زەنگی تەلەفۆن لێی دا و هاوڕێکەم رۆیشتە ژووری خەوەکەی بۆئەوەی وەڵام بداتەوە. کەسێك بوو کە وابزانم هاوڕێ کچەکەی بوو. بە پێوەندییە تەلەفۆنییە بەردەوام و ناکۆتاکانی. ویستم پێی بڵێم ئیتر کاتت ناگرم، بەڵام قسەکردنەکەی هەر تەواو نەدەبوو. ئەوەندە چاوەڕێ بووم ماندووبووم و تەلەفیزیۆنەکەم هەڵکرد. تەلەفیزیۆنەکەی تەلەفیزیۆنێکی رەنگی بیستوحەوت ئینچ بوو کە بە کۆنترۆڵ ئیشی دەکرد. لەوانەی بەس دەستی پێدا بنێیت کاناڵەکان دەگۆڕێت. تەلەفیزیۆنەکە بە شەش مکەبەرە دەنگێکی بەرزی هەبوو. هیچکات تەلەفیزیۆنی بەو باشییەم نەدیبوو.

جارێکی تر لەسەرەوە بۆ خوارەوە سەرجەم کەناڵەکان گەڕام و سەرەنجام هەواڵەکانم بینی. جەنگێکی سەرسنوور، ئاگرکەوتنەوەیەك، هەڵچوون و داچوونی ئاستی مامەڵەکان، پێشبڕکێی مەلەی زستانی لە مەلەوانگەی کراوە، خۆکوژییەکی خێزانی. هەموو ئەم هەواڵە بچووکانە بەشێوەیەك پێوەندییان هەیە لەگەڵ یەکتر، وەك ئەو کەسانەی لە رەسمێکی رێورەسمی دەرچوونی دواناوەندییدا بە تەنیشت یەکترەوە وەستاون.

هاوڕێکەم کە لە ژوورەکە هاتەدەرەوە، پرسی: "هەواڵێکی سەرنجڕاکێش هەیە؟"

وتم: "نەوەڵا هیچ نییە".

: "زۆر تەماشای تەلەفیزیۆن دەکەیت؟"
سەرم راوەشاند: "من تەلەفیزیۆنم نییە".
دوای چەند سات وتی: "یەك شتی تەلەفیزیۆن باشە. هەرکات پێت خۆش بێت دەیکوژێنیتەوە و نارازی نییە بەوەی دەیکوژێنیتەوە".
دەستی نا بەسەر دووگمەی "کوژاندنەوەی" تەلەفیزیۆنەکەدا. دەم و دەست شاشەکە رەش بوو. ژوورەکە بێ جوولە مایەوە. لەدەرەوەی پەنجەرەکە چرای ماڵەکانی تر یەك بەدوای یەك هەڵکران.
پێنج دەقەیەك لەوێ دانیشتین، ویسکیمان خواردەوە. بێ ئەوەی هیچمان هەبێت بۆ وتن. جارێکی تر تەلەفۆنەکە زەنگی لێدا، بەڵام ئەو وا خۆی نیشان دا کە دەنگەکەی نابیستێت. راست ئەو کاتەی دەنگی تەلەفۆنەکە بڕا دەستی نا بە دوگمەی هەڵکردنی تەلەفیزیۆنەکەدا و وەك ئەوەی کوتوپڕ شتێکی هاتبێتەوە یاد. زۆر زوو جارێکی تر وێنەکە دەرکەوتەوە. شارەزایەك بەرامبەر بە دیاگرامێك وەستابوو و بە دارێك کە بەدەستییەوە بوو گۆڕانی نرخی نەوتی شی دەکردەوە.
: "تۆ تماشا! نەیزانیوە ئێمە پێنج دەقە تەلەفیزیۆنەکەمان کوژاندبووەوە".
"بۆچی؟"
بیرکردنەوە لەم بابەتە زۆر دژوار بوو، هەربۆیە سەرم راوەشاند.
: "کە تەلەفیزیۆنەکە دەکوژێنێتەوە، یەکێك لەو دوو لایەنە نامێنن. ئەمە ئێمەین یان ئەو؟ تۆ تەنها دەست دەنێیت بە دوگمەکەدا و دواتر پێوەندییەکە دەکوژێتەوە. زۆر ئاسان".
من وتم: "دەکرێ بەم شێوەیەش بیری لێ بکرێتەوە".



جارێکی تر تەلەفیزیۆنەکەی کوژاندەوە و وتی: "سەدان هەزار جۆری تر دەکرێت بیری لێ بکەینەوە و لێکی بدەینەوە. لە هێند خەڵك گوێزی هێندی دەچێنن. لە ئارژانتین زیندانییە سیاسییەکان لە فڕۆکەوە دەخەنە خوارەوە. نامەوێت دەربارەی کەسانی تر قسە بکەم، بەڵام بیر لەو شتە بکەوە کە زۆر مەرگ هەیە کە ڕێوڕەسمی ناشتنی نییە. ئەو مەرگانەی تۆ هیچت لەبارەیانەوە نەبیستووە".
لە بێدەنگەدا سەرم رادەوەشێنم. هەستم کرد دەزانم بە چ حەقیقەتێك گەیشتووە. لە هەمانکاتدا هەستم دەکرد لە مەبەستەکەی ناگەم. ماندووبووم و تارادەیەکیش گێژ و مەنگ. دانیشتم و خەریکی یاریکردن بووم بە یەکێك لە گەڵا سەوزەکانی (زبێنتی کنسۆل).
ئەو زۆر هاوڕێیانە وتی: "من تۆزێك شامپاینم هەیە. ماوەیەك لەوەوپێش لە سەفەرێکی کاریم لە پاریس کڕیم. زۆر شارەزای شامپاین نیم، بەڵام لام وایە ئەمەیان شتێکی زۆر باشە. حەز دەکەیت تۆزێك بخۆیتەوە؟ رەنگە شامپاین ئەو شتە بێت کە دوای زنجیرەیەك سەرەخۆشی و پرسە دەبێت بیخۆیتەوە".
بتڵە ساردە شامپاینەکەی لەگەڵ دوو پەرداخی خاوێندا هێنا و بەئارامی لەسەر مێزەکەی دانان و دواتر بەشێوەی شەرمنانە پێکەنی. وتی: "دەزانی شامپاین هەر بەکەڵك نایەت. تەنها خۆشییەکەی ئەو کاتەیە تەپەتۆری سەرەکەی دەردێنی".
وتم: "ناتوانم لەمبارەوە مشتومڕت لەگەڵ بکەم".
تەپەتۆرەکەی کێشایە دەرەوە. بڕێك دەربارەی باخچەی ئاژەڵانی پاریس و ئەو ئاژەڵانەی لەوێ دەژین قسەی کرد. شامپاینێکی زۆرباش بوو.

ئاخری ساڵ میوانییەك ڕێكخرابوو، میوانی ساڵانەی سەری ساڵی نوێ، لە بارێك لە راپۆنگی كە بۆ ڕێورەسمەكان بەكرێ دەدرا. پارچەیەك پیانۆی سێ كەسی دەژەندرا و خواردن و خواردنەوەی باش ئامادەكرابوو. كە ناسراوێكمان دەبینی ماوەیەك قسەمان دەكرد بەیەكەوە. پیشەكەم ئەوە دەخوازێت هەموو سەری ساڵێك برۆمە ئەوێ و خۆم دەربخەم. زۆرم حەز لە میوانە قەربالغەكان نییە، بەلام ئەم میوانییە بێ سەرئێشە بوو. شەوی سەری ساڵی تازە هیچ كارێكم نەبوو ئەنجامی بدەم. لە میوانییەكەدا دەمتوانی لە سووچێك راوەستم، خۆم رەها بكەم، مەشرووبێك بخۆمەوە و چێژ لە مۆسیقاكە وەربگرم. نە كەسێكی بێزاركەری لێبوو و نە ناچار بووم بە نەناسراوەكان بناسێندرێم و نیو سەعات گوێ بدەمە قسەكانیان دەربارەی گیاخواردن و كاریگەرییەكەی لەسەر چارەسەركردنی شێرپەنجە.

بەلام ئەو شەوە كەسێك منی بە خانمێك ناساند. دوای قسەكردنێكی كورت، هەولم دا دووبارە بگەڕێمەوە بۆ سووچی هۆڵەكە، بەلام ئەو ژنەی لە حالێكدا پەرداخێك ویسكی بەدەستەوە بوو تا كورسییەكەم بەشوێنم كەوت.

ژنە زۆر هاورێیانە وتی: "خۆم داوام كرد بەیەكترمان بناسێنێت".

زۆر جوان نەبوو، بەلام بێگومان سەرنجڕاكیش بوو. جلێكی ئاوریشمی گرانبەهای لەبەركردبوو. لام وابوو سیودوو ساڵی تەمەنە. دەیتوانی زۆر ئاسان كارێك بكات گەنجتر دیاربێت، بەلام دیاربوو لای وابوو پێویست ناكات ئەوەندە خۆی بخاتە ئەزیەتەوە. سێ ئەنگوستیلە جوانییەكی سەرنجڕاكێشی دابوو بە قامكەكانی و زەردەخەنەیەكی جوان لەسەر لێوەكانی بوو.



ژنە وتی: "تۆ بە تەواوی وەك یەكێك لە هاورێكانم دەچیت. شێوەی دەموچاوت، جۆری قسەكردنت، رەفتار و خوو و خەدەت. وێكچوونێكی سەیرە. لەوكاتەوەی هاتووم بەردەوام چاوم لێ نەبڕیویت".

"حەز دەكەم بزانم بینینی كەسێك كە راست لەمن دەچێت چۆنە".

بۆ ساتێك پێكەنینەكەی زیاتر بوو و دواتر گەڕایەوە بۆ حالەتە ئارامەكەی پێشتر.

وتی: "بەلام ئەوە ناكرێت. ئەو هاورێیەم پێنج ساڵ لەوەوپێش مرد. ئەوكاتەی هاوتەمەنی ئێستای تۆ بوو".

وتم: "بەڕاستتە؟"

: "من كوشتم"

هەر ئەو كاتەی پارچەی دووەمی پیانۆی سێ كەسی تەواو بوو و ئامادەبووان بێ موبالاتانە چەپڵەیان لێدا.

ژنە پرسی: "حەزت لە مۆسیقایە؟"

وتم: "ئەرێ. ئەگەر مۆسیقای باش لە دونیای باشدا بێت".

ئەو وەك ئەوەی رازێكی گەورەم گوتبێت. وتی: "لە دونیای باشدا مۆسیقای باش بوونی نییە. لە دونیای باشدا هەوا نالەرێتەوە".

نەمدەزانی چ وەلامێك بدەمەوە. وتم: "تێدەگەم".

: "ئەو فیلمەت بینیوە ڤارۆن بیتی لە بارێكی شەوانە پیانۆ دەژەنێت؟"

: "نا، نەمدیوە".

"ئەلیزابێت تەیلۆر یەكێكە لەو كەسانەی هەموو دەم سەردانی ئەو بارە دەكات و بەڕاستی نەدار و فەقیرە".

"ئممم".

: "هەربۆیە ڤارۆن بیتی داوا لە ئەلیزابێت تەیلۆر دەکات، شتێکی دەوێت".
: "دەیەوێت".
ژنە ویسکییەکەی خواردەوە. ئەنگوستیلەکانی دەنگیان لێوەهات: "لەبیرم نییە. فیلمەکە زۆر کۆنە. من زۆر رقم لە داواکارییە. داواکاری هەموو دەم نیگەرانم دەکات. وەك ئەو کاتانەی کتێبێك لە کتێبخانە هەڵدەگرم. لەگەڵ ئەوەی دەست دەکەم بە خوێندنەوە، تەنها شتێك دەتوانم بیری لێبکەمەوە، کەی کتێبەکە تەواو دەبێت".
جگەرەیەکی نایە نێوان لێوەکانییەوە. شقارتەیەکم داگیرساند و بردمە بەردەم جگەرەکەی. ژنە وتی: "ئێمە دەربارەی کەسێك قسە دەکەین کە زۆر لە تۆ دەچێت".
: "چۆن کوشتت؟"
: "خستمە ناو کوورەیەکی هەنگەوە".
: "گاڵتە دەکەی. وا نییە؟"
وتی: "ئەرێ".
بەجێگەی ئەوەی پاڵ بدەمەوە و بحەسێمەوە، قومێك ویسکیم خواردەوە. سەهۆڵەکە توابووەوە و خواردنەوەکە ئیتر تامی ویسکی نەدەدا.
ژنە وتی: "هەڵبەت نە بەپێی یاسا و نە بەپێی ئەخلاق من بکوژ نیم".
نەمدەویست بچمەوە سەر ئەو باسە، بەلام ئەو خاڵەی ئاماژەی پێکردبوو، دووبارەم کردەوە: "نە بەپێی یاسا و نە بەپێی ئەخلاق بکوژ نیم، بەلام کەسێکت کوشتووە؟"
ئەو بەخۆشحاڵییەوە سەری راوەشاند: "راستە! کەسێك کە زۆر لە تۆ دەچوو".



لە سووچی هۆڵەکەوە کەسێك پێکەنی. کەسەکانی تەنیشتیشی پێکەنین. دەنگەکە لە دوورەوە بوو، بەلام بە جوانی دەبیسترا. نەمدەزانی بۆچی لێدانی دڵم چووەتە سەرەوە. چما دەهاتە یەك یان هەڵبەز دابەزی دەکرد. هەستم کرد لەسەر زەوییەك رێ دەکەم کە لەسەر ئاوە.
ژنە وتی: "کوشتنی کەمتر لە پێنج چرکەی خایاند".
بۆ ماوەیەك بێدەنگ بووم. زۆر بەخێرایی خۆی دا بەدەست بێدەنگییەکەوە و چێژی لەو بێدەنگییە وەرگرت.
پرسیاری کرد: "هیچ کات بیرت لە رەهابوون کردووەتەوە؟"
وتم: "هەندێ جار. بۆچی دەپرسی؟"
"دەتوانی گوڵێکی مینا بکێشیتەوە؟"
"لام وایە تاقیکردنەوەیەکی تایبەتە؟"
بەپێکەنینەوە: "رەنگە شتێکی لەوجۆرە".
: "دەی دەرچووم؟"
وەلامی دایەوە: "بەڵێ. ژیانێکی باشت دەبێت. خەمی هیچت نەبێت. هەستی دەروونیم پێم دەڵێت تۆ ژیانێکی درێژ و خۆشت دەبێت".
وتم: "سوپاست دەکەم".
گرووپە مۆسیقاکە دەستی کرد بە ژەنینی: "Auld Lang Synge " ژنە تەماشایەکی کاتژمێرە زێرینەکەی خۆی کرد و وتی: "یازدە و پەنجاوپێنج خولەك". من بەراست "Auld Lang Synge"م پێخۆشە. ئەی تۆ؟
: "من (home on the range)م پێخۆشترە. بەهەموو ئەو بزنەکێوییی و ئاسکانەوە.

جارێکی تر پێیکەنی: "ئاژەڵەکانت خۆش دەوێت؟"
وتم: "بەڵێ وایە"و بیرم چوو بۆ لای ئەو هاورێییەم کە باخچەی ئاژەڵانی خۆش دەوێ و بیرم لە قاتەکانی رێورەسمی ناشتنی ئەو کردەوە.
: "زۆر خۆشحاڵ بووم بە ناسینتان و قسەکردن لە گەڵتان".
وتم: "کاتێکی خۆش".

سەرچاوە:
http://www.geocities.jp/yoshio_osakabe/Haruki/Books/NY-Mining-Disaster.html

## چیرۆکی پووره هەژارەکە

هەموو شتێك لەدوای نیوەڕۆیەکی جوانی رۆژی یەکشەممەی مانگی جولای دەستی پێکرد، راست هەمان یەکەم یەکشەممەی مانگی جولای. دوو سێ پەڵە هەوری رەش و چکۆڵە لە دوورەوە لە ئاسمان وەك هێماکانی خاڵبەندی، وەك ئەوەی بەجوانی نووسرابن، دەردەکەوتن. تیشکی خۆر بێ هیچ لەمپەرێك دەدرا لە هەموو دونیا. لەم پاشایەتییەی مانگی جولایدا، تەنانەت کاغەزی برۆنزینی چکلێتێك کە خرابووە سەر چیمەنەکان، وەك کریستاڵێك لەناو زەریایەکدا، دەیدا لە چاو و دەدرەوشایەوە. ئەگەر بۆ ماوەیەکی زۆر چاوت لەم دیمەنە کردبا، تێدەگەیشتی تیشکی خۆر تیشکێکی تریشی لەگەڵدایە، وەك قوتووی تووناوتوونی چینی. تیشکی ناوەوە وا دەردەکەوت لە بێ ئەژمار گەردیلەی گوڵ دروست بووە، ئەو گەردیلانەی لە ئاسمانەکاندا هەڵپەسێردراو و بێ جووڵەن، تا ئەو کاتەی سەرەنجام دەکەوتنە سەر زەوی.



لەگەڵ یەکێك لە هاوڕێکانم رۆشتبووم بۆ پیاسەکردن، لە رێگاماندا تەنیشتی پلازایەك (گۆڕەپانێك) کە لەولای گەلەری شێوەکاری رێزلێنانی "می جی"ەوە بوو، وەستاین. نزیك حەوزەکە وەستاین و چاومان لە دوو یۆنیکۆرنی برۆنزی کرد کە لە لێواری بەرامبەرماندا بوون. شنەی بایەکی ئارام گەڵای داربەڕووەکانی دەجووڵاند و چەند شەپۆلێکی بچووکی لەسەر حەزەکە دروست دەکرد. چما کات وەك شنەیەك لەجووڵەدا بوو: دەستی پێدەکرد و دەوەستا، دەوەستا و دەستی پێدەکرد. قوتووی سۆدە لەناو ئاوە روونەکەدا دەدرەوشانەوە، وەك وێرانەکانی شارێکی ونبوو. کە لەوێ بووین خەڵکانی جیاواز لە لامانەوە رەت دەبوون، تیپێکی "سۆفت باڵ" کە یەکجۆر جلیان لەبەردا بوو، کوڕێك بەسەر پاسکیلەوە، پیرەپیاوێك کە سەگەکەی خۆی دەگەڕێنێت، بیانییەکی گەنج کە سێ چارەکێکی وەرزشی لەپێدا بوو، لە رادیۆیەکی گەورەوە لەسەر چیمەنەکە دەنگی مۆسیقامان دەبیست. ئاوازێکی هەستبزوێن دەربارەی عەشقێکی لەدەستچوو. لەبەر خۆمەوە وتم من پێشتر ئەم گۆرانییەم بیستووە، بەڵام دڵنیا نەبووم. رەنگە تەنها لەیەکێك لەو گۆرانیانە چووبێت کە من پێشتر بیستبووم. دەمتوانی تیشکی خۆر لە سەری قۆڵی رووتی خۆم هەست پێ بکەم. ئێرە هاوین بوو.

نازانم بۆچی دەبێت پوورێکی هەژار لەدوای نیوەڕۆیەکی یەکشەممەدا دڵم داگیر بکات. لەو نزیکانە هیچ پوورێکی هەژار نەدەبینرا، هیچ شتێکی لێ نەبوو کە ببێت بەهۆی ئەوەی من پوورێکی هەژار لە زەینی خۆمدا وێنا بکەم، بەڵام پوورێکی هەژار بە مێشکمدا هات و دواتر رۆیشت. خۆزگە تەنها یەك لە سەدی چرکە لە زەینمدا دەمایەوە. کە رۆیشت بۆشاییەکی سەیری لە چەشنی مرۆڤێك

لەدوای خۆی بەجێهێشت. وەك ئەوەی كەسێك بە خێرایی لەلای دەلاقەیەكەوە ڕەتبووبێت، بەرەو دەلاقەكە هەڵاتم و لە پەنجەرەكەوە سەرم بردە دەرەوە، بەڵام كەسی لێ نەبوو.

پوورێكی هەژار؟

بابەتەكەم لە گەڵ هاوڕێكانم باس كرد بۆئەوەی رای ئەو بزانم: "دەمەوێت شتێك دەربارەی پوورێكی هەژار بنووسم".

هاوڕێكەم تۆزێك سەری سووڕما و پرسی: "پوورێكی هەژار؟ باشە بۆ پوورێكی هەژار؟"

خۆشم نەمدەزانی بۆچی. بە هەندێ هۆ ئەو شتانەی سەرنجمیان بۆ لای خۆیان رادەكێشا، لێیان تێ نەدەگەیشتم، تەنها قامكم بەرەو ئەو بۆشاییەی دەروونم كە لە مرۆڤ دەچوو، راكێشا.

هاوڕێكەم وتی: "لام وا نییە كەس پێی خۆش بێت چیرۆكی پوورێكی هەژار بخوێنێتەوە".

وتم: "بەڵێ، تۆ راست دەكەی. چیرۆكێكی سەرنجڕاكێشی لێدەرناچێت بۆ خوێندنەوە".

"ئەی باشە بۆچی دەتەوێ چیرۆكێكی وا بنووسیت؟"

وتم: "بە وشە ناتوانم زۆر باش دەریببڕم. بۆئەوەی كە بڵێم بۆچی دەمەوێت چیرۆكێك دەربارەی پوورێكی هەژار بنووسم دەبێت خودی چیرۆكەكە بنووسم. كە نووسینەكە تەواوبوو ئیتر پێویست ناكات بڵێم بۆچی دەمەوێت چیرۆكێكی وا



بنووسم، یان ئەوەی پێویست دەكات هەمدیسان شی بكەمەوە بۆچی ئەم كارە دەكەم؟

هاوڕێكەم پرسی: "لەناو خزمەكاندا پوورێكی هەژار هەیە؟"

وتم: "نا، تەنانەت یەك كەسیشی لێ نییە".

"ئێ، من هەمە. پوورێكم هەیە. تەنانەت چەند ساڵێكیش لەگەڵیدا ژیاوم".

چاوم بڕییە چاوی هاوڕێكەم، وەك هەمیشە ئارام و لەسەرخۆ بوو.

هاوڕێكەم درێژەی پێداو وتی: "بەڵام حەز ناكەم لە بارەیەوە بنووسم. حەز ناكەم تەنانەت وشەیەكیش دەربارەی ئەو پوورەم بنووسم".

لەم ساتەدا گۆرانییەكی تر لە رادیۆكەوە بڵاوبووەوە، ئەم گۆرانییە زۆر لە گۆرانی یەكەم دەچوو، بەڵام بەبیرم نەدەهاتەوە.

"تۆ تەنانەت پوورێكی هەژارت نییە، بەڵام دەتەوێت چیرۆكێك دەربارەی پوورێكی هەژار بنووسیت. لە حاڵێكدا من پووری هەژارم هەیە و نامەوێت دەربارەی بنووسم".

سەرم راوەشاند: "نازانم بۆچی".

هاوڕێكەم سەری راوەشاند، بەڵام هیچی نەگوت. لە حاڵێكدا پشتی لێ كردبووم قامكە ناسكەكانی دا بەدەم ئاوەكەوە. وەك ئەوەی پرسیارەكەم لە قامكەكانییەوە بچێتە خوارەوە بەرەو وێرانەشارێك كە لەژێر ئاوەكەدا بوو.

نازانم بۆچ. نازانم بۆچ. نازانم بۆچ.

هاوڕێكەم وتی: "ئەوەی راستی بێت هەندێ شت هەیە دەربارەی ئەو پوورە هەژارە، كە نامەوێت پێت بڵێم، بەڵام ناتوانم وشەی گونجاو بدۆزمەوە. ناتوانم ئەم

کاره بکەم لەبەرئەوەی پوورێکی هەژار دەناسم". لێوی خۆی گەست. "ئەستەمە. زۆر دژوارتر لەوەی بیری لێ بکەیتەوە".

جارێکی تر چاوم بڕییە یۆنیکۆرنە برۆنزییەکان، سمەکانی پێشەوەیان هاتبووە دەرەوە، چما نارەزایەتییان دەردەبڕی بۆچی تێپەڕینی کات جێی هێشتوون. هاوڕێکەم قامکە تەڕەکانی بە چاکی کراسەکەی وشك کردەوە و وتی: "تۆ دەتەوێت دەربارەی پوورێکی هەژار بنووسیت. نازانم تۆ کە پووری هەژارت نییە، دەتوانیت ئەم کارە بکەی، یان نا".

من هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشا.

هاوڕێکەم وتی: "داوای لێبووردن دەکەم".

وتم: "نا، کێشەیەك نییە. رەنگە تۆ راست بکەی".

راستیشی دەکرد.

ئاخ. وەك شیعرەکانی گۆرانییەك.

رەنگە ئێوەش لە بنەماڵەکەتاندا پوورێکی هەژارتان نەبێت. ئەمە یانی خاڵێکی هاوبەش، بەڵام خۆ پوورێکی هەژارتان لە زەماوەندی کەسێکدا بینیوە. وەك چۆن لەناو رەفەی هەر کتێبخانەیەکدا کتێبێك هەیە کە نەخوێندراوەتەوە و لە هەرکەنتۆرێکدا کراسێك هەیە کە نەکراوەتە بەر، هەموو زەماوەندێکیش پوورێکی هەژاری تێدایە.

کەس زەحمەتی ئەوە نادات بە خۆی بیناسێنێت. کەس لەگەڵیدا قسە ناکات. کەس بانگهێشتی ناکات بۆئەوەی لە زەماوەندا وتار بدات. ئەو تەنها لەپشت مێزێك دادەنیشێت، وەك بتڵێکی بەتاڵی شیر. لە حاڵێکدا دڵشکاو و نیگەران



لەوێ دانیشتووە و ئارام ئارام سووپەکەی خۆی دەخواتەوە. بە چەتاڵی ماسی زەڵاتەکەی دەخوات و کە دۆندرمە دێنن، ئەو تەنها کەسێکە کەوچکی نییە.

هەرجارەی کە تەماشای ئەلبوومی زەماوەند دەکەن وێنەی ئەو پووره هەژارە دەبینن، وێنەی وەك تەرمێکی خنکاو شادی هێنەرە.

"ئازیزەکەم ئەو ژنەی لە ریزی دووەمدایە و چاویلکەی لە چاوە، ئەوە کێیە؟"

مێردە گەنجەکە دەڵێت: "لەبیری کە، کەس نییە. پوورمە. پوورێکی هەژار".

ناوی نابات. تەنها دەڵێت پوورێکی هەژار.

هەڵبەت هەموو ناوەکان ون دەبن. کەسانێك رێك هەمان ئەو کاتەی دەمرن ناویان دەسڕدرێتەوە. کەسانێکیش وەك تەلەفیزیۆنێکی کۆنە تەنها تەرزە دەکات تا ئەو کاتەی تەواو دەسووتێن. کەسانێکیش پێش ئەوەی بمرن ناویان دەسڕدرێتەوە، واتە پووره هەژارەکان. منیش هەندێ جار وەك ئەم پووره هەژارە، بێ ناو دەبم.

روودەدات لە قەرەباڵغی وێستگەیەکی شەمەندەفەر، یان فڕۆکەخانە، ئەو شوێنەی بۆی دەڕۆم، ناوم و ناونیشانەکەشم لەبیر دەکەم، بەڵام ئەم شتە زۆر ناخایەنێت. ئەوپەڕی پێنج یان دە چرکە.

هەندێ جاریش ئەو رووداوە روو دەدات: کەسێك دەڵێت: "ناوتم لەبیر چووەتەوە".

"کێشەیەك نییە. خۆت تێك مەدە. ناوی من ئەوەندەش ناسراو نییە".

ئاماژە دەدات بۆ دەمی خۆی و دەڵێت: "بەخوا ناوت لەسەر زمانم بوو".

هەست دەکەم کردوومیانە بە ژێر خۆڵەوەو و نیوەی پای چەپم بەدەرەوەیە. خەڵك لەسەر پای چەپمەوە رەت دەبن و دواتر داوای لێبووردن دەکەن". بەخوا لەسەر زمانمە".

ناوە ونبووەکان بۆ کوێ دەڕۆن؟ ئەگەرێکی کەمی هەیە لە تونـاوتوونی شارێکدا بەردەوام بن و بمێننەوە. بەمەشەوە رەنگە هەندێ ناویش هەبن کە بتوانن بەردەوام بن و رێگای خۆیان بەرەو شاری ناوە ونبووەکان بدۆزنەوە و لەوێ کۆمەڵگایەکی بچووك و ئارام رێك بخەن، شارێکی بچووك کە لەسەر تابلۆی دەروازەکەی نووسراوە: "ئەگەر ئیشت نییە مەیە ناوەوە و هاتنە ناوەوەت قەدەغەیە". ئەوانەی کارێکیان نەبێت و رووبکەنە ئەم شارە تەمبێ دەکرێن، تەمبێیەکی بچووك و گونجاو.

رەنگە لە بەرئەمەشە تەمبێیەکی بچووکیان بۆ دیاری کردووم. پوورێکی هەژار و بچووك بەستراوە بە کۆڵمەوە.

یەکەم جار کە زانیم ئەم پوورە هەژارە بەستراوە بەکۆڵمەوە، ناوەڕاستی مانگی ئۆگۆست بوو. بێئەوەی رووداوێکی سەیر رووبدات زانیم بەستراوە بەکۆڵمەوە. هەر لەخۆڕا رۆژێك هەستم کرد بەستراوە بەکۆڵمەوە. پوورێکی هەژار بەکۆڵمەوە بوو. هەستێکی ناخۆش نەبوو. زۆر قورس نەبوو. هەناسەی بۆنی ناخۆشی لێ نەدەهات. تەنها بەسترابوو بەکۆڵمەوە، وەك سێبەرێك. تەنانەت بۆئەوەی خەڵك بتوانن بەکۆڵمەوە بیبینن ناچار بوون خۆیان بخەنە ئەزیەتەوە. ئەو پشیلانەی لە ئەپارتمانەکەمدا بوون چەند رۆژی یەکەم بەگومانەوە لێیان دەڕوانی، بەڵام هەرکە



زانیان ئەو پوورە هەژارە سنوورەکانی بۆ دیاری نەکردوون، زۆر زوو لە گەڵی راهاتن.

دەبوو بەهۆی ئەوەی هەندێ لە هاوڕێکانم تووشی دڵەڕاوکە بن و تووڕە بن. بۆ وێنە لەگەڵ هاوڕێکانم دادەنیشتین لەسەر مێزێك و خواردنەوەمان دەخواردەوە، لەو کاتەدا ئەو لەسەر شانەکانمەوە تەماشامانی دەکرد.

یەکێك لە هاوڕێکانم وتی: "مێشکی تێك داوم".

"نیگەران مەبە. ئەو سەرقاڵی کاری خۆیەتی. کاری بە کەس نییە".

"دەزانم، بەڵام نازانم... دەبێت بەهۆی ئەوەی ئینسان تووشی خەمۆکی بێت".

"کەوایە هەوڵ بدە تەماشای نەکەی".

"بەڵێ، چاکتر وایە ئەم کارە بکەم". دواتر هەناسەیەك هەڵدەکێشێت. "بۆئەوەی شتێکی وات بەکۆڵەوە بێت دەبێت بۆ کوێ بڕۆیت".

"بۆئەوەی ئەوم بەکۆڵەوە بێت بۆ هیچ کوێ نەچووم. تەنها بیرم لە هەندێ شت کردەوە. هەر ئەمە".

هاوڕێکەم سەری راوەشاند و جارێکی تر هەناسەیەکی هەڵکێشا و وتی: "لام وایە دەزانم چی دەڵێی. تۆ کارەکتەرت بەجۆرەیە. هەموو دەم وابووی".

"ئ. هم".

بێئەوەی زۆر گرنگی بەم بابەتە بدەین خواردنەوەکەمان خواردەوە.

من وتم: "بڵێ بزانم. چی بووە بەهۆی خەمۆکیبوونت".

"نازانم. وەك ئەوە وایە دایکم چاودێریم دەکات".

بەپێی وتەی خەڵکانی تر (چونکە خۆم نەمدەتوانی ببیینم) ئەو شتەی بەکۆڵمەوە بوو، پووریکی هەژار نەبوو کە فۆڕمێکی نەگۆڕی ببێت: وادیارە فۆڕمی جەستەی بەپێی ئەو کەسایەتییەی لە بەردەمیدابوو، دەگۆڕدرا، وەك ئەوەی شتێکی ئەفسووناویی بێت.

لەچاوی یەکێك لە هاوڕێکانم لە سەگەکەی دەچوو کە پار پاییز بەهۆی شێرپەنجەی گەدەوە مرد.

"هەڵبەت کۆتاییەکانی تەمەنی بوو. پازدە ساڵی تەمەن کردبوو، بەڵام ئەو بەستەزمانە زۆر خراپ مرد".

"شێرپەنجەی گەدە".

"ئەرێ. ئازاری زۆرە. بەس دەیقرووسکاندەوە، هەرچەند لەم دواییانەدا ئیتر دەنگیشی دەرنەدەهات. دەمویست بیخەوێنم، بەڵام دایکم نەیدەهێشت".

"بۆچی؟"

"نازانم. بۆ دوو مانگێك سەگەکەمان بە بۆری خواردن زیندوو راگرت، لەناو مەخزەنەکەدا. بۆگەنێکی پیسی هەبوو".

بۆ ساتێك بێدەنگ بوو

"سەگێکی زۆر باشیش نەبوو. لە سێبەرەکەی خۆشی دەترسا. هەرکەس نزیك دەبووەوە لێی پێی دەوڕی. بەڕاست حەیوانێکی بێکەڵك بوو. وەڕە وەڕی زۆربوو، گەڕیش ببوو".

سەرم لەقاند



"دەبوایە بەجێگای سەگ ببوایە بە سیسرك، ئەو کات دەیتوانی هەرچەندە پێی خۆشە دەنگەدەنگ بکات. شێرپەنجەی گەدەشی نەدەگرت.

بەڵام ئەو هێشتا بەکۆڵمەوە بوو، سەگێك بە بۆرییەکی پلاستیکییەوە کە لە دەمییەوە شۆڕ کرابووەوە.

پوورە هەژارەکەم بەلای دەلاڵێکی مامەڵەی خانووەوە کە ناسراوی منیش بوو، لە یەکێك لە مامۆستاکانی سەردەمی سەرەتایی دەچوو.

لە حاڵێکدا بە خاولییەکی گەورە خەریکبوو عارەقی دەموچاوی دەسڕی وتی: "وابزانم ساڵی ١٩٥٠ بوو، ساڵی یەکەمی جەنگی کۆریا و ژاپۆن. دوو ساڵ بەدوای یەکدا مامۆستامان بوو. وەك ئەوەی هەر بە بەرچاومەوە بێت. هەڵبەت ئەوە نییە بیرم کردبێت. لەڕاستیدا تەواو فەرامۆشم کردبوو".

بەو شێوەیەی ئەو چاییەکەی بۆ هێنام زانیم لای وابووە من خزمی ئەو مامۆستایەی سەردەمی منداڵی ئەوم.

"ژیانێکی دڵتەزێنی هەبوو. هەر ئەو ساڵەی زەواجی کرد مێردەکەیان نارد بۆ سەربازیی. مێردەکەی سواری پاپۆڕێکی گواستنەوە ببوو، کوتوپڕ بمم! وابزانم ساڵی ١٩٤٣ بوو. مامۆستاکەی ئێمەش دوای ئەو رووداوە تەنها لە قوتابخانە وانەی دەوتەوە. لە هێرشی ئاسمانی ساڵی ١٩٤٤ بەتوندی بریندار بوو. لای چەپی لە دەموچاوییەوە تا دەستی سووتا". دواتر بە ئاماژەی دەستی نیشانی دا لەکوێوە بۆ کوێی. دواتر کووپە چاییەکەی خۆی خواردەوە و جارێکی تر عارەقەی دەموچاوی سڕی و درێژی پێدا و وتی: "ئەو ژنە بێچارە. تا بەر لەو رووداوە

ژنێکی جوان بوو. ئەو رووداوە کەسایەتییەکەی گۆڕی. ئەگەر ئێستا زیندوو بێت و نەمردبێت رەنگە هەشتا ساڵی تەمەن بێت".

هاوڕێکانم دانەدانە لێم دوور دەکەوتنەوە، وەك دەنکەکانی شانەیەك کە لەیەکتر جیادەبنەوە. دەیانگوت: "کەسێکی خراپ نییە، بەڵام حەزناکەم هەرکات دەیبینم، دایکە پیر و خەمۆکییەکەم (یان سەگێك کە بەهۆی شێرپەنجەی گەدەوە مردووە، یان مامۆستا ژنەکەم کە بەهۆی سووتانەوە برینێك لەسەر دەموچاوی بوو) بێتەوە بەرچاوم.

هێدی هێدی خەریکبوو ئەو هەستە دەستی پێدەدام کە دەبم بە کورسی پزیشکی ددان، کەس لە کورسی پزیشکی ددان بێزار نییە، بەڵام لە هەمانکاتدا هەمووان لێی هەڵدێن. ئەگەر لەسەر شەقام کوتوپڕ هاوڕێکانم دەبینی، ئەوان دەستبەجێ بە بیانوویەك لێم دوور دەکەوتنەوە. یەکێك لە هاوڕێکانم بەوپەڕی دژواری و راستگۆیانەوە دانی پێدا نا: "نازانم. لەم دواییانەدا پیاسەکردن لەگەڵ تۆ کارێکی زۆر دژوارە. لام وایە ئەگەر بە کاڤەری چەترێك پشتت داپۆشیت زۆر باشترە".

کاڤەری چەترێك.

لە حاڵێکدا هاوڕێکانم لێم دوور دەکەوتنەوە، رۆژنامەنووسەکان وازیان لێ نەدەهێنام، هەر دوو رۆژ جارێك دەهاتن و بەرۆکیان دەگرتم، رەسمی من و پوورمیان دەگرت، کە رەسمەکەی پووریشم جوان دەرنەدەچوو، سکاڵایان دەکرد. بەردەوام پرسیاری بێماناشیان لێدەپرسیم. سەرەتا هیواداربووم ئەگەر هاوکارییان



بکەم دەتوانن وا بکەن من بە شتێکی تازە بگەم دەربارەی پوورم، بەڵام ئەوان تەنها ماندوو و بێزاریان کردم.

جارێك لە پرۆگرامێکی بەیانیانی تەلەفیزیۆن منی نیشان دا. کاتژمێر شەشی بەیانی لەناو نوێنی خەوەکەم هێنایانمە دەرەوە، بە ئۆتۆمبێل بردیانم بۆ ستۆدیۆیەکی تەلەفیزیۆنی، قاوەیەکی تاڵیان بۆ تێکردم. کەسانێکی سەیر و سەمەرە کاری سەیر و سەمەرەیان دەکرد. بیرم لەوە کردەوە هەڵبێم، بەڵام تا هاتم هەڵبێم پێیان گوتم ئیتر کاتی بەرنامەکەیە. کە بەرنامەکە دەستی پێکرد، بێژەری بەرنامەکە کەسێك هیچ و پووچی سووکی لەخۆبایی بوو کە بەردەوام هەڵدەشاخا بە هاوکارەکانیدا، بەڵام هەرکە چراسوورەکە هەڵبوو، بوو بە کەسێکی دەم بەپێکەنین و رووخۆش و وریا. هەمان ئەو کەسە باشە تەمەن مامناوەندەی کە ئێوە خۆشتان دەوێت.

روو بە کامێراکە وتی: "ئێستا کاتی بەرنامەی هەموو بەیانیەکە لەگەڵ ئێوەدا: "چی تازە روویداوە". میوانی ئەمڕۆی ئێمەی بەڕێز...ە. ئەو رۆژێك کوتوپڕ زانی پوورێکی هەژار بەکۆڵییەوەیە. ئەمە کێشەیەکی سادە نییە و تا ئێستا شتی لەوجۆرە بۆ کەس روونەداوە. هەربۆیە من لێرە لە میوانەکەمان دەپرسم چۆن ئەم رووداوە روویداوە بۆی و تا ئێستا رووبەرووی چ کێشەگەلێك بووەتەوە". دواتر روویکردە من و پرسی: "ئاخۆ پێت ناخۆش نییە بەوەی پوورێکی هەژار بەکۆڵتەوەیە و هەستێکی ناخۆشت نییە".

من وتم: "نا، بەهیچ شێوەیەك هەست بە ناڕەحەتی ناکەم و پێم ناخۆش نییە. ئەو کێشێکی وای نییە و ناچار نیم خواردنی پێبدەم".

"هەست بە ئازاری کەمەر ناکەیت؟"

"نا، بە هیچ شێوەیەك".

"کەی زانیت لکاوە بەکۆڵتەوە؟"

من بە کورتی بەسەرهاتی ئەو دوانیوەڕۆیەم بۆ گێڕابووەوە کە چووبوومە لای حەوزەکە و تەماشای یۆنیکۆرنەکانم دەکرد، بەڵام ئەو بە هیچ شێوەیەك لە قسەکانم تێنەگەیشت.

سینەی ساف کرد و وتی: "واتە بە دەربڕینێکی تر، تۆ لای حەوزە دانیشتبووی و ئەویش لە حەوزەکەدا خۆی شاردبووەوە و دواتر کوتوپڕ بازی دا و هاتە سەرکۆڵت و بووە بە خاوەنی پشتت، راستە؟

سەرم بە هێمای جوابی نا جووڵاند و وتم: نا، وەها نەبوو.

چۆن ئێژنم دابوو بمهێننە شوێنێکی وەها؟ ئەوان تەنها بە شوێن گاڵتەکردن و چیرۆکی ترسێنەرەوە بوون.

هەوڵم دا شی بکەمەوە: "ئەم پوورە هەژارە رۆح نییە. ئەو لە هیچ کوێ "بەدزییەوە و بێ چرپە" ڕێ ناکات و "خاوەن"ی کەسیش نییە. ئەم پوورە هەژارە تەنها "وشە"یە، تەنها وشە".

کەس وەڵامی نەداوە. دەبوایە زۆرتر شیم کردبایەتەوە. وشەیەك وەك ئیلکترۆدێك[3] وایە کە پێوەند دەدرێت بە زەینەوە. ئەگەر بەردەوام بزوێنەرێکی بۆ بنێرێ بە دڵنیاییەوە کارلێکی دەبێت و کاریگەری دەبێت. هەڵبەت کارلێکی هەرکەسەو

٣- مادەیەکە کە کارەبا دەگوازێتەوە لە میتالێکەوە کە کارەبا دەگوازێتەوە بۆ بەشێك کە میتاڵ نییە، واتە کارەبا تێیدا گوزەر ناکات.



لەگەڵ کەسی تر جیاوازە، کارلێکی من شتێك بوو وەك بوونێکی سەربەخۆ. ئەو شتەی کە من لکاندوومە بە پشتمەوە لە راستییدا دەستەواژەی "پوورە هەژارەکە"یە، تەنها دوو وشە، نە مانایەکی هەیە و نە فۆڕمێکی فیزیایی. ئەگەر بڕیاربایە ناوێکم لێنابا پێم دەگوت تابلۆی وێنەکێشراو یان شتێکی لەو جۆرە".

وادیاربوو بێژەرەکە سەری لێشێوابوو. وتی: "تۆ دەڵێیت هیچ مانا و فۆڕمێکی نییە، بەڵام ئێمە دەتوانین ئەو شتەی کە لەسەر پشتتە زۆر بەڕوونی بیبینین... وێنەیەکی واقیع و روون و ئاشکرا لەسەر پشتت. ئەم وێنەیە بۆ هەموومان مانایەکی هەیە".

شانم هەڵتەکاند و وتم: "ئێ وایە، ئەمە کارکردی هێماکانە".

لەم کاتەدا یاریدەدەرەی بێژەرەکە کە ژنێکی گەنج بوو بەو هیوایەی بتوانێت تاڕادەیەك کەشەکە ئارام بکاتەوە، هاتە ناو باسەکەوە: "زۆر باشە، بەوپێیە تۆ هەرکات بتەوێت دەتوانیت ئەم وێنەیە یان بوونەوەرە، یان هەرشتێکی تر کە لەسەر پشتتانە، لە پشتتانی بکەنەوە".

وتم: "نا، ناتوانم. کە شتێك دێتە بوون، بێ ئەوەی بمەوێت یان نەمەوێت، درێژە بە ژیانی خۆی دەدات. هەروەك بیرەوەرییەك وایە، بیرەوەرییەك کە دەتەوێت فەرامۆشی بکەیت، بەڵام ناتوانیت".

ژنە درێژەی بە قسەکانی خۆی دا، وەك ئەوەی قانع نەبووبێت: "ئەو رەوتەی تۆ ئاماژەی پێدەدەیت، ئەوەی وشەیەك دەکەی بە رەمزێکی وێنایی، ئاخۆ منیش دەتوانم ئەم کارە بکەم؟"

"نازانم ئەگەر تۆش ئەم کارە بکەیت تا چەندە سەرکەوتوو دەبێت، بەڵام بەپێی بنەماکان تۆش دەتوانیت ئەم کارە بکەیت".

لەم کاتەدا بێژەری سەرەکی بەرنامەکە هاتە ناوباسەکەوە: "دەتەوێت بڵێیت من ئەگەر هەموو رۆژێك وشەی "وێناکراو" دووپات بکەمەوە وێنەی وشەی "وێناکراو" رەنگە لەسەر کەمەرم دەرکەوێت؟

من وەك ئۆتۆمبێل وشەکەی پێشترم دووپات کردەوە. "رەنگە لانیکەم ئەم شتە رووبدات". رووناکی گڵۆپە رەنگ هەڵبزرکاوەکان و هەوای خاوێن نەکراوەی ستۆدیۆکە خەریك بوو تووشی سەرئێشەی دەکردم.

بێژەری بەرنامەکە بەجەسارەتەوە وتی: "وشەی "وێناکراو" چ فۆرمێکی هەیە؟ بە وتنی ئەم وتەیە ژمارەیەك لەوانەی لە ستۆدیۆکەدا بوون، دەستیاندایە پێکەنین.

وتم نازانم. حەزم نەدەکرد بیر لەو شتە بکەمەوە. هەر ئەم پوورە هەژارە بۆ حەوت پشتم بەس بوو. هیچکامیان گرنگییان بەم بابەتە نەدەدا. تەنها شتێك بۆیان گرنگ بوو، ئەوە بوو باسەکە تا ریکلامی بازرگانی دواتر درێژە پێ بدەن.

هەموو جیهان شانۆگەرییەکی گاڵتەجارانەیە. لە درەوشانەوەی ستۆدیۆیەکی تەلەفیزیۆنییەوە بگرە تا تاریکی پڕ حەزینی کۆخی خەڵوەنشینێك لە جەنگەڵدا، ئەنجامی هەموو ئەم شتانە یەك شتە. من بە رێکردن لەم دونیا لێبووکییەدا لە حاڵێکدا پوورێکی هەژارم لەسەر پشت بوو، خۆم رەنگکردبا، ئیشەکەم ئاسانتر دەبوو. دەمتوانی هەرمانگێك دوو جار رەنگێکی تازەی لێ بدەم و لەگەڵ خۆم ببیەم بۆ میوانی.

بۆ وێنە کەسێك دەیگوت: "ئێ، کاڤەری چەترەکەت ئەمجارە پەمەییە!"



منیش وەڵامم دەدایەوە: "ئەرێ. حەفتەی داهاتوو دەمەوێت رەنگی سەوزی لێ بدەم".

بەڵام بەداخەوە ئەو شتەی بە پشتی منەوە بوو کاڤەری چەتر نەبوو، بەڵکو پوورێکی هەژار بوو. بە تێپەڕینی کات خەڵك ئیتر گرنگییان بە من و پوورە هەژارەکەم نەدەدا. هاوڕێکەم راستی دەکرد. کەس حەزی بە دیتنی ئەو پوورە هەژارەم نەدەکرد.

هاوڕێکەم وتی: "لە تەلەفیزیۆن بینیتم". جارێکی تر لە تەنیشت ئەو حەوزە دانیشتبووین. سێ مانگ دەبوو نەمدیبوو. سەرەتای پاییز بوو. کات بە خێراییەکی زۆر تێپەڕیبوو. هیچکات وانەبوو بۆ ماوەیەکی ئەوەندە زۆر یەکتر نەبینین.

: "تۆزیك ماندوو دیار بووی".

"بەڵێ، ماندوو بووم".

"بەڵام خۆت نەبووی".

سەرم لەقاند. راستی دەکرد: من خۆم نەبووم.

هاوڕێکەم بەردەوام سێ چارەکەکەی لەسەر ئەژنۆکانی دەق دەکرد و دەیکردەوە.

"کەوایە سەرەنجام توانیت دەستت بە پوورە هەژارەکەت رابگات".

"ئەری".

پێکەنی. ئەو خەریك بوو دەستی بە سێ چارەکەکەیدا دێنا وەك ئەوەی دەست بە پشتی پشیلەیەکدا بێنێت.

"ئێستا باشتر لێی تێدەگەی".

"بەڵێ، تا رادەیەك لام وایە باشتر لێی تێدەگەم".

: "ئەم شتە یارمەتی داویت شتێك بنووسیت؟"

سەرم بە ئارامی لەقاند. وتم: "نا. ئەوەی راستی بێت هەر تاقەتی نووسینم نییە. رەنگە ئیتر هیچکات نەتوانم بنووسم".

هاوڕێکەم بۆ چەند ساتێك بێدەنگ بوو.

سەرەنجام وتی: "بیرۆکەیەکم هەیە. چەند پرسیارێکم لێ بپرسە. هەوڵ دەدەم یارمەتیت بدەم".

: "وەك کەسێك کە زانیاری هەیە دەربارەی پوورە هەژارەکەم؟"

زەردەخەنەیەك نیشتە سەر لێوی و وتی: """ئە... ها. کە وایە دەست پێ بکە. من هەر ئێستا هەست دەکەم حەزدەکەم وەڵام بدەمەوە بە کۆمەڵێك پرسیار دەربارەی ئەم پوورە هەژارە. رەنگە دواتر نەتوانم وەڵامیان بدەمەوە".

نەمدەزانی لە کوێوە دەست پێ بکەم.

وتم: "هەندێ جار لە خۆم دەپرسم چۆن مرۆڤگەلێك دەبن بە پوورێکی هەژار. ئاخۆ وەك پوورێکی هەژار لەدایك دەبن؟ یان ئەوەتا بۆئەوەی ببن بە پوورێکی هەژار، دۆخێکی تایبەت پێویستە؟ ئاخۆ جۆرێك ڤایرۆسی تایبەت هەیە مرۆڤ بکات بە پووری هەژار؟

هاوڕێکەم چەند جار سەری لەقاند وەك ئەوەی دەیویست بڵێت پرسیاری زۆر باشم پرسیوە.

وتی: "وەڵامەکەی هەردوو بابەتەکە دەگرێتەوە کە باست کرد. پوورە هەژارەکان لە یەك جۆرن".



"لە یەك جۆر؟"

"ئە... ها. تۆ تەماشا. پوورێکی هەژار رەنگە لە منداڵیشدا هەر پوورێکی هەژاربووبێت. لەڕاستیدا هەر گرنگیش نییە. بە ملیۆن هۆکار بۆ هەر شتێك بوونی هەیە لەم دونیایەدا. بە ملیۆن هۆکار بۆ مەرگ و بە ملیۆن هۆکار بۆ ژیان. بە ملیۆن هۆکار بۆ باسکردنی هۆکارەکان. هۆکاری ئاسان، بەڵام ئەو هۆکارەی بە شوێنیەوەیت یەکێك نییە لەو هۆکارانە، وایە؟"

"نا، لام وانییە".

"ئەو پوورە هەژارە بوونی هەیە. پوورە هەژارەکەت بوونی هەیە. تۆ دەبێت لەگەڵ ئەم راستییەدا رابێیت. پوورێکی هەژار هەر بەجۆرەیە. ئەوەی کە بوونی هەیە هۆیەکە بۆ بوونی ئەو. هەر وەك ئێمە. ئێمە لەم ساتەدا لەم شوێنەین و بوونمان هەیە بێ ئەوەی هیچ هۆیەکی تایبەتی هەبێت".

بۆ ماوەیەکی زۆر لای حەوزەکە دانیشتین. هیچکاممان نە جووڵەیەکمان دەکرد و نە متەقمان لێوە دەهات. رووناکی درەوشاوەی خۆری پاییز لەسەر دەموچاوی هاوڕێکەم سێبەری خستبوو.

وتی: "ئێ، ناتەوێ بزانی چی بە پشتتەوە دەبینم؟"

"چی دەبینی؟"

بە پێکەنینەوە وتی: "هیچ نابینم. تەنها خۆت دەبینم".

وتم: "سوپاست دەکەم".

هەڵبەت کات هەموو کەس داگیر دەکات. بەڵام ئەو لێدانەی ئێمە دەمانخوارد بەشێوەیەکی سەیر خۆش بوو. ژمارەیەکی زۆر کەممان بەوەمان دەزانی لێدان

دەخۆین، بەڵام جەستەی پوورە هەژارەکەمان دەبینین و ئەمە ئەو زولمەیە تێپەڕینی کات لێمانی دەکات. پوورە هەژارەکەیان وەك پرتەقاڵێك کە ئاوەچن دەکرێت، چرچ و لۆچ ببوو، بەشێوەیەك کە دڵۆپێك ئاوی تێدا نەمابێت. ئەو شتەی ببوو بەهۆی ئەوەی من ئەم پوورە هەژارەم خۆشبوێت کامڵبوونی ئەم پوورە بوو، کەماڵی ڕەها کە لەودا بوو.

وەك تەرمێك کە خرابێتە ناو سەلاجەیەکی سرووشتییەوە، سەلاجەیەکی زۆر گەورەی سرووشتی کە سەهۆڵەکانی لە کانزا دەچێت. ئەگەر دە هەزار ساڵ خۆری لێی بدات ئەوکات وەها سەلاجەیەکی سرووشتی دەتوێتەوە، بەڵام هیچ پوورە هەژارێك ناتوانێت دە هەزار ساڵ بژی، ئەو دەبێت بەوپەڕی کەماڵەوە بژی، بە کەماڵەوە بمرێت، بە کەماڵەوە بنێژرێت.

کۆتاییەکانی پاییز بوو، پوورە هەژارەکە پشتمی بەجێهێشت. کەوتمەوە بیری چەند نووسراوەم کە دەبا بەر لە دەستپێکردنی پاییز تەواوم کردبان، لەحاڵێکدا پوورە هەژارەکەم لەسەر کۆڵ بوو سواری یەکێك لە شەمەندەفەرەکانی دەرەوەی شار بووم. شەمەندەفەرەکە وەك سەرجەم شەمەندەفەرەکانی دەرەوەی شار چۆڵ بوو. دوای ماوەیەکی زۆر ئەمە یەکەمجار بوو سەفەرم دەکرد بۆ دەرەوەی شار و بینینی ئەوەی کە دیمەنەکان بە بەرچاومەوە تێدەپەڕن، زۆرخۆش بوو. هەوا ساف و خاوێن بوو، لێرەو لەوێ بە درێژایی ڕێگای ئاسنەکە کۆمەڵە درەختێکی بچووك بوونی هەبوو لەگەڵ تووترکی سوور و درەوشاوە.

لە کاتی گەڕانەوەم لەوبەری ڕێڕەوی ناو شەمەندەفەرەکە، ژنێکی باریکەی سیوپێنج سیوشەش ساڵە لەگەڵ دوو منداڵی دانیشتبوو. منداڵە گەورەترەکەی،



کچێك بە جلی مەلەکردنەوە و کڵاوێکی خوری خۆڵەمێشییەوە بە گوڵێنگی سوورەوە کە جلی تایبەتی باخچەی منداڵان بوو- لای چەپی دایکەوە دانیشتبوو. لای ڕاستی دایکییەوە کوڕێك لەوە دەچوو سێ ساڵان بێت، دانیشتبوو. دایك و منداڵەکەی شتێکی تایبەتیان پێ نەبوو کە سەرنجڕاکێش بێت. ڕووخسار و جلەکانیان زۆر ئاسایی بوو. دایکەکە پاکەتێکی گەورەی بەدەستەوە بوو. ماندوو دیاربوو، بەڵام زۆربەی دایکەکان ماندوو دیارن. هەرنەمزانی کەی سواری شەمەندەفەرەکە بوون.

دوای ماوەیەك دەنگی کچە بچووکەکە لەوبەری ڕێڕەوەکەوە بەرزبووەوە. لە دەنگی کچەکەدا دڵەڕاوکەیەك هەست پێدەکرا کە نیشانەی ئەوە بوو کە دەپاڕێتەوە.

دواتر دەنگی دایکەکەم بیست بە کچەکەی وت: "پێم وتی لەناو شەمەندەفەر ئارام دانیشە!" گۆڤارێکی کردبووەوە و دەیخوێندەوە و حەزی نەدەکرد واز لە خوێندنەوەی بێنێت.

کچەکە وتی: "بەڵام دایە تۆ سەیر بکە چی دەکات لە کڵاوەکەم".

"بێدەنگ بە!"

کچەکە وەك ئەوەی بیەوێت شتێك بڵێت، بەڵام وشەکانی قووت دا. کوڕەکە چنگی گیرکردبوو لە کڵاوەکەی و بە مەبەستی دڕینی ڕایدەکێشا. کچەکە خۆی درێژ کردەوە بۆئەوەی کڵاوەکەی لە دەست براکەی بفڕێنێت، بەڵام کوڕە چکۆلەکە خۆی کێشایە دواوە بۆئەوەی دەستی خوشکی بە کڵاوەکە نەگات.

کچەکە کە خەریك بوو دەست بکاتە گریان وتی: "خەریکە کڵاوەکەم دەدڕێت".

دایکەکە سەری لەسەر گۆڤارەکە هەڵبڕی و بە روانینێکەوە کە دەرخەری توورەبوونی ئەو بوو، دەستی درێژکردەوە بۆئەوەی کڵاوەکە لە دەست کوڕە بستێنێت، بەڵام کوڕەکە توند بە هەردوو دەستی کڵاوەکەی گرتبوو. دایکەکە بە کچەکەی وت: "با تۆزێك یاریی پێ بکات. خۆی ماندوو دەبێت". وادیار نەبوو قسەی دایکی کچەی رازی کردبێت، بەڵام لە وەڵامی دایکیشیدا هیچی نەگوت. لێوی خۆی غونچە کرد و چاوی بڕییە براکەی. کوڕەکە کە کەمتەرخەمی دایکی بینی دەستی کرد بە لێکردنەوەی گوڵینگە سوورەکە. دیاربوو دەیزانی بەم کارەی خوشکەکەی بەشێوەیەکی شێتانە توورە دەکات، بینینی ئەم دیمەنە منیشی بەشێوەیەکی شێتانە توورە کردبوو. خۆم ئامادە کردبوو بەرەو کوڕەکە بڕۆم و کڵاوەکەی لە دەست بستێنم.

کچەکە بێئەوەی شتێك بڵێت چاوی بڕییە براکەی، بەڵام دیاربوو بیری لە شتێك دەکردەوە. کچە کوتوپڕ هەستا و زللەیەکی سرەواندە کوڕەکە. دواتر بەوپەڕی سەرسوڕمانەوە کە چاوەڕوان دەکرا لەو کچە بوەشێتەوە، کچەکە کڵاوەکەی لە دەست کوڕە وەرگرتەوە و لەسەر کورسییەکەی خۆی دانیشت. کچە ئەوەندە خێرا ئەم کارەی ئەنجام دا دایك و کوڕە دوای ماوەیەك زانینیان چی روویداوە. لەم کاتەدا کوڕەکە دەستیکردە گریان و دایکیشی دای لە ئەژنۆی کچەکە و دواتر هەوڵیدا کوڕەکە ئارام بکاتەوە، بەڵام کوڕەکە هەر دەگریا.

کچە وتی: "دایە ئاخر ئەو خەریکبوو کڵاوەکەی دەدڕیم".

دایك وتی: "قسەم لەگەڵ مەکە. تۆ ئیتر کچم نیت".

کچە سەری داخست و چاوی بڕییە کڵاوەکەی.



دایك وتی: "لە بەرچاوم ون بە. بڕۆ ئەولاوە". ئاماژەی دا بە کورسییەکی چۆڵی لای من.

کچە سەری وەرگەڕاند و هەوڵیدا سەرنج نەدات بە پەنجەی ئاماژەی دایکی، بەڵام پەنجەی دایکی هەر ئاماژەی دەدا بە کورسییە چەپەکەی تەنیشتم، وەك ئەوەی پەنجەی لە هەوادا بووبێت بە سەهۆڵ.

دایکەکە هەر سوور بوو لەسەر قسەکەی خۆی "بڕۆ. تۆ ئیتر ئەندامی ئەم بنەماڵەیە نیت".

کچەکە کە تەسلیم ببوو، کڵاوەکە و جانتای قوتابخانەکەی هەڵگرت و هەستا و بە هەنگاوی قورس لە ناوەڕاستی ڕێڕەوەکەوە ڕەت بوو و هات و لە تەنیشتمەوە دانیشت، سەریشی داخستبوو. کڵاوەکەی لەسەر قاچی خۆی دانابوو و هەوڵیدا بە پەنجە چکۆلەکانی لێواری کڵاوەکەی ساف بکاتەوە. دیاربوو لە بەرخۆیەوە دەیگوت تاوانی براکەی بووە، ئەو خەریکبوو گوڵینگی کڵاوەکەی منی لێدەکردەوە. فرمێسك زابووە چاوی کچەکە.

خەریك بوو رۆژ دەبۆوە. وەك تۆزێك کە لە باڵی پەپوولەیەکی خەمبارەوە بڵاو دەبووەوە و لە میچی ڤاگۆنەکەوە دەرژایە خوار. کتێبەکەم داخست. دەستم لەسەر ئەژنۆم دانا و ماوەیەکی زۆر چاوم بڕییە ناو دەستم. دوایین جار کە بەو شێوەیە چاوم بڕیبووە دەستم، کەی بوو؟ لەژێر ئەم رووناکییە تارەدا دەستم رەش دیارە و تەنانەت پیسیش دیاربوو، هەر لە دەستەکانی خۆم نەدەچوو. کە دەمبینین خەم دای دەگرتم: ئەمانە ئەو دەستانە بوون هیچکات کەسی خۆشحاڵ نەدەکرد و هیچکات کەسی رزگار نەدەکرد. حەزم دەکرد دەستێکی دڵنیاکەرەوە و

هێورکەرەوە بێنم بە شانی کچەدا و پێی بڵێم ئەو راستی دەکرد و کارێکی دروستی کرد کڵاوەکەی بەوجۆرە وەرگرتەوە، بەڵام هەڵبەت دەستم لەسەر شانی کچەدا دانەنا و قسەم لەگەڵ نەکرد. بەم کارەم تەنها بووم بەهۆی ئەوەی زیاتر سەری لێ بشێوێت و هەست بە ترس بکات. بەدەر لەمەش دەستەکانم پیس بوون.
کە لە شەمەندەفەرەکە دابەزیم بایەکی ساردی زستانی دای لە دەموچاوم. زۆر زوو سەردەمی ئارەقکردن بەسەر دەچوو و کاتی لەبەرکردنی پالتۆ زستانییەکان دادەهات. چەند ساتێك بیرم لە پالتۆ کردەوە، دەمویست بڕیار بدەم پالتۆیەکی تازە بۆ خۆم بکڕم، یان نا. لە پێ پلەکاندا (قالدرمەکان) دابەزیمە خوارەوە و لە دەرگا گەورەکەوە چوومە دەرەوە. کوتوپڕ زانیم پوورە هەژارەکە ئیتر بەکۆڵمەوە نییە و ون بووە.
نەمدەزانی ئەم رووداوە کەی روویداوە. وەك چۆن هاتبووە سەر کۆڵم وەهاش رۆشتبوو. ئەو گەڕابووەوە بۆ ئەو شوێنەی کە پێشتر لێی بوو، منیش جارێکی تر گەڕابوومەوە بۆ خودی خۆم.
بەڵام بەڕاست خودی خۆم چی بوو؟ ئیتر نەمدەتوانی زۆر لەم شتە دڵنیابم. نەمدەتوانی بیرلەوە نەکەمەوە خودی ئێستام خودێکی ترە کە زۆر لە خودی راستەقینەی من دەچێت. کەوایە لەو کاتەدا دەبوایە چیم بکردایە؟ ڕێگاکانم ونکردبوو. دەستم کرد بە گیرفانمدا و چی پارەی ئاسنم هەبوو خستمە ناو تەلەفۆنی گشتییەوە. دوای ئەوەی تەلەفۆنەکە نۆ جار بۆقی خوارد تەلەفۆنەکەی هەڵگرت.
بە دەم باوێشکەوە وتی: "خەوتبووم".



"سەعات شەشی ئێوارە خەوتبووی؟"
"دوێنی شەو نەخەوتم و خەریکی کار بووم. دوو سەعاتێك دەبێت کارەکەم تەواو بووە".
"کە وایە ببوورە. نەمدەویست خەبەرت بکەمەوە. هەڵبەت رەنگە پێت سەیر بێت، بەڵام تەلەفۆنم کرد بزانم زیندووی، یان نا. هەر ئەمە. بەڕاستمە".
دەمتوانی هەست بکەم لەوبەری هێڵەکەوە پێدەکەنێت.
وتی: "زۆرباشە. سوپاس کە بیرت لای منە. نیگەرانیش مەبە چونکە زیندووم. وەك سەگ کار دەکەم بۆئەوەی بژیم و زیندوو بمێنمەوە. هۆی ئەوەی لە ماندووێتیدا خەریکم دەمرم، هەر ئەمەیە. زۆر باشە، ئارام بوویتەوە و ئۆقرەت گرت؟"
"بەڵێ، زۆر".
دواتر بەشێوەیەك وەك ئەوەی بیەوێت رازێك بدرکێنێت وتی: "دەزانی ژیان زۆر دژوارە".
وتم: "دەزانم" و راستیشی دەکرد. "حەزدەکەی لەدەرەوە پێکەوە نانی شەو بخۆین؟"
بێدەنگ بوو و بە بێدەنگییەکەیدا دەمتوانی هەست بکەم لێوی خۆی دەگەزێ و قامکە چکۆلەکەی دێنێت بەسەر ئەبرۆیدا.
سەرەنجام وتی: "ئێستا نا. دواتر لەبارەیەوە قسە دەکەین. جارێ با بخەوم. ئەگەر تۆزێك بخەوم هەموو شت باش دەبێت. کە هەستام لەخەو تەلەفۆنت بۆ دەکەم. باشە؟

"باشە. شەوێکی خۆش".

"شەوێکی خۆش".

ئەمەی گوت و ساتێك بێدەنگ بوو. "شتێك روویداوە تەلەفۆنت کرد؟"

: "نا شتێکی وا نییە. دواتر دەربارەی قسە دەکەین".

دواتر جارێکی تر وتی "شەوخۆش" و تەلەفۆنەکەی داخستەوە. چەند سات دواتر کە هاندەکە بەدەستمەوە بوو تەماشام کرد و دواتر لە شوێنەکەی خۆم دامنایەوە. ئەو ساتەی تەلەفۆنەکەم دانایەوە هەستم بە برسێتییەکی سەیر دەکرد. ئەگەر شتێکم نەخواردبا برسییەتی هاری دەکردم. گرنگ نەبوو چی بێت، هەرشتێك بۆ خواردن بشێت. ئەگەر کەسێك بیویستبا خواردنێك بکات بە دەممەوە بە چوار دەست و پێ دەڕۆشت بۆ لای. رەنگە قامکەکانیشیم بلێستبایەتەوە. بەڵێ، ئەم کارەم دەکرد، قامکەکانیم دەلێستەوە. دواتر وەك رێگای ئاسنێکی کۆن و رزیو خەوم لێدەکەوت. تەنانەت بە شەقیش خەبەرم نەدەبووەوە. بۆ دە هەزار ساڵ دەچوومە خەوێکی قورسەوە.

شانم دا بەسەر تەلەفۆنەکەدا، زەینی خۆم لە هەربیرکردنەوەیەك بەتاڵ کرد و چاوەکانم داخست. دواتر دەنگی پێم بیست. دەنگی هەزاران پێ. دەنگی پێکان وەك شەپۆل دەیانشۆردم. دەنگی پێکان هەر بەر گوێم دەکەوتن و دەمبیستن.

پوورە هەژارەکە ئێستا لەکوێ بوو؟ من گەڕابوومەوە بۆ کوێ؟

ئەگەر دە هەزار ساڵ داتر شارێك دروست دەبوو، کە تایبەت بوو بە پوورە هەژارەکان (بۆ وێنە شارەوانی شار لەلایەن پوورێکی هەژارەوە بەڕێوە دەچوو کە خۆی لە لایەن پوورە هەژارەکانی ترەوە هەڵبژێردرابوو، ئەو پاسانەی تایبەت



بوون بە پوورە هەژارەکان و پوورە هەژارەکان لێیان دەخوڕین، ئەو رۆمانانەی بۆ پوورە هەژارەکان نووسرابوون و پوورە هەژارەکان نووسەریان بوون) ئاخۆ رێیان دەدام بێمە ئەم شارەوە؟

رەنگە پێویستیان بە هیچکام لەم شتانە (شارەوانی و پاس و رۆمان) نەبا. رەنگە پێیان باشتر بووایە لە بتڵە گەورەکانی سرکەدا کە خۆیان دروستیان دەکرد، بژین. لە ئاسمانەوە دەتتوانی دەیان و سەدان هەزار بتڵی سرکە ببینیت کە زەوی داگرتبوو. دیمەنێکی زۆرجوان بوو کە بە بینینی ئەو دیمەنە هەناسەت سوار دەبوو.

بەڵێ، هەروایە. ئەگەر ئەو دونیایەی باسم کرد بە هەڵکەوت جێگایەکی هەبوو بۆ هەناردنی شیعر، بەو دڵنیاییەوە ئەم کارەم دەکرد. یەکەم مەلەکەلشوعەرای دونیای پوورە هەژارەکان. شیعرم دەگوت بە بالآی خۆردا کە دەیدا لە بتڵە سەوزەکان و دەریای بەرفراوانی چیمەنە سەوزەکان.

بەلآم ئەم قسە بۆ داهاتوویەکی دوورە، ساڵی ١٢٠٠١، دە هەزار ساڵیش بۆ من زەمانێکی زۆرە. تا ئەو کات دەبێت زۆر زستان بژیم.

## سی ودوو ساڵەیی، ڕێبواری ڕۆژگار

من سیودوو ساڵمە و ئەو هەژدە ساڵی تەمەنە. کە بیر لەمە دەکەمەوە مێشکم تێك دەچێت. هێشتا سیودوو ساڵم تەمەنە و ئەو هەر هەژدە ساڵیەتی. کێشەیەکم لەگەڵ ئەم شتەدا نییە. ئێمە تەنها دوو هاوڕێین، نە زیاتر لە دوو هاوڕێ و نەکەمتر لەوە. من ژنم هەیە و ئەو شەش خۆشەویستی بۆی فرێندی هەیە. لەگەڵ هەرکام لە بۆی فرێندەکانیدا لە ڕۆژە کارییەکاندا ژووان ڕێك دەخات و هەموو مانگێك یەك یان دوو شەممە من دەبینێت. یەکشەممەکانی تر لە ماڵەوە تەماشای تەلەفیزیۆن دەکات. کە تەماشای تەلەفیزیۆن دەکات لە فیلێکی دەریایی جوان و خۆشەویست دەچێت.

ئەو ساڵی ١٩٦٣ لەدایك بووە. ئەو ساڵەی سەرۆك کۆماری کێندی کوژرا. ئەو ساڵەی بۆ یەکەمجار ژووانم لەگەڵ کچێك ڕێکخست. "پشووی هاوین" ((“Summer Holiday”)) کلیف ریچارد ((Cliff Richards)) دوای ئەوە خۆشەویست بوو. وا نەبوو؟ گرنگ نییە. چ ساڵێك لەدایك ببوو.



چاوەڕوانی ئەوە نەبووم لەگەڵ کچێك کە لەم ساڵەدا لەدایك بووە دیدار ڕێك بخەم. تەنانەت ئەم هەستەش سەیروسەمەرەیە. تا ئەو ئاستە سەیروسەمەرە وەك ئەوەی بۆ وێنە من لەوسەری تری مانگەوە لە کاتی جگەرەکێشاندا پاڵم دابێت بە گاشەبەردێکەوە.

کچە گەنجەکان پیاو بێ تاقەت دەکەن. کەسانی دەوروبەر هەموو وا دەڵێن. ئەو کچانەی دەربارەیان قسە دەکەن جیهانێکی جیاوازیان هەیە و هەموو کارەکانیان ناز و ئەدا دەرهێنانە، ئەمە ئەو شتەیە ئەوان دەیڵێن. بەمەشەوە ئەوان بەزۆری لەگەڵ کچە گەنجەکاندا دەڕۆنە دەرەوە. تۆ بڵێی کچانێکی گەنج بدۆزنەوە کە بێ تاقەت نەکات؟ نا، بە دڵنیاییەوە وانییە. بە کورتی، ئەوەی ڕاستی بێت ڕەنگە ئەوەی کە بێ تاقەتیان دەکات، بەلایانەوە سەرنجڕاکێش بێت.

ئەوان چێژ لەو کایە ئاڵۆزە دەبینن کە پڕە لە بێتاقەتی، هەڵبەت تا ئەو کاتەی ئەم بێتاقەتییە لە یارییەکە دەرنەچێت. وادیارە ئەم شتە بۆ من زۆر کەم دێتە پێش.

لەڕاستیدا نۆ لە دەی کچە گەنجەکان تاقەتی پیاو دەبەن، بەڵام خۆیان بەم شتە نازانن. ئەوان گەنج، جوان، پڕ لە وزە و زیت و وریان. خۆیان لایان وایە زۆر دوورن لەوەی تاقەتی پیاو ببەن، ئەی خوا هاوار.

لۆمەیان ناکەم و بێزار نیم لێیان. لەبری ئەوە عاشقی ئەو کەسانەم. ئەوان دەمخەنەوە یادی سەردەمی گەنجێتی بێزارکەری خۆم. شتێك وەك، چۆن بڵێم، سەرسووڕهێنە. ئێمە کەسانێکی بێ تاقم و منداڵکار بووین کە لە سەردەمی گەنجێتیدا هەموو کەس لە دەستمان ماندوو دەبوو.

پرسی: "حەز دەکەی بگەڕێیتەوە بۆ تەمەنی هەژدە ساڵی".

وەڵامم دایەوە: "نا، نامەوێت. تەنانەت ئەگەر پارەشم پێ بدەی ناتوانی بۆچوونم بگۆڕیت و بمگەڕێنیتەوە بۆ هەژدە ساڵی".

وادیار بوو تێنەگەیشت چیم وت.

"نا؟ بەڕاست؟"

"بەدڵنیاییەوە نا".

"بۆچی؟"

"ئەم تەمەنەم پێخۆشە".

دەستی خستبووە ژێر چەناگەی و لەناو دەریای خەیاڵی خۆیدا نووقم ببوو.

قاوەکەی بە کەوچك تێکدا.

"باوەڕ بەو قسەیەت ناکەم"

"باشتر وایە باوەڕ بکەی".

"گەنجبوون جوانە. مەگەر وا نییە؟"

"ڕەنگە وابێت".

"بۆچی ئەم تەمەنەت پێ باشترە؟ کە چی بێت؟"

"جارێك بەسە"

"من هێشتا لە گەنجبوون بێزار نەبووم"

"دەی وایە، تۆ هێشتا هەژدە ساڵت تەمەنە".

وتی: "تێدەگەم"

لەبەر خۆمەوە بیرم لەوە کردەوە ئەو هەژدە ساڵی تەمەنە".

بانگم لە خزمەتکارەکە کرد و داوای بیرەیەکی ترم کرد. لەدەرەوە باران دەباری و لە دەلاقەکەوە بەندەری بۆکۆهاما دەبینرا.

"کە هەژدە ساڵت تەمەن بوو، بیرت لە چی دەکردەوە؟"



"لەگەڵ کچاندابوون".

"چی تریش؟"

"نا".

لەبەرخۆیەوە پێکەنی و تۆزێك لە قاوەکەی چەشت.

"هەموو کاتیش سەرکەوتوو بووی؟"

"هەندێ جار بەڵێ و هەندێ جار نا. بەداخەوە زۆربەی کاتەکان سەرکەوتوو نەبووم".

"لەگەڵ چەند کچدا بووی".

"نەمژماردوون"

"بەڕاست؟"

"بیانوویەك نەبوو بۆ ژماردنیان".

"ئەگەر پیاو دەبووم بەدڵنیاییەوە دەمژماردن. زیاتر بۆ سەرقاڵبوون".

هەندێ جار بیر لەوە دەکەمەوە ڕەنگە شتێکی سەیر بێت ئەوەی ببمەوە بە هەژدە ساڵ، بەڵام ئەو کاتەی بیر لە یەکەم شت دەکەمەوە کە ڕەنگە رووبدات بۆم، هیچ شتێك لە زەینمدا نامێنێت. هیچ شتێك لەو بارەیەوە نازانم، نازانم ئاخۆ بڕیارە چی رووبدات و دەمویست چی بکەم و چۆن کەسێك بم ئەگەر جارێکی تر ببمەوە بە هەژدە ساڵە".

"شتێکی سەیر نەبوو لە هەژدە ساڵیدا دیدارم هەبێت لەگەڵ ژنێکی سیودوو ساڵە؟"

پرسیم: "هیچ کات بیرت لەوە کردووەتەوە جارێکی تر ببیتەوە بە هەژدە ساڵ".

"ئێ...".

پێکەنی و وا خۆی دەرخست بیری لێدەکاتەوە و وتی: "نا، ڕەنگە نا".

"بەڕاست".

"نا".

وتم: "نا".

تێناگەم، هەموو دەڵێن گەنجێتی زۆر جوانە".

"بەڵی وایە".

"دەی باشە بۆچی ناتەوێ دووبارە گەنجبیتەوە؟"

"کە تەمەنم چووە سەرەوە، دەزانم بۆچی نامەوێ".

بەڵام من سی ودوو ساڵم تەمەنە و ئەگەر بۆ حەفتەیەك ئاگام لە خۆم نەبێت چینێك چەوری لەسەر ورگم نیشتووە، ناتوانم بگەڕێمەوە بۆ هەژدە ساڵەبوون. ئەمەش شتێکە.

دوای گەڕانەوە لە هەڵاتنم، بەیانیان شەربەتێك دەخۆمەوە و لەسەر قەنەفەکان رادەکشێم و گوێ دەگرم لە گۆڕانی "رێبواری رۆژگار"ی "بیتەلەکان" (( the Beatles))

"رێبواری رۆژگاااااار".

کە گوێ لەم گۆرانییە دەگرم هەست دەکەم لەناو شەمەندەفەرێکدا دانیشتووم. دارتێلەکان، وێستگەکان، تۆنێلەکان، پردەکان، مانگا و ئەسپەکان، دووکەڵکێشەکان و شتەکانی تر خراونەتە دەرەوە. بەهەرحاڵ لەوێ دوور دەکەومەوە. بەرجەوەنەکانی دەرەوە هەر ئەو شتەیە و هیچ شتێکی تازەی تێدا نییە سەرنجڕاکێش بێت. بەمەشەوە چێژی لێوەردەگرم. ئەو کەسانەی لە لامەوە دانیشتوون جارجار دەگۆڕدرێن. بە رێکەوت کچێکی هەژدە ساڵە لە لامەوە دادەنیشێت. من بەلای پەنجەرەکەوەم و ئەو بەلای دالآنەکەوەیە.

"حەز دەکەی جێگاکەمان بگۆڕین".

وتی: "زۆر سوپاس تۆ زۆر میهرەبانیت".



واش نییە کە من زۆر میهرەبان بم. لەبەرخۆمەوە بیردەکەمەوە و شەیتانانە پێدەکەنم. خۆم ناشڵەژێنم لە بوونی ماندووکەری ئەودا.

سیودوو ساڵەیی


رێبواری رۆژگار

ماندوو لە ژماردنی دارتێلەکان

ئەمەش هایکۆیەکی ناتەواو لە نووسینی من.

سەرچاوە:

http://www.seemorgh.com/culture/default.aspx?tabid=2086&conid=63183



**ریچارد براتیگان**

## ریچارد براتیگان

ریچارد گێری براتیگان (Richard Brautigan) شاعیر و رۆماننووسی ئەمریکایی، ٣٠ جێنیوەری ١٩٣٥ لە تاکوما واشنتۆن لەدایك بوو. هەشت رۆمان و چەند کۆمەڵەچیرۆکێك و چەند دەفتەر شیعری لێ بەجێماوە. دەکرێت بڵێین رۆمانی "راوی قزڵ ئالا لە ئەمریکا" ناسراوترین رۆمانی ئەم رۆماننووسە ئەمریکاییەیە کە یەکێك بوو لە ئەندامانی (بەرەی بیت)، یان بزووتنەوەی بیت لە ئەمریکا. بەرەی بیت بەرەیەکی ئەدەبی- هونەری بوو لە دەیەی ١٩٦٠ بەدواوە لە ئەمریکا سەری هەڵدا. لە کەسە ناودارەکانی ئەم بەرەیە دەتوانین ئاماژە بە ئالن گینزبێرگ، ریچارد براتیگان، ویلیام کارلۆس ویلیامز بکەین. ئەم بەرەیە بەرەیەکی یاخیبوون لە ئەدەبدا و ئەدەبی ئەم بەرەیە ئەو یاخیەتییەی پێوە دیارە و زیاتر ئەدەبی ئەم بەرەیە رەخنەیە لە ئەمریکا و سیاسەتەکانی ئەمریکا. هەروەها نزیك بوون لە زمانی گەڕەکە خوارووەکانی شار، یان باشتر بڵێین زمانی شەقاوەکانی شار تایبەتمەندی زمانی ئەم بەرە ئەدەبییەیە.

رۆمانەکانی براتیگەن بریتین لە:

١- راوی قزل ئالا لە ئەمریکا.
٢- لە شەکری شووتیدا.
٣- ژێنراڵی هاوپەیمانەکان، خەڵکی بیگ سوور.



٤- لە خەونی بابلدا.
٥- لەباربردنی منداڵ.
٦- کە وایە با هەموو شت لەگەڵ خۆ نابات.
٧- ژنێکی چارەڕەش.
٨- غوولی هاوکلاین.

**دەتوانین ئاماژە بدەین بە چیرۆکەکانی:**

١- پاسی پیر.
٢- تۆڵەی چیمەن.

**دەتوانین ئاماژە بدەین بە کتێبە شیعرییەکانیشی:**

١- تکایە ئەم کتێبە بچێنن.
٢- کڵاوی کافکا.
٣- خانوویەکی نوێ لە ئەمریکا.
٤- درگایەك بەرەو فەرامۆشی خراوەتە سەر پشت.

ئەو چیرۆکانەی لێرەدا زیاتر لە دوو کۆمەڵەچیرۆکی پاسی پیر، یان وەك چۆن لە دەقە فارسییەکەیدا هاتووە (اتوبوس پیر) و تۆڵەی چیمەن (انتقام چمن) وەرگیراون.

سەرەنجام ئەم نووسەرە ناودارەی بەرەی بیت رۆژی ٢٥ی ئۆکتۆبەری ١٩٨٤ لە بۆلیناس، باکووری کالیفۆڕنیا لە ئەمریکا، فیشەکێکی نا بە مێشکی خۆیەوە و کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

## پێویستمان بە باخە

که گەیشتم خەریکبوون شێرەکەیان لە حەوشەکەی پشتەوە دەکرد بە ژێر خۆڵەوە. وەك هەمیشە قەبرەکەیان بە پەلەپڕووزکە و ناشیییانە هەڵکەندبوو، بەجۆرێك کە شێرەکە تێیدا جێی نەدەبووەوە. ئێستا دەیانویست بەزۆر شێرەکە بتەپێننە ناو ئەو کونەی بێ موبالاتانە هەڵیانکەندبوو.

شێرەکە وەك هەموو کات بە تاقەتەوە رووبەڕووی کێشەکە دەبووەوە. دوای لانیکەم پەنجا جار ناشتنی لە دوو ساڵی رابردوودا، ئیتر خووی گرتبوو بەوەی لە حەوشە پشتییەکە بیکەنە ژێر خۆڵەوە.

جوان لەبیرمە یەکەمجار کە ناشتیان، سەری سووڕمابوو و نەیدەزانی چی روویداوە. ئەوکات لەبەرئەوەی تەمەنێکی وەهای نەبوو، هەم دەترسا و هەم شڵەژابوو، بەڵام ئێستا ببوو بە شێرێکی پیری بەئەزموون و دوای ئەو هەموو ناشتنە ئیتر دەیزانی بڕیارە چی رووبدات.

که قامکەکانی دەستیان چەماندەوە و نایانە سەر سینگی و دواتر دەستیان کرد بەوەی خۆڵ بکەن بە دەموچاویدا، تاڕادەیەك دڵی تەنگ بوو.



بەڵام بەڕاستی شتێکی ناخۆش بوو. شێرەکە بەهیچ شێوەیەك نەدەچووە ناو چاڵەکەوە. ئەوان عەقڵیان بەوە نەدەشکا چاڵێك هەڵبکەنن بە ئەندازەی شێرەکە.

وتم: "سڵاو، چاڵەکە زۆر بچووکە".

وتیان: "سڵاو، نا، وانییە".

دووساڵ دەبوو، سڵام و مەرحەبایی ئێمە هەر ئەمە بوو.

وەستام و سەعاتێك تەماشام کردن کە هیوابڕاوانە هەوڵیان دا شێرەکە بنێژن، بەڵام تەنها توانیان ١\١٤ی بکەن بەژێر خۆڵەوە و دواتر بە رقەوە وازیان لە کارەکەیان هێنا و بازنەیەکیان دروستکرد و لۆمەی یەکتریان کرد، لەبەرئەوەی چاڵێکی گەورەیان هەڵ نەکەندبوو.

من وتم: "وەرن ساڵێکی تر بیکەین بە باخ. وادیارە ئەم خاکە گێزەری باشی لێ هەڵدەکەوێت".

قسەکەم بەلایانەوە پێکەنینی نەبوو.

## چەند پەڵەهەورێ بە ئاسمانی میسرەوە

شەمەندەفەرێ لە قاهیرەوە بەرەو ئەسکەندەرییە دەڕوات. ئەمڕۆ لەو ڕۆژانەیە کە میسر ئاسمانێکی شینی هەیە و تەنها چەند پەڵەهەوری سپی لە تاقی ئاسماندا دەبینرێت. دانیشتووم لە شوێنێ لە کالیفۆڕنیا- زۆر دوور لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لێرەوە لە تەلەفیزیۆنەوە تەماشای شەمەندەفەر دەکەم.

چاو لە شەمەندەفەر دەکەم و لە هەمانکاتدا بیرم لای پەڵەهەورە میسرییەکانە. لە چەند حەفتە یان ڕەنگە چەند مانگ لەوە پێشەوە ئەمە یەکەم هەورگەلێکە کە دەیبینم. من نەمزانیبوو. لە کەیەوە ئیتر چاو لە ئاسمان ناکەم؟

لە شەمەندەفەردا دوو سەرۆك کۆمار، پریزیدنت جیمی کارتر و پریزیدنت ئەنوەر سادات دانیشتوون. ئەوان بە شوێن ئاشتی نێوان عەرەب و ئیسرائیلدا دەگەڕێن. ئاشتی، ڕەنگە شوێنێ لە بیابان، لە قاقڕستان. هەر ئەو کاتەی ئەوان بەشوێن ئاشتیدا دەگەڕێن، من چاو لە هەورەکان دەکەم و بەشوێن وەڵامێکدا دەگەڕێم بۆ ئەم پرسیارە کە هەورەکان چ گرنگییەکیان هەیە؟

ئێمە هەموومان لە مێژوودا ئەرکێکمان لەسەر شانە، هەورەکان ئەرکی منن لە مێژوودا.



## مشتومڕ لە جۆری سکارلاتی[٤]

کە ژنە دەمانچەکەی دایە دەست پۆلیس وتی: "ژیان لە ئەپارتمانێکی یەك خەوە لە سەن هۆزە لەگەڵ پیاوێك کە خەریکە فێری کەمان ژەنین دەبێت زۆر سەختە.

---

٤- السـاندرۆ سکارلات (Alessandro Scarlatti) ١٦٦٠- ١٧٥٥ مۆسیقار و ئاهەنگسازی ئیتاڵیایی.

کوڕەکەی دۆمینیکۆ (Domenico) (۱۶۸۵-۱۷۵۷) ریسکۆردژەن و ئاهەنگساز.

## ئاو و هەوای سانفرانسیسکۆ

دوانیوەڕۆیەك بوو و قەسابێك کە خەریك بوو "پاوندێ" گۆشتی دەفرۆشت بە پیرەژنێك، بەڵام کێ دەیزانی وەها پیرەژنێك پاوندێك گۆشت چ لێ دەکات. ژنە زۆر پیر بوو بۆ ئەوەی ئەو هەمووە گۆشتە بخوات. ڕەنگە بۆ کەنوەکەی دەویست، کە پێنسەد هەنگە زێڕینەکەی، بە لەشی پڕ لە هەنگوینەوە، لە ماڵەوە چاوەڕوانی گۆشت بوون.

قەساب وتی: "ئەمڕۆ چ جۆرە گۆشتێکت دەوێ؟ هەمبەرگری باشمان هەیە ئەمڕ، بە گۆشتی پاککراوی بێ ئێسك!

پیرەژن وتی: "نازانم، ئاخر هەمبەرگر شتێکی ترە. چی؟ ئەرێ لە گۆشتی بێ ئێسك دروستکراوە، خۆم داومە لە مەکینە، گۆشتی بێ ئێسکم تێ کردوە"

پیرەژن وتی: "پێ ناچێ هەمبەرگر باش بێت".

قەساب وتی: بەڵێ، ڕۆژێکی باشە بۆ هەمبەرگر. تەماشای دەرەوە بکە. هەورییە. بەشێ لەو هەورانە باراناویین. ئەگەر من بم هەمبەرگر دەبەم".

پیرەژن وتی: "نا، هەمبەرگرم ناوێ و لاشم وا نییە باران ببارێت. لام وایە هەتاو هەڵدێت، ڕۆژێکی خۆش دەبێت، پاوندێ جگەرم دەوێت".

قەساب دەمی بوو بە تەڵەی تەقیو. پێی خۆش نەبوو جگەر بفرۆشێتە پیرەژنەکان. شتێ هەبوو کە زۆری تووڕە دەکرد. ئیتر پێشی خۆش نەبوو لەگەڵ پیرەژنەدا قسە



بکات. بێ موبالاتانە لەت لەت پاوندێ جگەری بڕی و پێچایە کاغەزێکی سپییەوە و خستییە ناو پاکەتێکی قاوەیی. ئەم کارەی پێ ناخۆش بوو. پارەی پیرەژنەی وەرگرت و باقییەکەی پێ داوە و بەرەو بەشی گۆشتی مریشك و باڵندەکان کەوتە ڕێ بۆئەوەی تووڕەییەکەی دامرکێنێتەوە. پیرەژنە کە ئێسکەکانی وەك تیغی کەشتی بەکاردەهێنا، ڕەت بوو و ڕۆیشتە سەر شەقامەکە. وەها جگەرەکەی دەبرد وەك ئەوەی خەریك بێت سەرکەوتنێکی گەورە لە سەراولێژی تەپۆڵکەیەکەوە بەرەو سەر ببات. سەر دەکەوتە سەر تەپۆڵکەکە و چون زۆر پیر بوو ئەم کارە دژواربوو بۆی. ماندوو دەبوو و ناچار بوو بەرلەوەی بگاتە سەر تەپۆڵکەکە چەندجار بوەستێ.

ماڵی پیرەژنە لەسەر تەپۆڵکەکە بوو. ماڵێکی بەرزی سانفرانسیسکۆیی بە دەلاقەی کەوانی کە ڕۆژی هەوری تێیدا شەوقی دەدایەوە. پیرەژنە جانتاکەی کە لە مەزرایەکی بچووکی پاییز دەچوو، کردەوە، لە لای لقێکی شکاو و کەوتووی دارسێوێکی کۆن، کلیلەکانی دۆزییەوە.

ئینجا دەرگاکەی کردەوە. کلیل هاوڕێیەکی ئازیز و جێگای باوەڕ بوو. لەبەر دەرگاکەدا سەرێکی ڕاوەشاند و چووە ژوورەوە و لە هۆڵەکەوە ڕەت بوو و چووە ژوورێکەوە پڕبوو لە هەنگ.

ژوورەکە پڕ بوو لە هەنگ. هەنگ لەسەر کورسییەکان، لەسەر وێنەی دایك و باوکی کە مردبوون. هەنگ لەسەر پەردەکان. هەنگ لەسەر ڕادیۆیەکی کۆن کە سەردەمانێك لە دەیەی ۳۰دا، گوێی لێ دەگرت. هەنگ لەسەر شانەی قژی.

هەنگەکان هاتنە پێشوازییەوە و عاشقانە دەوریان لێ دا، لە حاڵێکدا پیرەژنە جگەرەکەی کردەوە و خستییە ناو کەشەفەیەکی زیوی هەورییەوە کە زۆر زوو بوو بە ڕۆژێکی ڕوون.

## مەرگ لە کەنەدا

لە تۆکیۆ شتێکی وا نەماوە بۆ وتن. هەندێ جار لام وایە وتەکانی بوڕشی خۆی لەدەست داوە- وەك چەقۆیەکی ژەنگگرتوو لە چێشتخانەی دەیرێ کە لەوێدا بژارەکان رووان و راهیبەکان بەجێیان هێشتووە، چوون ئەوەندە وەڕەزن کە تەنانەت دەستبەرداری نوێژکردن بوون. هەر بۆیە ۲۰۰ ساڵ لەمەوپێش رۆیشتوونەتە دێرێکی تر لە شوێنێکی تر و ژیانێکی تریان هەڵبژاردووە و سەرەنجام چوونە گۆڕەوە و رۆشتنە شوێنێ کە هەموومان دەڕۆین.

چەند سات لەمەوپێش کەسێك لە کەنەدا مرد. جوان خەوی لێ کەوت. مەرگێکی سادەی هەبوو. کەسێ لە خەودا مرد و کە رۆژ بووەوە، ئیتر خەبەری نەبووەوە. مەرگی هیچ کاریگەرییەکی نییە لەسەر ئەو رووداوانەی لە ژاپۆن روو دەدەن، چونکە کەس بە مەرگی ئەوی نەزانی. هیچ کەس لەو ۱۱٤ ملیۆن کەسەی لێرە دەژین بە مەرگی ئەوی نەزانی لە کەنەدا.

دوو سبەی تەرمی ئەم کەنەداییە دەنێژن. تەنانەت رێورەسمی ناشتنەکەشی هەژارانەترە لە رێورەسمی ناشتن. قەشە دوعای کاتی ناشتنەکەی باش ناخوێنێ و



رەنگە لەو ساتەدا ئامادە بێ هەر کارێکی تر بکا، جگە لە دوعا خوێندن بەسەر تەرمی ئەو کەسەوە، کە ئیتر لەناوماندا نییە.

قەشە هەستی بە شتێك وەك تووڕەیی دەکرد لە خۆیدا- تووڕەیی لە تەرمەکەی کە چەند هەنگاو ئەولاتر خرابووەوە ناو تابووتێکی چێوی هەرزانەوە. لە بەشێ لە وتاردانەکەیدا پێی خۆش بوو بەرەو تەرمەکە بڕوا و وەك منداڵێکی سەرەڕۆ رایشەکێنێ و بەمەشەوە هێشتا دەنگی دەبیسترێ کە دەنگێکی ئاهەنگدار دەڵێت:

"ئێمە هەموومان دێینە ئەم جیهانەوە بۆئەوەی خۆمان بۆ سەفەرێکی پڕ مەترسی لەنێوان بێشکە تا... (چاو لە تەرمەکە دەکات و هەوڵدەدا خۆی راگرێ)... گۆڕ.

چەند کاتژمێر دوای ئەم رێورەسمە تەرمەکەی دەسپێرن بە چەندین خەروار خۆڵ، قەشە دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە و دەچێتەوە ژووری کارەکەی و دەرگاکە لەسەر خۆی دادەخات. ئینجا پەرداخی ئاوەکە پڕ دەکات لە شەراب.

هیچ کام لەم رووداوانە، ئەو کاریگەری نابێ لەسەر ئەو رووداوانەی لە ژاپۆن روو دەدەن، ئەمڕۆ کەسێ لە تۆکیۆ دەمرێت. خەوتووی خەوتووە. لەناو جێگاکەیدا لەم شانەوە بۆ ئەو شان دەجوولێ و دەمرێ. جەستەی بە ئارامی سارد دەبێتەوە و بەمەشەوە لە کەنەدا پرسەی گشتی راگەیەندرێ.

## کۆنگرە

لە یەکێ لە ڕۆژەکانی حەفتەی ڕابردوودا لە یەکێ لە شەقامەکانی تۆکیۆ بۆ ماوەی یەك کاتژمێر دوو کورتەباڵام بینی. ئەوان وێنایەکی تەواو بوون لە هەڵکەوت و دەربڕی ئەم ڕاستییە، کە ژیانی هیچ شتێ و لەڕاستیدا هیچ شتێ پێشبینی ناکرێ. ئینسان بەڕاستی نازانێ چ ڕوودەدا.

من هەموو دەم شەیدای کورتەباڵاکان بوون سەرنجم بۆ لای خۆیان رادەکێشن.
هەر کات یەکیان دەبینم لە سەرسووڕمان و خۆشحاڵیدا لەوەدایە دڵم لە لێدان کەوێ. بەگشتی من شەیدای کورتەباڵاکانم. دەڵێن کورتەباڵاکان وەك منداڵ وان.
زۆرکەس کە کورتەباڵاکان دەبینێ ڕێك ئەوە بە بیریاندا دێ کە کورتەباڵاکان وەك منداڵ وان، بەڵام من ئەم وتەیە بە شتێکی ناڕاست دەزانم. لام وایە کورتەباڵاکان هیچ کات منداڵ نەبوون. لام وایە ئەوان بەم شێوەیەی کە هەن و هەروەك چۆن کە هەن لەدایك بوون و بەم شێوەیە هەردەم بیست ساڵیان بووە. لام وایە



کورتەباڵاکان کە لەدایك بوون بیست ساڵیان تەمەن بووە و بۆ وێنە هیچ پێویستیان بەوە نەبووە زمان فێربوون، چونکە هەر لە سەرەتاوە زمانیان دەزانی.
هەوڵدەدەم وریا بم کەس نەڕەنجێنم. پێم خۆش نییە کەس لێم زویر بێ. دەزانم کورتەباڵاکانیش کەسانێکن بە هەست و سۆز و ئاوات و خواستی وەك سەرجەم مرۆڤەکان و ناچارن هەندێ جار ڕووبەڕووی ئەم کێشانە ببنەوە.
بەمەشەوە من شەیدای کورتەباڵاکانم و سەرنجم بۆ لای خۆیان رادەکێشن.
ڕەنگە لەو ڕۆژەدا لە تۆکیۆ کۆنگرەی کورتەباڵاکان بەڕێوە چووبێ و هەموو نوێنەرەکانی ئەو کۆنگرە لە کاتژمێرێکدا بە لامدا هاتوون.

## سەرجووخە (عەریف)

سەردەمانێك حەزم دەكرد ببم بە جەنەڕاڵ. ساڵەكانی یەكەمی جەنگی دووەمی جیهانی ئەوكاتەی دەرۆیشتمە قوتابخانەی سەرەتایی، جۆشدانی گشتی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی كاغەز راگەیەندرابوو، هەموو شتێك لە سووپا دەچوو.

زۆر سەیر بوو و كارەكانیان بەم جۆرە دابەشكردبوو. ئەگەر بیست كیلۆ كاغەزت كۆكردبایەتەوە دەبووی بە سەرباز. بە سیوپێنج كیلۆ دەبووی بە سەرجووخە.( Corporal) پەنجا كیلۆ دەبووی بە مولازم. هەرچەند كێشی كاغەزەكان زیاتربووایە پلەكەت دەچووە سەرەوە، تا ئەوەی دەبووی بە جەنەڕاڵ.

...

لام وایە بۆئەوەی ببیت بە جەنەڕاڵ، پێویست بوو یەك تەن كاغەز كۆبكەیتەوە، نازانم رەنگە نیو تەنیش بەسبووایە. نازانم چەندەی پێویست بوو، بەڵام سەرەتا كاركردن بۆ كۆكردنەوەی كاغەز بەوەی بە پلەی جەنەڕاڵی بگەیت، زۆر دژوار نەبوو.

لە كاغەزە لوولەكراوەكانی ژێر دەست و پێیەوە دەستم پێكرد. هەموو یەك دوو كیلۆیەك دەبوو. بێ هیوا بووم. نازانم چۆن بوو بە بیرمدا هات كە ماڵەوە پڕە لە



كاغەز. لام وابوو ماڵەوە پڕە لە كاغەز. زۆرم پێ سەیربوو كاغەزیش دەتوانێت مرۆڤ فریو بدات.

وازم نەهێنا و ئیزنم نەدا ئەم شتە دڵساردم بكاتەوە. هەموو هێزی خۆم كۆكردەوە و ماڵ بەماڵ گەڕام بەشوێن كاغەزدا و لەم و لەوم دەپرسی ئەگەر كاغەزی بێكەڵك و زیادییان هەیە پێم بدەن، بۆئەوەی لە جۆشدانی كاغەزدا بەشداری بكەن، بۆئەوەی ئێمە جەنگەكە ببەینەوە و هێزی دوژمن ببەزێنین.

پیرەژنێك گوێی دایە قسەكانم و ژمارەیەك گۆڤاری لایفی پێدام كە تازە تەواوی كردبوو. دەرگاكەی داخستو من لەپشت دەرگاكە تەماشای گۆڤارەكەم دەكرد. گۆڤارەكە هێشتا گەرم بوو.

ماڵەكەی جیرانیان هیچ كاغەزێكیان نەبوو بمدەنێ، تەنانەت پاكەت نامەیەكیشیان نەبوو. لەبەرئەوەی منداڵێكی تر بەر لە من هاتبوو و كاغەزەكەیانی كۆكردبووەوە. ماڵی دواتر كەسی لێ نەبوو.

حەفتەیەك بەم شێوەیە تێپەڕی. دەرگا بەدەرگا، خانوو بەخانوو، كۆڵان بەكۆڵان و كێو بەكێو گەڕام و سەرەنجام ئەوەندەم كاغەز كۆكردەوە پلەی سەربازییان پێ دام. هێمای سەربازییەكەم خستە گیرفانم و رۆشتمەوە ماڵەوە. كاولم كرد. لەناو گەڕەكەكەماندا ژمارەیەكی زۆری ئەفسەر و نەقیب (سەروان)و مولازمان هەبوو. پێم عەیب بوو ئەو هێما نەفرەتییە بدوورم بە جلەكانمدا. دەبایە هەموو رۆژێك لەبەردەم ئەو منداڵانەدا پێم جووت دەكرد. هێماكەم خستە ناو كەنتۆری جلەكانم و بە گۆرەوییەكانم داپۆشی.

چەند رۆژ دواتر بەوپەڕی بێ هیواییەوە بەشوێن كاغەزدا دەگەڕام و بەختم پێی گوتم پاكەتێك كۆلیزێر لە ژێرزەمینی ماڵێكدا دۆزراوەتەوە. هەر ئەمە بەس بوو

بۆئەوەی بە پلەی سەرجووخە (عەریف)ی بگەم. هەڵبەت پلەی سەرجووخەیش چووە ژێر گۆڕەوییەکان لای پلەی سەربازی.
ئەو منداڵانەی باشترین جلەکانیان لەبەر دەکرد و پارەیەکی زۆریان بە رۆژدا پێدەدان و هەموو رۆژێك نانی گەرمیان دەخوارد بە پلەی ژێنراڵی گەیشتبوون.
ئەوان دەیانزانی کویێ گۆڤاری زۆری لێیە و دایك و باوکیان ماشێنی هەبوو. سینەیان دەدایە پێش و لە کاتی یاریی دووگولێدا نمایشان دەدا و پلەکانیان بە چاوی ئێمەدا دەکوتا. کاتی رێگاڕۆیشتنیش وەك پلەدارەکان دەڕۆشتن بە رێگادا.
زۆری نەبرد کۆتاییم هێنا بە پیشەی شکۆداری عەسکەری بوون. واتە رۆژی دواتر. رزگارم بوو بە دەست عەشقی کاغەزەوە و بە جێگایەك گەیشتم کە لەودا شکەستی چەکی گەڕاوە یان پێشینەی ماڵی خراپ، یان نامەی بەقوربانت بم کە کۆتایی دەهێنا بە بەسەرهاتی عەشقێك، بە هەموو ئەو وشانەوە کە دەنووسران خەڵکیان ئازار دەدا.



## بای زەمین

ساڵانێکی زۆر بەردەوام بە چاکە باسی چیرۆکەکانی چیرۆکنووسێکی ژاپۆنیم دەکرد و لەسەر داخوازیی من، کەسێك ئەو دیدارەی بۆ رێکخستین و ئەو ئامادە بوو یەکتر ببینین. ئێمە ئێستا لە یەکێك لە چێشتخانەکانی تۆکیۆ دانیشتووین و خەریکی نانخورادنین. چیرۆکنووس کتوپڕ، دەستی بەرەو جانتایەك درێژکردەوە چاویلکەیەکی رەشی دەرهێنا و کردییە چاوی.
ئێستا: ئێمە بەرامبەر بە یەکتر دانیشتووین و ئەو چاویلکەیەکی رەشی لەچاودایە. هەموو ئەوانەی لە چێشتخانەکەدان تەماشامان دەکەن...
...
من وا خۆم نیشان دەدەم چما ئەوە شتێکی سرووشتییە مرۆڤ لە چێشتخانە چاویلکەی رەش لەچاو بکات، بەڵام بەئارامی و بەدوور لە تووڕەبوون پێی دەگەیەنم: "تکایە ئەو چاویلکە گاڵتەجارەت لاببە"!
تەنانەت وشەیەکیش دەربارەی ئەوەی کە چاویلکەی رەشی لەچاو کردووە بەزمانمدا نەهات. دەموچاویشم وای نەدەنواند بیر لە چی دەکەمەوە. من ئەوم بە کەسێکی گەورە دەزانی. حەزم نەدەکرد کاتی نانی شەو خواردن ئەو چاویلکەیەی لەسەر

چاو بێت. تەنها بیرکردنەوەی خۆمم پێی گەیاند. دەکرێت بڵێین سێ دەقە دواتر، وەك چۆن کوتوپڕ چاویلکەکی لەچاو کردبوو، هەڵیگرت و خستییەوە ناو جانتاکەی... زۆرباش بوو.
دواتر دەربارەی بوومەلەرزەیەکی گەورە کە چەند ڕۆژ پێشتر لە تۆکیۆ ڕوویدابوو، قسەی کرد. وتی کوڕێکی هەیە کە تۆزێك گێلۆکەیە و هەرچەند هەوڵی داوە کوڕەکەی تێبگەیەنێت کە بوومەلەرزە چییە بۆ ئەوەی نەترسێت، بەڵام نەیتوانیبوو.

پرسیم: "کوڕەکەت دەزانێت با چییە؟"
"بەڵێ"
"پێی بڵێ بوومەلەرزە بایەکە لە دەروونی زەوییەوە دێت".
چیرۆکنووسە ژاپۆنییەکە ئەم بۆچوونەی منی بەدڵ بوو.
من بە کەسێکی گەورەی دەزانم.
زۆر خۆشحاڵم کە چاویلکە ڕەشەکانی لەسەر چاوی لابردووە.



## ژنەکان ئەوکاتەی بەیانیان جل دەکەنە بەر

کە ژنان بەیانیان جل دەپۆشن، دەکرێت ئاڵوگۆڕێکی جوانی بەهاکان ببینی، ئەوەی کە ئەو ژنە تا چەند تازەیە و تۆ تائێستا جلپۆشینیت نەبینیوە. خۆشەویستی یەکتریش بوون و دوێنێ شەویش پێکەوە خەوتوون و هەموو کارێکتان پێکەوە کردووە و ئێستا کاتی ئەوەیە ئەو جلەکانی بپۆشێت.
ڕەنگە تۆ نانی بەیانیت خواردبێت و ئەو کۆتەکەی کردبێتە بەری و بە لەشی نەرم و نۆڵییەوە لە چێشتخانەکەدا هاتوچۆ دەکات، بۆئەوەی خواردنێکی سادەی بەیانیانت بۆ ئامادە بکات و پێکەوە دانیشتن و تێروتەسەل دەربارەی شیعرەکانی ریکلە قسەتان کرد و سەرت سووڕما بەوەی کە ئەو چەندە دەزانێت.
ئێستا هەردووکتان ئەوەندەتان قاوە خواردووەتەوە کە ئیتر هیچتان بۆ ناخورێت و ئەو جلەکانی کردووەتە بەری و کاتی ئەوەیە بڕواتەوە بۆ ماڵی خۆیان و کاتی ئەوەیە بڕواتە سەر کار و تۆ دەتەوێت تەنها بیت، لەبەرئەوەی لە ماڵەوە بڕێك کارت هەیە و دەتانەوێت پێکەوە بڕۆنە دەرەوە و پیاسەیەکی خۆش بکەن و کاتی

**ئەوەیە تۆ بگەڕێیتەوە ماڵەوە و کاتی ئەوەیە تۆ بڕۆیتە سەر کار و ئەو لە ماڵەوە بڕێك کاری هەیە.**
**یان... ڕەنگە ئەمە تەنها عەشقە. بەهەرحاڵ ئێستا کاتی ئەوەیە ئەو جلەکانی بکاتە بەر و جلکردنە بەری زۆر جوانە. لەشی بەرەبەر دادەپۆشرێت و جلوبەرگەکانی جێگای دەگرێتەوە. جۆرێك پاکیزەیی لەم کارەدا هەیە. ئێستا جلەکانی کردووەتە بەری و سەرەتا بە کۆتایی گەیشتووە.**



## شەریکەکان

**زۆر حەزدەکەم لە سینەما هەرزانەکانی ئەمریکا دابنیشم، ئەو سینەمایانەی کە خەڵکەکانی بە بینینی فیلم، ئەلیزابێتی دەژین و ئەلیزابێتی دەمرن. لە شەقامی مارکێت سینەمایەك هەیە کە دەکرێت بە دۆلارێك چوار فیلم ببینیت. خۆ من ڕەخنەگر نیم. تەنها حەز دەکەم فیلم ببینم. هەر ئەوەی شتێك لەسەر پەردەکە بجووڵێتەوە بەسە بۆم.**
**سینەما پڕە لە ڕەشەکان، هیپپییەکان، خانەنشینەکان، سەربازەکان و مەلەوانەکان و خەڵکانێکی بێگانە کە لەگەڵ فیلمەکان قسە دەکەن، لەبەرئەوەی فیلمەکان وەك هەموو ڕووداوەکانی ژیانیان واقیعن.**
**"نا! نا! بگەڕێوە ناو ماشێنەکەت کلاید. ئەی هاوار، خوایە، خەریکن بانی دەکوژن".**
**شاعیری دانیشتووی ئەم سینەمایە منم، بەڵام لاوا نییە هیچ شتێکم لە "گوگنهایم[٥]" پێ بگات. ڕۆژێك کاتژمێر شەشی ئێوارە ڕۆیشتمە سینەما و**

---

٥- گوگنهایم: ناوی مۆزەخانەیەکە لە ئەمریکا، کە ساڵی **١٩٣٧** دروستکراوە.

یەکی بەیانی هاتمە دەرەوە. سەعات حەوت، قاچم خستە سەر قاچ، تا سەعات دە هەر بەو شێوەیە دانیشتم و تەنانەت جارێکیش لە شوێنی خۆم هەڵنەستام.
ئەوی راستی بێت، من زۆر حەز بە فیلمە هونەرییەکان ناکەم. زۆر حەز ناکەم لە سینەما لۆکسەکاندا، لای ئەو بینەرانەوە دانیشم کە باس لە کلتوور و رۆشنبیری دەکەن و باری ستاتیکایی فیلمەکانم مەبەست بێت. قەت بەو ئاستە ناگەم.
مانگی رابردوو لە یەکێك لە سینەماکانی "دوو فیلم تەنها بە حەفتاوپێنج سێنت"ی بە ناوی "رۆژگارێك لە لێواری باکوور" و فیلم کارتۆنێکم بینی دەربارەی سەگ و جووجەڵەیەك.
سەگەکە دەیویست وەنەوەزێك بدات و سەرخەوێك بشکێنێت، بەڵام جووجەڵەکە نەیدەهێشت و رووداوێك رووی دەدا کە کۆتاییەکەی دەبوو بە شەڕێکی کارتۆنی.
پیاوێك بەتەنیشتمەوە دانیشتبوو.
سپی سپی و قەڵەو نزیك بە پەنجا ساڵی تەمەن بوو و تا رادەیەك سەری رووتابووەوە و رووخساری بێبەری بوو لە هەر هەستێکی مرۆڤانە.
جلەکانی کە وەك تەلیس وابوون و هیچ مۆدێکیان نەبوو وەك ئاڵای وڵاتێکی شکستخواردوو بڵاوببووەوە لەسەری و وەك ئەوەی بەدرێژایی تەمەنی جگە لە وەسڵی حیساب هیچ نامەیەکی بۆ نەهاتبێت.
هەر لەم ساتەدا سەگی ناو فیلم کارتۆنەکە لەبەرئەوەی جووجەڵەکە نەیدەویست بخەوێت، باوێشکێکی دا و بەرلەوەی باوێشکەکەی تەواو بێت، پیاوەکەی تەنیشتم دەمی کردەوە و بەم شێوەیە بوو ئەو رۆژە لە وڵاتی ئەمریکا، سەگی فیلم کارتۆن و پیاوەکە، ئەم مرۆڤ زادە زیندووە، وەك دوو شەریك پێکەوە باوێشکیان دا.



## بینایەکی بەرز لە سەنگاپوور

ئەمڕۆ کە رۆژێکی سانفرانسیسکۆییە کە جوانییەکەی تەنها بەبۆنەی بینایەکی بەرزەوەیە لە سەنگاپوور و من لە حەوشە پیاسە دەکەم، حاڵم خراپە و بیرکردنەوەم تێکچووە.
دایکێکی گەنج لێرەوە گوزەر دەکاو لەگەڵ کچە چکۆلەکەی قسەدەکات و کچە چکۆلەکە کە منداڵتر لەوەیە بتوانێت قسە بکات، بە هەرشێوەیەك بووە بەخۆشحاڵییەوە باسی شتێك دەکات بۆ دایکی. ئەوەندە منداڵە لێی تێناگەم چی دەڵێت.
لەڕاستیدا مەبەستم ئەوەیە بڵێم ئەم منداڵە زۆر بچووکە. دواتر دایکی وەڵامێك دەداتەوە کە وا دەکات رۆژکەم تەواو روونـاك بکاتەوە، بەشێوەیەك لەوانە لەخۆشیدا باڵ دەربێنم. دەڵێت: "بینایەکی بەرز بوو لە سەنگاپوور". کچە چکۆلەکە وەك فلسێکی رەنگاوڕەنگی درەوشاوە، بەخۆشحاڵییەوە وەڵام دەداتەوە: "بەڵێ، بینایەکی بەرز بوو لە سەنگاپوور!"

## تۆڵەی چیمەن

لە مێژووی ئەمریکادا دایەگەورەم فانۆسی دەریاییەکە[٦] بۆخۆی. لە یەکێك لە شارە بچووکەکانی ئیالەتی واشنتۆن قاچاخچێتی مەشرووبی دەکرد. جگە لەمەش ژنێکی جوان بوو، نزیك بە ١٨٠ سەنتی مەتر بالآی بوو وهاوشێوەی گۆرانیبێژەکانی ئۆپێرای سەرەتای سەدەی بیستەم، ٩٠ کیلۆ کێشی بوو. شارەزاییەکەی لە ویسکی بۆربۆندا بوو و هەرچەند تا رادەیەك جێ نەکەوتبوو، بەڵام لەو رۆژانەدا کە یاسای توندوتۆڵی قەدەغەکردنی مەشرووبە کحوولییەکان بەرێوە دەچوو، ئەم ویسکییە خواردنەوەیەکی باشوو بوو کە مرۆڤی سەرخۆش دەکرد.

هەڵبەت دایەگەورەم ئالکاپۆنێکی مێینە نەبوو، بەڵام دەگێڕنەوە شاکارەکانی لە قاچاخی مەشرووب لەو ناوچەیە کۆمەڵێك ئەفسانەی سەیروسەمەرەی لێکەوتبووەوە. بۆ چەند ساڵ هەموو شارەکە وەك مۆم لە مشتیدا بووم. کەلانتەر هەموو رۆژێك تەلەفۆنی دەکرد و راپۆرتی دەدا بە نەنکم دەربارەی دۆخی ئاو و هەواو هێلکەکردنی مریشکەکان.

٦- Lighthouse



دەتوانم قسەکردنی لەگەڵ کەلآنتەر بێنمەوە بەرچاوی خۆم: "زۆرباشە، کەلآنتەر. هیوادارم دایکت بە زووی چاك بێتەوە. منیش حەفتەیەك لەمەوپێش سەرمام بوو و قورگ ئێشەیەکی ناخۆشم گرت. ئێستاش مشەمشم دێت. سڵاوی دایکت بگەیەنە و هەرکات لای ماڵی ئێمەوە رەت بووی سەردانێکمان بکە. ئەو لەو بارەیەشەوە شتێکت ویست دەتوانی بێیت و بیبەی، یان چاوەڕێ بیت کە جاك بە ئۆتۆمبێلەکەی گەڕایەوە پێی دەدەم زوو بۆت بێنێ بۆ ئەوێ".

"نا، لام وا نییە ئەمساڵ بتوانم بێم بۆ کۆڕ و جێژنی ئاگرکوژێنەوەکان، بەڵام خۆت دەزانی من هەموو دەم بیرم لای ئاگرکوژێنەوەکانە، ئەگەر ئەمشەو منت لەوێ نەبینی بە منداڵەکان بڵێ. نا، هەوڵ دەدەم خۆم بگەیەنم، هێشتا نەخۆشییەکەم چاك نەبووەتەوە و ئاوی لووتم هەیە. بەشەودا زیاتر سەرهەڵدەداتەوە.

دایەگەورەم لە خانوویەکی سێ نهۆمی دژەیا کە هەر ئەوکاتیش کۆن ببوو. ماڵەکەی حەسارێکی هەبوو لەبەرئەوەی لەمێژ بوو رەنگی چیمەنی بە خۆیەوە نەدیبوو و باران لە ناوی بردبوو، لە حەوشەکەدا دار هەرمێیەکی لێ بوو.

هیچ نیشانەیەکیش بەو پەرژینە نەدەبینرا کە سەردەمانێك کێشرابوو بەدەوری چیمەنەکەدا و خەڵك زۆر ئاسان بە ئۆتۆمبێلەکەیانەوە تا بەردەم هەیوانەکە دەڕۆیشتن. حەوشەکەی پێشەوە بە زستان دەبوو بە چاڵەقوڕ و بەهاویندا وەك بەرد پتەو دەبوو.

جاك هەموو کات جنێوی دەدا بە حەوشەکە. وەك ئەوەی حەوشەکە تێبگات و زمانی هەبێت. جاك ئەو پیاوە بوو سی ساڵ لەگەڵ دایەگەورەم ژیابوو. باوەگەورەم

نەبوو. پیاوێکی ئیتاڵیایی بوو کە ڕۆژێك کوتوپڕ پەیدابوو بەوەی چەند پارچە زەوییەك لە فلۆریدا بفرۆشێت.
ئەو پیاوە لە ولاتێکدا کە خەڵك سێویان دەخوارد و بارانی زۆر دەباری، خەونی پرتەقاڵ و هەتاوی هەتاهەتایی دەفرۆشت.
جاك لەبەردەم خانووەکەی ماڵی نەنکمدا قوتبووەوە بۆئەوەی پارچە زەوییەك کە تەنها چوار هەنگاو لە ناوەندی مەیامەیەوە دووربوو، بفرۆشێتە نەنکم، بەلاَم دوای حەفتەیەك بوو بە کەسێك کە ویسکییەکانی نەنکمی دەگەیاندە کڕیارەکان.
سی ساڵ لەوێ مایەوە و فلۆریداش بێ ئەو ژیا.

جاك چاوی بەرایی نەدەدا حەوشەکە ببینێت لەبەرئەوەی لای وا بوو ئەو حەوشەیە کەوتووەتە بەرقا لەو. کە جاك هات، چیمەنێکی جوان لەناو حەوشەکەدا بوو، بەلاَم جاك چیمەنەکەی بەرەلاَ کرد بۆئەوەی لەناوبچێت. بە هیچ شێوەیەك ئامادە نەبوو ئاوی بدات، یان چاودێریی بکات.
ئیتر زەوییەکە ئەوەندە پتەو سفت ببووەوە هاوینان ئۆتۆمبێلەکەی جاکی پەنچەر دەکرد. حەوشەکە هەمووەدەم پڕبوو لە مێخ، شتێکی بەدەستەوە بوو بیکات بە تایەی ئۆتۆمبێلەکەدا، زستانانیش کە وەرزی باران دەهات قوڕ ئۆتۆمبێلەکەی دادەپۆشی.
چیمەنەکە بەشێك بوو لە موڵکی باوەگەورەم، کە دوایین ڕۆژەکانی تەمەنی لە نەخۆشخانەیەك بردەسەر. ئەو چیمەنە جێگای شانازیی و دڵخۆشی باوەگەورەم بوو و دەیانگوت هەموو هێزی خۆی لەو چیمەنە وەردەگرێت.



باوەگەورەم نیمچەعارفێکی واشنتۆنی بوو کە ساڵی ١٩١١ ڕێکەوتی تەواوی جەنگی یەکەمی جیهانی پێشبینی کردبوو. ٢٨ی جوونی ١٩١٤، بەلاَم ئیتر ئەوە زۆر زێدەڕۆیی بوو بۆی. خۆی بە نسیبی نەبوو لە دەستڕەنجەکەی بخوات. لەبەرئەوەی ساڵی ١٩١٣ ناچار بوون بیبەن و ئەو ١٧ ساڵ لە نەخۆشخانەیەك لای وابوو منداڵە و هێشتا ٣ی مانگی مای ١٨٧٢-ە.
لای وابوو شەش ساڵی تەمەنە و هەوا هەورییە و لەوەدایە ببارێت و دایکی کێکی بۆ دروست دەکات. تا ساڵی ١٩٣٠ کە مرد، هەموو ڕۆژێك بۆ ئەو ڕۆژی ٣ی مای ١٨٧٢ بوو. ئەو کێکەش ١٧ ساڵی تەواو لەناو فڕنەکەدا مایەوە.
وێنەیەك لە باوەگەورەم بەجێماوە. من زۆر لەو دەچم. تەنها جیاوازیمان ئەوەیە من بالاَم زیاتر لە سەدوهەشتا سەنیتمەترە و بالاَی ئەو سەدوپەنجا نەدەبوو. باوەڕێکی سەیری هەبوو، لای وابوو ئەم بالاَکورتەی، ئەم هەمووە نزیك بوونە بە زەوی و چیمەن، یارمەتی داوە بەوەی ڕۆژی دەستپێکردنی جەنگی یەکەمی جیهانی بە دروستی پێشبینی بکات.
جێگای شەرم بوو کە جەنگ بەبێ ئەو دەستی پێکرد. ئەگەر دەیتوانی ساڵێکی تر بەر بە منداڵییەتی خۆی بگرێت و ئەو کێکە لەبیر بکات، هەموو خەونەکانی بە دی دەهات.
دیوارەکەی ماڵی دایەگەورەم دوو شوێنی ڕووخاو بوو، قەت کەس دروستی نەدەکردەوە، یەکیان بەم شێوە دروست بوو: کە پاییز دادەهات هەرمێکانی سەر دارەکەی حەوشەکە دەگەیشتن و هەرمێکان دەکەوتنە زەوی و دەگەنان و زەردەواڵەکان کۆدەبوونەوە و بەسەر هەرمێ ڕزیوەکاندا دەخولانەوە.

زەردەواڵەکان بەم شێوەیە عادەتیان بوو هەموو ساڵێك دوو سێ جار بدەن بە جاکەوە و لەم کارەشدا زۆر لێهاتوو بوون.

جارێك زەردەواڵەیەك رۆشتە جزدانی پارەی جاکەوە، جاکی دایك مردووش بێئاگا لەوەی چی خستووەتە ناو جزدانەکەی، رۆیشتە دووکان بۆئەوەی شتێك بکڕێت بۆ خواردنی شەو. جزدانەکەی دەرهێنا کە پارەکە بدات.

خاوەن دووکان: "٧٢ سەنت دەکات".

جاك هەر کە سەری داخست زەردەواڵەیەکی بینی کە خەریکە دەدات بەقامکە چکۆلەیەوە، وتی: "ئاخخخخخخخخ".

یەکەم رووخانی ماڵەکەش هۆکارەکەی زەردەواڵەیەکی تر بوو کە لەو پاییزەدا کە هەرمێ زۆر بوو و بازاڕی بۆرسە دابەزیبوو، هەڵفڕی و لەسەر جگەرەی بەرگەکەی جاك نیشتەوە کە خەریك بوو بە ئۆتۆمبێلەکەی دەهاتە ناو حەوشەکەوە.

زەردەواڵەکە بەرەو قنچکی جگەرەکە رۆیشت و جاك تەنها دەیتوانی بە ترسەوە چاوی بقووچێنێ، دواتر زەردەواڵەکە دای بە لێوی سەرەوەی جاکەوە: جاکیش تەنها پەرچەکردارێك کە بەرامبەر بە زەردەواڵەکە نواندی، ئەوە بوو دەستبەجێ ئۆتۆمبێلەکەی بدات بە خانووەکەدا.

دوای ئەوەی جاك هێشتی چیمەنەکە لەناو بچێت، حەوشەی پێشەوە بەسەرهاتی زۆری بەسەردا هات. ساڵی ١٩٣٢ رۆژێك جەك رۆشتبووە دەرەوە شتێك بۆ دایەگەورەم بکڕێت، یان شتێك ببات، یان چوزانم کارێك بکات. نەنکیشم دەیوست مەعجوونی ماڵتە (Malt paste) کۆنەکە بڕێژێ و سەرلەنوێ ماڵت تەڕ بکات.



لەبەرئەوەی جەك لە ماڵ نەبوو، دایەگەورەم بە ناچاریی خۆی قۆڵی لێ هەڵماڵی و جلی کاری تایبەت بە رێگای ئاسن کە کاتی کارکردن لەسەر ئامێری دڵۆپاندن دەیکردە بەری، کردە بەر و مەعجوونەکانی کردە ناو عارەبانەیەك و لە حەوشەکەدا رۆی کرد.

نەنك پۆلێك قازی سپی هەبوو وەك بەفر کە بەدەوری خانووەکەدا دەخولانەوە و لەبەرئەوەی لەو کاتەوەی جەك هاتبووە فلۆریدا، ئیتر ئۆتۆمبێلەکەیان نەدەبردە گەراجەکە، قازەکان لەناو گەراجەکەدا دەمانەوە.

جەك لەسەر ئەو باوەڕە بوو باش نییە ئۆتۆمبێلەکان خانوویان هەبێت. لام وایە لە وڵاتە کۆنەکەی خۆیدا ئەمە فێر ببوو. لەڕاستیدا ئەمە مەتەڵێك بوو کە وەڵامەکەی ئیتاڵیایی بوو، لەبەرئەوەی جەك کاتی قسەکردن لە گاراج تەنها بە ئیتاڵیایی بۆڵەبۆڵی دەکرد. دەربارەی هەموو شت بە ئینگلیزی قسەی دەکرد، بەڵام دەربارەی گەراج بە ئیتاڵیایی.

دوای ئەوەی نەنکم مەعجوونی ماڵتەکەی(Malt paste) لە حەوشەکە رژاند و گەڕایەوە ژێرزەمینەکە، بۆ لای ئامێری دڵۆپاندنەکە، هەموو قازەکان لەدەوری مەعجوونەکە کۆبوونەوە و دەستیان کرد بە قسەکردن و گفتوگۆ.

بەهەڵەدا نەچووبێتم دوو لای گفتوگۆ سەرەنجام بە یەك را گەیشتن. لەبەرئەوەی بەیەکەوە دەستیان کرد بە خواردنی مەعجوونەکە و چاوەکانیان درەوشایەوە و درەوشایەوە و دەنگیان بەرزتر بووەوە.

دوای ماوەیەك یەکێك لە قازەکان سەری کرد بەناو مەعجوونەکەدا و لەبیری چوو سەری دەربێنێت. قازێکی تر وەك شێت قات قاتی کرد و دواتر هەواڵی دا لەسەر

قاچێکی بوەستێت وەك دەبلیو، سی، فیلدز لاسایی حاجی لەقلەقەکان بکاتەوە. خولەکێك وا مایەوە و دواتر بەپشتدا کەوت بەسەر پەڕەکانی کلکیدا.

که دایکه گەورەم هات، هەرکامەیان بە هەمان شێوە کە کەوتبوون، هەر لەوێ بەدەور مەعجوونەکەدا گیریان کردبوو. دیمەنەکە بەشێوەیەك بوو وەك ئەوەی دەستدرێژیان لێ کرابێت. نەنکم سەری بەرز گرتبوو و تەماشای کردن و لای وابوو هەموویان مردوون.

نەنکم یەك بە یەك پەڕەکانی کردنەوە و بە رووت و قووتی خستنییە ناو عارەبانە و بردیانییە ژێر زەمینەکە. بۆئەوەی بە نۆبە بیانباتە ژێر زەمینەکەوە، ناچار پێنج جار رۆشت و هاتەوە.

لە لای ئامێری دلۆپاندنەکە وەك کۆتەرەدار خستیانی بەسەر یەکدا و چاوەڕێی جاك بوو بێت یەکیان دانێت بۆ نانی شەو و ئەوانی تر لە شاردا بفرۆشێت، بەڵکو پارەیەکیشیان لێ دەستکەوێت. کە کارکردنی لەسەر ئامێری دلۆپاندنەکە تەواو بوو رۆیشتە سەرەوە سەرخەوێك بشکێنێ.

نزیك بە سەعاتێك بوو قازەکان خەبەریان ببووەوە. شەکەت و ماندوو. هێشتا بەزۆر هەوڵیان دەدا خۆیان لەسەر پێ راگرن، کوتوپڕ یەکێك لە قازەکانی بینی پەڕی پێوە نییە. قازەکانی تری ئاگادارکردەوە پەڕیان پێوە نەماوە. هەموویان نیگەران بوون.

دواتر قازەکان پۆلێك لە ئەندامانی غەمناك و دڵشکاویان پێکهێنا و بەنارەزایەتی بەو دۆخەی بەسەریان هاتبوو لەژێر زەمینەکە چوونە دەرەوە و لەژێر دارهەرمێکەدا کۆبوونەوە و رێك ئەم کاتە بوو جاك بە ماشێنەکەیەوە هاتە ناو حەوشەکە.



که جاك قازە بێ پەڕەکانی بینی وەستاون، رەنگە کەوتبێتەوە یادی ئەو رۆژەی زەردەواڵە دای بە لێویەوە، لەبەرئەوەی دەستبەجێ جگەرەی بەرگەکەی کە بە لێویەوە بوو، خستە ناو دەمی و وەك شێتەکان هێنایە دەرەوە و بە هەموو هێزییەوە فڕێی دا. ئەم کارە بوو بەهۆی ئەوەی دەستی لە جامی پێشەوە رەت بێت و بەهای ئەم کارە شیرینە ۳۲ تەقەڵ بوو.

قازەکان وەك ریکلامەکانی ئاسپرینە کۆنەکانی ئەمریکا کە بەکەڵکی هیچ نەدەهاتن، لەژێر دار هەرمێکەدا وەستان و چاویان بڕییە جاك، جاك بۆ دووەمین جار و دوایین جار لە سەدەی بیستەمدا بە ئۆتۆمبێلەکەی خۆی دا بەدیوارەکەدا.

یەکەم شتێك لە ژیان لەبیرمە لەناو حەوشەی ماڵی دایەگەورەمدا بوو. ساڵی ۱۹۳٦ یان ۱۹۳۷ بوو. لەبیرمە پیاوێك، رەنگە جاك، خەریك بوو دارهەرمێکەی دەبڕی و دواتر نەوتی کرد بەسەریدا.

ئەوەی ئینسان ببینێت، پیاوێك دارێکی دە دوانزە مەتری خستووەتە سەر زەوی و بە دەبە نەوت دەکات بەسەریدا و دواتر لە حاڵێکدا هێشتا میوەی دارەکە کاڵن ئاگری تێ بەر بدا، تەنانەت وەك یەکەم بیرەوەریی ژیان زۆر سەیرە.

سەرچاوە:

http://www.dibache.com/text.asp?cat=3&id=3009

## چیرۆكێكی كورت دەربارەی ژیانی هاوچەرخ لە كالیفۆڕنیا

تا حەز بكەن چیرۆك هەیە كە سەرەتاكەی داهێنەرانە و نوێ بێت، بەڵام ئەمە چیرۆكێك نییە لەو چیرۆكانە. لام وایە تەنها ڕێگایەك كە بكرێ چیرۆكێك دەربارەی ژیانی هاوچەرخ لە كالیفۆڕنیا بنووسین، ئەو كارەیە جاك لەندەن لە سەرەتای گورگی دەریادا كردی.

ئەم سەرەتایە بۆ ساڵی ١٩٠٤ شتێكی گونجاو بوو. دوور نییە بۆ ساڵی ١٩٦٩ش وا بێت. لام وایە سەرەتایەكە كە دەتوانێ دەیەكان بەجێبێڵێت و ئیشی چیرۆكەكەی ئێمەی پێ جێبەجێ بكرێت، لەبەرئەوەی ئێرە كالیفۆڕنیایە و چمان پێ خۆش بێت دەیكەین. ڕەخنەگرێكی ئەدەبی دەوڵەمەندیش خەریكە سواری بەلەمێك دەبێ بۆئەوەی كەنداو بەجێبهێڵێت و بڕوات بۆ سانفرانسیسكۆ. دوو سێ ڕۆژی لە Mill Valley لە كوخی یەكێك لە هاوڕێكانی بەسەربردووە، ئەو هاوڕێیەی بە زستان لەم كوخەدا دەمێنێتەوە شۆپنهاوەر و نیچە دەخوێنێتەوە. هەرسێكیان پێكەوە رادەبوێرن. ڕەخنەگر ئەو كاتەی لەناو تەم و مژەكەدا لەسەر كەنداوەكە بەرەو سانفرانسیسكۆ دەڕوات لە بیری ئەوەدایە وتارێك بنووسێت



بەناوی "پێویستی ئازادی، داكۆكی لە هونەرمەند". هەڵبەت ڤۆڵف لارسێن (wolf Larsen)بە مووشەكی ژێر ئاو، دەدا لە بەلەمی ڕەخنەگرە بۆرژوا گەنجەكە و ڕەخنەگر بە دیل دەگرێ و دەیكات بە خزمەتكاری پاپۆڕەكەی و ڕەخنەگر ناچار دەكات جلی گاڵتەجاڕانە لەبەر بكات و هەركەس و ناكەسێك گاڵتەی پێ دەكات، ڕەخنەگر لەگەڵ ڤۆڵفی پیردا گفتوگۆی ڕۆشنبیرانەی هەیە، بە شەق تێی هەڵدەدەن، ملكەچی ئەو سەرشۆڕییە دەبێت، پلەی بەرز دەبێتەوە، دەبێ بە جێگری كەشتییەوان، گەورە دەبێ، عەشقی ڕاستەقینەی، موود، دەدۆزێتەوە و لە دەستی ڤۆڵف هەڵدێ، لە ناوەڕاستی ئۆقیانووسی ئارام بەو گەورەییە بە بەلەمێكی سەوڵی داشقە، بەملاولادا دەڕوات. دەگاتە دوورگەیەك، كۆخێكی بەردین ساز دەكات، بە دار و تێلا سەگی دەریایی ڕاو دەكات، كەشتییەكی تێكشكاو چاك دەكاتەوە، جەنازەی ڤۆڵف دەخاتە دەریاوە، كەسێك ماچی دەكات و... هتد. ئەم هەموو شتەمان گێڕایەوە بۆئەوەی چیرۆكی ژیانی هاوچەرخ لە كالیفۆڕنیا بگێڕینەوە كە نزیك بە ٦٥ ساڵ دواتر تەواو دەبێت.

## کۆکردنەوەی کالیفۆڕنیاییەکان

منیش وەك زۆربەی کالیفۆڕنیاییەکان خەڵکی شوێنێکیترم و کالیفۆڕنیا لەبەر ئامانجەکانی خۆی منی هێناوەتە ئێرە، ڕاست وەك گولێکی ئاسنخۆر، کە خۆر و باران کۆ دەکاتەوە و دواتر لاسەکانی بەرەو شەقامەکان پان دەکاتەوە و ئۆتۆمبێلەکان هان دەدا بێنە ناویەوە، بە ملیۆن ئۆتۆمبێل تەنها لەناو گولێکدان کە لەبەر قەرەباڵغی بۆنی لەدەست داوە و هێشتا جێگای بۆ چەند میلیۆنی تر هەیە.

کالیفۆڕنیا لە شوێنەکانی ترەوە کۆماندەکاتەوە لەبەرئەوەی پێویستی پێمانە. تۆ دەبەم، تۆ، تۆ، تۆ،... منیشی لە ناوچەکانی باکووری ڕۆژئاواوە هێناوە، سەرزەمینێك کە جنۆکە چووەتە پێستییەوە. سرووشت لەگەڵ خەڵکەکەی سەمای Minuet دەکات و لە پێشتریش لەگەڵ من سەمایMinuet ی دەکرد.

ئەو ئەو شتانەی دەمناسی لەگەڵ خۆم هێناومە بۆ کالیفۆڕنیا. ساڵانێکی زۆری جۆرێکی تری ژیانکردن کە هیچکات حەز ناکەم بگەڕێمەوە بۆ ئەو ساڵانەو ئەگەریش حەز بکەم ناتوانم بگەڕێمەوە، هەندێ جار لام وایە ئەوەی لە ڕابردووی



مندا بووە، بۆ کەسێکی تر ڕوویداوە، کەسێك کە بەشێوەیەکی شاراوە جەستە و ڕۆحی لەگەڵ من تێکەڵ بووە و بووە بە یەك.

سەیرە، کالیفۆڕنیا حەز دەکات خەڵکاکان لە هەرشوێنێکی ترەوە کە دەستی پێیان دەگات، بخاتە داوەوە و هەتا ئەو شتانەی دەمانزانی بەجێی بێڵین، ئێستا ئێمە هەموومان لێرە لە کالیفۆڕنیا کۆبووینەتەوە، وەك ئەوەی ئێمە خودی وزە بین، سێبەری ئەو گوڵە ئاسنخۆرە، ئێمەی لە ژیان لە شوێنەکانی ترەوە پەلکێش کردووە بۆئەوەی بێین بۆ ئێرە و ئێستا دەیەوێ کالیفۆڕنیا وەك تاج مەحەل لێبکەین بۆ ئەوەی سەرەنجام پارکۆمەتر[٧]ێك ڕێك بخەین

٧- پارکۆمەتر: کەرەسەیەکە کە پارەی دەخەیتە ناو و ئیزنی پارك کردنی سەیارە وەردەگریت



**چاڕڵز بۆکۆفسکی**

## چارڵز بۆکۆفسکی

هێنری چارڵز بۆکۆفسکی (Charles Bukowski) شاعیر و چیرۆکنووسی لۆسانجلسی، ١٦ی ئۆگۆستی ١٩٢٠ له شاری ئاندراخی ئەڵمانیا لەدایك بوو. دایکی ئەڵمانییەکی رەسەن و باوکی کەسێکی ئەڵمانی-ئەمریکایی بوو. ساڵی ١٩٢٣ بنەماڵەکەی لە ئەڵمانیاوە بەرەو ئەمریکا کۆچیان کرد و سەرەتا لە بالتیمۆر، گەورەترین شاری لە ئەیالاتی مریلەندی ئەمریکا نیشتەجێ بوون و دواتر روویان کردە واشنتۆن. لە تەمەنی ٢٤ ساڵیدا کورتەچیرۆکی "سەرەنجامی نووسراوەیەکی درێژی رەتکراوە"ی لە گۆڤارێکی تایبەت بە چیرۆك چاپکرد. دوو ساڵ دواتر چیرۆکی "٢٠ ریزلێنان لە کاسڵدان"ی چاپکرد.

لە کتێبەکانی ئەم نووسەرە ناودارە دەکرێت ئاماژە بەم بەرهەمانە بدەین:

١- دایرەی پۆستە (Post office) (١٩٧١).

٢- هەزار ئەرك (١٩٧٥).

٣- ژنەکان (١٩٧٨).

٤- مۆسیقای ئاوی گەرم.

٥- هالیوود (١٩٨٩).

٦- زبڵ (١٩٩٤).

بۆکۆفسکی ماوەیەك دوای نووسینی رۆمانی زبڵ، ساڵی ١٩٩٤ بەهۆی نەخۆشی شێرپەنجەوە لە تەمەنی ٧٢ ساڵیدا ماڵئاوایی لە ژیان کرد.



## دوکتۆری نازی

من پیاوێکم کە کێشەم زۆرە، لام وایە زۆربەی ئەو کێشانە خۆم درووستم کردووە. مەبەستم ئەو کێشانەیە لەگەڵ ژنەکان، قومار و دوژمنایەتی لەگەڵ تاقم و گرووپەکانی خەڵك هەمە، هەرچەند ئەم تاقم و گرووپانە گەورەتر بن، دوژمنی من لە گەڵیان زۆرترە. دەڵێن کەسێکی بێزارکەر و رەشبینم. هێشتا جوان لەبیرمە ژنێك قیژاندی بەسەرمدا: "بەنەفرەت بیت تۆ هەموو شت بەرەش دەبینی! ژیان دەتوانێت جوان بێت".

بیرلەوە دەکەمەوە دەتوانێت جوان بێت، بەتایبەت ئەگەر تۆزێك کەمتر بقیژێنن، بەڵام حەز دەکەم باسی دکتۆرەکەم بکەم. من نامە لای دکتۆری دەروونناسی. دکتۆرێکی دەروونناسی خۆبەزلزانی بێکەڵك، بەڵام دکتۆرێکی باش زۆربەی جارەکان یان دەبێت بەهۆی بێزاریی مرۆڤ یان مرۆڤ تووڕە و شێت دەکات و هەربەم هۆیە زیاتر سەرقاڵ دەبێت.

رۆیشتمە عیادەکەی دکتۆر کیپن هۆر هەر لەبەرئەوەی نزیکترین عیادە بوو. دەستەکانم بلووقی بچووکی کردبوو، کە وادیار بوو هێمای دڵەڕاوکەی زۆر بوو یان رەنگە شێرپەنجە. دەستکێشی کارکردنم کردبووە دەستم، بۆئەوەی کەس

تەماشای دەستم نەکات. بەهۆی کێشانی دوو پاکەت جگەرەوە لە رۆژدا دەستکێشەکانم سووتاندبوو.

چوومە ژووری چاوەڕوانییەوە. یەکەم کەس بووم کە بڕۆمە ژوورەوە. لەبەرئەوەی تووڕە بووم نیو سەعات زووتر گەیشتمە عیادەکە. دانیشتم و بیرم لە شێر پەنجە دەکردەوە. بەناو ژووری چاوەڕوانییەکەدا دەهاتم و دەڕۆشتم و چاوم لە ژووری کاری دکتۆر کرد. پەرستار و سکرتێرەکە بە جلی تایبەتی سپییەوە لەسەر زەوی دانیشتبوون. جلەکانی تا سەر سمتی هەڵکشاوە و رانەپتەو و گەورەکانی لەژێر گۆرەوییە ناسکەکانەوە دیاربوون. بەتەواوی شێرپەنجەم لەبیرچووەوە. ئەو ئاگای لە من نەبوو. منیش هەر چاوم بڕیبووە رانە قەڵەو و رووتەکانی و چاوم بڕیبووە سمتی هەستبزوێنی. خەریکبوو زەوی وشك دەکردەوە. ئاوی تەوالێتەکە هاتبووە سەر و ئەو جنێوی دەدا. هەستبزووین بوون. جلەکانی پەمەیی و قاوەیی بوون، شاد و رووت و من چاوم تێبڕیبوو.

سەری بەرزکردەوە و وتی: "بەڵێ؟"

وتم: "کارەکەتان بکەن. کاتتان ناگرم".

وتی: "ئاوی ئەم تەوالێتە زوو زوو دێتە سەر".

من لەسەر گۆڤاری لایفەوە خەریکی چاولەوەڕاندن بووم و ئەویش هەر خەریکی وشککردنەوەی زەوییەکە بوو. سەرەنجام تەواو بوو. منیش چوومە سەر قەنەفەکە دانیشتم. خەریکی هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی رۆژژمێرەکە بوو.

: "تۆ بەڕێز جیناسکیت؟"

: "بەڵێ".



: "بۆچی دەستکێشەکانی دەرناهینیت؟ ئێرە گەرمە".

: "حەز دەکەم لە دەستمەوە بێت. هەڵبەت ئەگەر کێشەیەکت لەگەڵ ئەم شتەدا نەبێت".

: "دکتۆر کیپن هۆر ئێستا دێت".

: "زۆرباشە چاوەڕێی دەبم".

: "کێشەکەت چییە؟"

: "شێرپەنجە".

: "شێرپەنجە؟"

: "بەڵێ".

پەرەستارەکە رۆیشت و من لایفم خوێندەوە و دواتر ژمارەیەکی تری لایفم خوێندەوە. دواتر وەرزش و دواتر چاوم بڕییە چەن رەسمێك لە دەریا و دیمەنەکان. دەنگی بەردەوامی مۆسیقا لە شوێنێکەوە دەهات و دەبیسترا. دواتر کوتوپڕ سەرجەم چراکان کوژێنرانەوە و دواتر هەڵکران و پاشان دکتۆر هاتەناوە و من بیرم لەوە دەکردەوە رێگایەك هەیە دەستدرێژیی بکەمە سەر ئەم پەرەستارە. خۆم تێنەگەیاند کە دکتۆر هاتووە و ئەویش گوێی بە بوونی من نەدا لەوێ، بەم شێوەیە وەك یەك بووین.

بانگی کردمە ژوورەکەی خۆی. لەسەر کورسییەك دانیشتبوو و تەماشای کردم. دەموچاوی زەرد بوو و قژی زەرد و چاوی هیچ بریسکانەوەیەکی تێدا نەبوو. رەنگی مردووی لێ نیشتبوو. نزیك بە چلودوو ساڵی تەمەن بوو. بەچاولێکردنێك وای بۆچووم شەش مانگی تر دەمرێت.

پرسی: "ئەم دەستکێشانە چییە لە دەستتدا؟"
: "هەستیاری (حەساسییەت)م زۆرە دکتۆر".
: "بەڵێ؟"
: "کە زایە دەبێ پێت بڵێم سەردەمانێك نازی بووم".
: "کیشە نییە".
: "واتە بۆت گرنگ نییە من سەردەمانێك نازی بووم؟"
: "نا، بەلامەوە گرنگ نییە".
: "بەدیل گیرابووم. خستیانینە پشت پیکابێکی گواستنەوەی ئاژەڵ و بەناو فەڕەنسادا گەڕاندیانین و خەڵك لە قەراخ جادەکان وەستابوون و بۆمبی پیسایی و بەرد و هەموو جۆرە زبڵێك کە بیری لێدەکەیتەوە لە ئێسکی ماسییەوە بگرە تا گیای رزاو و گەن و گوویان فڕێدەدا بۆمان، دەیاندا پێماندا.
دواتر دکتۆر دانیشت و دەربارەی ژنەکەی قسەی کرد. ئەو ژنەی هەوڵی دابوو بە ریشەیدا بچێتە خوارەوە. سۆزانییەکی تەواو بوو. هەوڵی دابوو هەموو پارە، خانوو، باخ و خانووی هاوینەی داگیر بکات. هەوڵیشیدابوو باخەوانەکە بکوژێت، رەنگە تائێستا ئەم کارەی کردبێت. ئۆتۆمبێلەکەش. پارەی پاشکەوت. ئەم ژنە ترسێنەرە. دکتۆرەکە خۆی ماندوو دەکات و بەردەوام کار دەکات. رۆژی پەنجا نەخۆشی دەبینیی و بۆ هەر نەخۆشەش دە دۆلاری وەرگرتووە. بەمەشەوە زۆر بە دژواریی دەژیا و ئەو ژنە، ژنەکان، بەڵێ ژنەکان. وشەکانی بۆ شیتەڵ دەکردمەوە. من لەبیرم دەچووەوە کە باسی ژنی دەکرد یان ژنبوون یان شتێکی تر، بەڵام ئەو



بە بەڵگاندنەوە دەگەیشتە لاتینیی وشەکان و وشەکانی شی دەکردەوە و دەیخستەڕوو، رەگی ئەم وشانە چی بووە: ژنەکان لە بنەڕەتدا شێت بوون.
کە باسی لە شێتبوونی ژنەکان کرد، ئەو قسەیەی دکتۆرم بە دڵ بوو و سەرم بۆ راوەشاند.
کوتوپڕ فەرمانی پێدام بەرەو کێشانەیەك بڕۆم، کێشی کردم. دواتر بە سەماعە (گووشی)ەکەی گوێی دایە لێدانی دڵم و دواتر سییەکانم. بە تووڕەییەوە دەستکێشەکانی دەرهێنام، بلووقەکانی بە گوێزانێك بڕی و لە حاڵێکدا هێشتا خەریکبوو باسی خراپەی ژنەکان و هەستێکی تۆڵەسەندنەوە کە لە دڵی هەموو ژنەکاندایە، دەکرد. گرێکان کێشەیان هەیە. ژنەکان لەلایەن گرێکانەوە رێنوێنی دەکرێن. ئەو گرێیانەی لە دڵیاندایە. پیاوەکان دڵیان فەرمانیان پێدەدات. هەربۆیە تەنها پیاوەکان ئازار دەچێژن.
پێی گوتم دەستەکانم بە جوانی بشۆرم و ئەو دەستکێشە نەفرەتییانە فڕێ بدەم.
بڕێك زیاتر باسی ژنەکان و ژنەکەی خۆی بۆ کردم و دواتر ئەوێم بەجێهێشت.
کێشەی ترم ئەوە بوو سەرم بەگێژەوە دەهات، بەڵام تەنها ئەو کاتانەی لە ریزدا دەوەستام سەرم بەگێژەوە دەهات. لە وەستان لە ریزدا زۆر دەترسام. نەمدەتوانی راوەستم لە ریزدا.
زانیم لە ئەمریکا و رەنگە لە هەموو شوێنێك خەڵك لە ریزدا دەوەستن. ئێمە خۆ لە هەموو شوێنێك لە ریزداین. ئیجازەی شۆفیری: سێ یان چوار ریز. مەیدانی ئەسپ ئاژووتن: ریزی سینەما. ریزی بازار. ریز. لە ریز بێزارین. هەستم کرد بۆ دوورکەوتنەوە لە ریزگرتن دەبێ رێگایەك هەبێت. دواتر رێگاکم دۆزییەوە.

زیادکردنی ژمارەی یاریدەدەرەکان. ڕێگاچارە ئەمە بوو. بۆ هەرکەسێك کە سەردانی دەکرد دوو یاریدەدەر یان سێ یاریدەدەر. یاریدەدەرەکان لە ریزدا رابگرین.

زانیم سەرەنجام ئەم ریزانە دەمکوژن. هەرچەند ئەم ریزانە بۆ خەڵکانی تر شتێکی ئاسایی بوو، بەڵام من نەمدەتوانی وەك شتێکی ئاسایی وەریبگرم. ئەوانی تر کەسانێکی سروشتی بوون. ژیان بەلایانەوە جوان بوو. ئەوان بێ ئەوەی هەست بە ئازار بکەن، ژیانیان بەڕێ دەکرد. دەیانتوانی تا ئاخری تەمەنیان لە ریزدا بوەستن. تەنانەت پێیان خۆش بوو لە ریزدا بوەستن. لە ریزدا قسەیان دەکرد، گاڵتەیان دەکرد، پێدەکەنین و رایان دەبوارد لەگەڵ یەکتر. ئیشی تریان نەبوو. بیریان لە کاریکی تریش نەدەکردەوە. من دەبوایە تەماشای گوێ و دەم و گەردەن و پێ و سمت و کونی لوتیانم کردبا، تەماشای هەندێ کاریتریشم کردبا. من تیشکی مەرگم هەست پێدەکرد کە وەك دووکەڵ لێی دەهاتە دەرەوە، کە گوێم دەدایە قسەکانیان دەمویست هاوار بکەم: "خوایە، کەسێك یارمەتیم بدات! ئەوە راستە من تەنها بۆ کڕینی تەنها نیو کیلۆ هەمبەرگر یان نانێك گوێ بدەمە هەموو ئەم قسانە؟"

دواتر سەرەگێژە دەستی پێکرد و بۆئەوەی نەکەوم، پێکانم داچەقاندە سەر زەوی و فرۆشگاکە بەدەوری سەرمدا دەخولانەوە و دەموچاوی فرۆشیارەکان بەو سمێلە زەرد و قاوەیی و چاوە گەش و شەیتانیانەیانەوە، هەموویان دەیانگوت رۆژێك دەبن بە بەڕێوەبەری فرۆشگاکە، بە رووخساری گەش و شادەوە، لە ئارکادیا



خانوویەك دەکڕن و هەموو شەوێك سواری ژنە پیزانەکانی خۆیان دەبن کە بلۆند بوون و وەك مانگ دەدرەوشانەوە.

جارێکی تر دەچوومەوە لای دکتۆر. یەکەم کەس بووم دکتۆر ببینم. نیو سەعات زووتر گەیشتمە عیادەکەی و تەوالێتەکە چاککرابووەوە. پەرەستارەکە خەریکبوو عیادەکەی تۆزتەکێن دەکرد. دەنووشتایەوە و راست دەبووەوە و هەمدیسان دەنووشتایەوە، سەرەتا بەرەو لای راست و دواتر بۆ لای چەپ سمتی لەبەردەم من سووڕاند و تەواو نووشتایەوە. جلە سپییەکانی کۆبووەوە و چووە سەر، بردییە سەرەوە و چاڵایی پشت ئەژنۆی دەرکەوت، رانی، سمتی و هەموو لەشی. دانیشتم و گۆڤاری لایفم کردەوە.

تۆزتەکاندنەکەی تەواو کرد و گەردەنی بە پێکەنینەوە بەرەو من درێژ کردەوە.

"سەرەنجام لە شەڕی ئەو دەستکێشانە رزگارت بوو بەڕێز چیناسکی".

: "بەڵێ".

دکتۆرەکە هات و وادیار بوو بەدڵ لە مەرگ نزیکتربووەتەوە، سەری راوەشاند و من هەستام و بەدوایدا ڕێکەوتم.

لەسەر کورسییەکەی دانیشت.

: "دەنگوباسی چیناسکی؟ چۆنیت؟"

: "باشم دکتۆر..."

: "کێشەیەکت هەیە لەگەڵ ژندا؟"

: "ئەرێ، بەڵام..."

نەیدەویست ئیزن بدات قسەکەم تەواو بکەم. قژی زیاتر هەڵوەریبوو. قامکەکانی دەلەرزین. وەك ئەوەی نەتوانێت هەناسە بدات. لاوازتر بوو. زۆر شێواو بوو.
ژنەکەی بە ریشەی دەچێتە خوارەوە. ڕۆیشتبوونە دادگا. ژنەکەی لە دادگا زڵلەی لێدابوو. دکتۆر سوکنایی هاتبوو. قازی لە بەرژوەندی ئەو حوکمی دا. بەم شێوەیە ئەو سۆزانییەشیان بینیبوو. بە کورتی زۆر خراپ نەبوو. ژنەکەی هیچی بۆ نەهێشتبووەوە. هەڵبەت ئاشکرایە پارەیەك کە دەبێت بدرێت بە پارێزەرەکان. ئەو حەرامزادانە. تائێستا پارێزەرەکانت بینیوە. هەموویان قەڵەون. بەتایبەت دەموچاویان.
: "بەکورتی خوولەگیان، ماڵوێرانی کردم، بەڵام شتێکم بۆ ماوەتەوە. دەتەوێت بزانیت ئەم مقەستە چەندە دێنێت؟ تەماشاییەکی بکە. کانزایە لەگەڵ بورغوویەکدا، ١٨ دۆلار و نیو. ئەی خوایە، جا ئەمانە رقیان لە نازییەکانە، نازییەکان بە بەراورد لەگەڵ ئەمانە چین؟"
: "ازانم دکتۆر. پێم گوتبووی گێژم".
: "تائێستا سەردانی پزیشکی دەروونناسیت کردووە؟"
: "هیچ کەڵکێکی نییە. هەر لەخۆڕایە. هەر فەنتازیایان نییە. دکتۆری دەروونناسم ناوێت. بیستوومە نەخۆشە ژنەکانیان، ئازاری سێکسی دەدەن. ئەگەر دەمتوانی لە گەڵ هەمووە ژنەکان بخەوم، حەزم دەکرد ببم بە پزیشکی دەروونناسی. ئەگەر ئەم تایبەتمەندییەیان لەبەرچاو نەگرین، ئیشوکارەکەیان هیچ کەڵکێکی تری نییە".



دکتۆر لەسەر کورسییەکەی چەمابووەوە. تۆزێك زیاتر زەرد و رەش هەڵگەڕابوو. هەموو لەشی کەوتبووە لەرزین. شتێکی وای لێ نەمابووەوە. کەسێکی خۆش مەشرەب بوو.
وتی: "سەرەنجام لە شەڕی ژنەکەم رزگارم بوو. تەواو بوو".
: "ئێ، باسی ئەو سەردەمە بکە کە نازی بوویت".
: "خۆ چارەیەکمان نەبوو. تەنها ئێمەیان راکێشا بۆلای خۆیان. گەنج بووم. مەبەستم ئەوەیە چیم دەتوانی کردبا؟ تۆ تەنها یەك جار لە ولاتێکدا دەتوانیت بژیت. دەڕۆیتە جەنگ و ئەگەر نەکوژرای، چارەنووست ئەوەیە بتخەنە پشتی پیکابێك و خەڵك گوو بکەن بە سەرتا...".
لێم پرسی تائێستا لە گەڵ پەرەستارە جوانەکەی خەوتووە؟ پێکەنی. پێکەنینەکەی دەیگوت بەڵێ وایکردووە. دواتر پێی وتم دوای جیابوونەوە لەگەڵ یەکێك لە نەخۆشەکانی کاتی دیاریکردووە لەدەرەوە، ئەوەش دەزانێت دیتنی نەخۆشەکەی لەدەرەوە کارێکی باش نییە...".
: "نا. من لام وایە کارێکی زۆرباشیشە دکتۆر".
: "ژنێکی زۆر وریایە. زەواجم کرد لە گەڵی".
: "زۆرباشە".
: "ئێستا بەختەوەرم... بەڵام...".
دواتر دەستەکانی لە یەك کردەوە و ئەنگوستەکانیشی کردەوە.
پێم گوت چەندە لە ریز دەترسم. رەچەتەیەکی لیبریمی بۆ نووسیم کە بەردەوام بەکاری بێنم.

دواتر تووشی بواسیری بووم. ئازاری زۆر بوو. بە قایش بەستمیان بە تەختەوە. ئەم بێویژدانانە دەتوانن هەر کارێك پێیان خۆش بێت، بە مرۆڤی بکەن. بەشێك لە جەستەیان سڕکردم و قوونمیان چەور کرد. سەرم وەرسووڕاند، بە دکتۆرەکەم گوت: "ئەگەری ئەوە هەیە بۆچوونم بگۆڕێت؟"
سێ دەموچاو لەسەرەوە تەماشایان دەکردم. دەموچاوی دکتۆر و دەموچاوی دوو کەسی تریش. دکتۆر بۆئەوەی بیبڕێت. یەکێکی تر بۆئەوەی ئاگای لێم بێت و کەسی سێیەم بۆئەوەی دەرزییەکانم پێدا بچەقێنێت.
دکتۆر وتی: "ناتوانیت بۆچوونت بگۆڕیت. دەستەکانی هەڵگلۆفی و پێکەنی و دەستی پێکرد...".
دوایین جار کە چوومە لای دکتۆر بۆ شۆردنەوەی گوێم بوو. لێوەکانیم دەبینی دەجووڵێنەوە. هەوڵم دەدا لە قسەکانی تێبگەم، بەڵام نەمدەبیست. بە چاوەکانی و رووخساریدا دەکرێت وا هەست بکەین کە دەڵێت، هێشتا هەر لە بەدبەختیدا دەژیم.
گەرم بوو. تۆزێك سەرم بە گێژەوە دەهات و لەبەر خۆمەوە بیرم لەوە کردەوە ئەمە مرۆڤێکی خۆشمەشرەبە. ئەی بۆ ناهێڵێت باسی ئازاری خۆم بکەم. ناعادلانەیە. منیش کێشەم هەیە، بەدەرلەوەش من ناچاربووم پارەی چوونەژوورەوە بدەم.
رەنگە دکتۆر دواتر بەوە گەیشت من کەڕم. شتێکی وەك بتڵی ئاگرکوژاندنەوە هێنا و تەپاندییە گوێم. دواتر لەتی گەورەی چڵکی گوێی نیشاندام... وتی گوێت گیرابوو. دواتر بە قامکی ئاماژەی کرد بە سەتڵێك. دەنکی چڵکەکان وەك دەنکی لۆبیا سووربوونەوە.



لەسەر کورسییەکە هەستام و پارەکەم پێدا و رۆشتم. حاڵم نە ئەوە بوو باش بێت و نە ئەوە بوو خراپ بێت. بیرم لەوە دەکردەوە جاریکتر بە بۆنەی چ نەخۆشییەکەوە سەردانی دکتۆر دەکەم، یان ئەوەی دکتۆر چی بە کچە حەڤدەساڵەکەی کردبوو کە عاشقی ژنێك ببوو و دەیویست زەواجی لەگەڵ بکات و ئەمە ئەوەی نیشان دەدا هەموو دەم ئازار دەچێژن. تەنانەت ئەو کەسانەش کە وا نیشان دەدەن هیچ ئازارێك ناچێژن. لام وایە ئەمە دۆزینەوەیەکی گەورە بوو. چاوێکم لە کوڕە مێردمنداڵە رۆژنامەفرۆشەکە کرد و لەبەر خۆمەوە وتم هههههههم. چاوم لە رێبوارەکەی تر کرد و لە بەر خۆمەوە وتم هههههههههههم، ههههههههههم، هههههم. ماشێنێکی رەشی ئاخر مۆدێل لە تەنیشت هێمایەکی هاتوو نزیك نەخۆشخانەیەك دای لە کچێکی گەنجی جوان کە جلێی شینی کورتی لەبەردا بوو. کچێك کە بلۆند بوو و قژی بە قردیلەی هاوڕەنگی جلەکانی بەستبوو و لە شەقامەکەدا لەبەردەم تیشکی خۆرەکەدا دانیشت و جۆگەیەك بە رەنگی ئەرغەوانی لە لووتییەوە کەوتە رێ.

## مەرگی باوکم

دایکم ساڵێك پێش باوکم مردبوو. حەفتەیەك دوای ئەوەی باوکم مرد، من تەنها، لە ماڵەکەیدا بووم. ماڵی لە ئارکادیا بوو و من کە نزیکترین کەس بووم بەو، چەند رۆژ دوای مەرگی، لە چوونمدا بۆ شانتا ئانیتا کوتوپڕ بڕیارم دا سەردانێکی بکەم.

رێوڕەسمی ناشتن تەواو ببوو، هەربۆیە هیچکام لە جیرانەکان نەیاندەناسیم. چوومە چێشتخانە و لە بەلوعەکە پەرداخێك ئاوم بۆ خۆم تێکرد و خواردمەوە. دواتر هاتمە دەرەوە و ئیتر نەمدەزانی چی بکەم. لە حەوشەکەدا بەلوعەیەکی ئاوی لێبوو، کردمەوە و دەستم کرد بە ئاودانی باخەکە. هەر بەو شێوەیەی کە لەوێ وەستابووم، دەمبینی پەردەکان لادەدرێن و دواتر جیرانەکان یەك بە یەك لە ماڵەکانیانەوە دێنە دەرەوە. ژنێك لە شەقامەکەوە هاتە ئەمبەر و هاتە ژوورەوە و پرسی: "تۆ هێنریت؟"

وەڵامم دایەوە، بەڵێ هێنریم.



: "چەند ساڵ بوو دایك و باوکتم دەناسی".

دواتر مێردەکەی هات و وتی: "دایکیشتمان دەناسی".

من دانەویمەوە و بەلوعەی ئاوەکەم بەست و وتم: "ئەگەر پێتان خۆشە دەتوانین بڕۆینە ژوورەوە".

ئەوان خۆیان پێناساندم. تام و تێلی میللەر. دواتر چووینە ژوورەوە.

- زۆر لە باوکت دەچیت!

- بەڵێ، زۆرکەس وا دەڵێت.

- رووبەڕووی یەکتر دانیشتین و چاومان لە یەکتر کرد.

ژنە وتی: "ئاای... باوکت چەندە تابلۆی شێوەکاری هەبووە. حەزی لە شێوەکاری بوو؟

- بەڵێ وا دیارە.

- ئەو تابلۆی ئاشی بایە لە خۆرئاوابووندا زۆر جوانە.

- ئەگەر حەز بکەن دەتوانن هەڵیبگرن.

- بەڕاست؟

- دایان لە دەرگا، دوو جیرانی تر بوون، گیبسۆنەکان. ئەوانیش وتیان ساڵانێکی زۆرە دراوسێی باوکمن. دواتر خانمی گیبسۆن وتی:

- "زۆر لە باوکت دەچیت!"

- هێنری ئەو تابلۆی ئاشی ئاوییەی داوە بە ئێمە.

- زۆرباشە. من عاشقی ئەو تابلۆی ئەسپی ئاوییەم.

- بەڕاست؟

- بەڵێ، بەدڵنیاییەوە.

دووباره دایان له دەرگا و ژن و مێردێکی تر هاتنه ژوورەوە. دەرگاکەم نیوه کراوه جێهێشت. دواتر پیاوێك سەری هێنایه ژوورەوە.

- من داگ هۆدسنم. خێزانەکەم رۆیشتووه بۆ ئارایشتگا.
- فەرموون بەڕێز هۆدسن.

ئەوانی تریش بەرەبەرە دەهاتن. ئەوان که زۆربەیان ژن و مێرد بوون دەستیان کرد به پیاسەکردن لەناو ماڵەکەدا.

- دەتانەوێت ئێره بفرۆشن؟
- لام وایه دەیفرۆشم.
- ئێره گەڕەکێکی زۆر باشه
- بەڵێ، دەزانم.
- ئاای... چوارچێوەی ئەو تابلۆیه چەند جوانه، بەڵام تابلۆکه جوان نییه.
- دەتوانن چوارچێوەکەی هەڵبگرن.
- ئەی چی بکەین له تابلۆکه؟
- فڕێی بدەن.
- دواتر چاوم لەوانەی دەوروبەرم کرد.
- تکایه هەرکەس هەر تابلۆیەکی بەدڵه هەڵی بگرێت.

ئەوانیش ئەم کارەیان کرد. زۆری نەبرد دیوارەکه رووتبووەوە.

- ئەم کورسییانەت پێویسته؟
- نا، لام وا نییه.



ئیتر تەنانەت ئەو رێبوارانەش لەبەردەم ماڵەکەوه رەت دەبوون سەریان دادەخست و دەهاتنە ژوورەوە. ئەوان ئیتر زەحمەتی ئەوەیان نەدەدا بە خۆیان، خۆیان بناسێنن. کەسێك به دەنگی بەرز پرسیاری کرد:

- "ئەی ئەم قەنەفانه؟ ئەمەت پێویسته؟
- نا پێویستم پێی نییه.

قەنەفەکەشیان لە ماڵەوه بردە دەرەوە. دواتر سەرەی کورسی و مێزی چێشتخانەکه هات.

- هێنری تۆ فڕنی کارەباییت هەیە؟

فڕنەکەشیان برد.

- ئەم قاپانه چی؟ پێویستت پێیانه؟
- نا، پێویستم پێیان نییه.
- ئەی ئەم تاقمی زیوە؟
- نا، پێویستم پێی نییه.
- ئەگەر پێویستت بەم کووپی قاوه و تێکدەر(Mixer)ه نییه، هەڵیان دەگرم.
- هەڵیّ بگرە.

یەکێك له ژنەکان دەرگای قەفەسەی چێشتخانەکەی کردەوە:

- ئەی ئەم هەمووە میوەیه؟ لام وا نییه به تەنها هەمووت بۆ بخورێت.
- زۆرباشە. هەرکەس گەرەکییەتی برێك هەڵبگرێت، بەڵام هەوڵ بدەن بە هەمووتان بگات.
- من تووت فەرەنگییەکانم دەوێت.
- منیش هەنجیرەکان.

- منیش مرەبام دەوێت.
خەڵك دەهاتن، دەڕۆیشتن و خەڵكانی تازەیان لەگەڵ خۆیان دەهێنا.
- هەی... ئێرە پێنج بتڵ ویسكی لێیە. هێنری! خۆ تۆ مەشرووب ناخۆیتەوە؟
- ئەوانە با بێن.
خانووەكە بەرەبەرە پڕدەبوو لە خەڵك. لە تەوالێتەكەوە دەنگی ئاو دەهات و دواتر دەنگی شكانی قاپێك لە چێشتخانەوە.
- باشتروایە ئەم گسكی كارەباییە دانێین. بۆ ئەپارتمانەكەمان بەكەڵكە.
- باشە كارمان پێی نییە.
- لەناو گەراجەكە چەند كەرەسەیەكی باخەوانی لێیە، پێویستت پێیانە؟
- بۆچی نا، ئەوانە بەكەڵكم دێن.
- بە پانزە دۆلار لێت دەكڕم.
- باشە.
پیاوەكە پانزە دۆلاری پێدام و كلیلی گەراجەكەم پێ دا. زۆری نەبرد دەنگی ماشێنی چیمەن بڕین كە رایاندەكێشا بە شوێن خۆیاندا، لەوبەری شەقامەكەوە بیسترا.
- هێنری پانزە دۆلار بۆ ئەم هەموو شتە بەڕاستی زۆر كەم بوو. ئەوانە زۆر لەوە بەنرختر بوون.
- ئەی ئۆتۆمبێلەكە؟ چوار ساڵە هەیە.
- گەرەكمە ئۆتۆمبێلەكە رابگرم.
- پەنجا دۆلاریشت پێ دەدەم.
- دەمەوێت رای بگرم.



- كەسێك فەرشی ژوورەكەی پێشەوەی هەڵگرت و بردی. دواتر كە شتێكی بەكەڵك نەما هەموویان یەك بە یەك چوونە دەرەوە. تەنها سێ چوار كەس مانەوە، ئەوانیش زۆر نەمانەوە. سۆندەی ئاو، تەختی خەو، بەفرگر (سەلاجە) گازەكە(تەباخەكە) و گلۆزێك دەسڕی تەوالێت، ئەو شتانەبوو كە مابوونەوە.
لە ماڵەوە هاتمە دەرەوە و دەرگای گەراجەكەم داخست. خەریكبووم دەرگای گەراجەكەم دادەخست دوو منداڵ كە سواری سكێت بوون، لەبەردەم دەرگای خانووەكە وەستان.
- ئەو پیاوە دەبینی؟
- بەڵێ.
- باوكی مردووە.
ئەوان بە سواری سكێتەكانیان رۆیشتن. دواتر من سۆندەی ئاوەكەم هەڵگرت. بەلوعەكەم كردەوە و باخەكەم ئاو دا.



**ليديا داڤيس**

# لیدیا داڤیس

لیدیا داڤیس (Lydia Davis)، ساڵی ١٩٤٧ لە نۆرس ئێمپتۆن ماساچۆست لەدایك بوو، باوك و دایكی هەردووكیان ئەدیب بوون، لیدیاش هەر لە منداڵییەوە دەستی كرد بە خوێندنەوەی ئەدەب. لە زانكۆ زمانی ئینگلیزی و ئەدەبی ئینگلیزی تەواو كرد و دەستی كرد بە وەرگێڕان. ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ پاوڵ ئاوستێر، ڕۆماننووسی ناوداری ئەمریكایی ژیانی هاوسەریی پێكهێنا و ساڵی ١٩٧٨ لە یەكتر جیابوونەوە. بەرهەمی ئەم ژیانە هاوبەشە كوڕێكە بە ناوی دانیەل. بە وتەی خۆی لە نووسیندا زیاتر لەژێر كاریگەریی بێكت و كافكادایە.

1-The Thirteenth Woman and Other Stories (1976(
2-Sketches for a Life of Wassilly. Station Hill Press. 1981
3- Story and Other Stories. The Figures. 1985
4-The of story
5-Almost no memory
6-Samuel Johnson Is Indignant. Picador USA. 2002
7-Varieties of Disturbance. Farrar, Straus and Giroux. May 15, 2007



# پیاوێك لە شارەكەی ئێمە

پیاوێك لە شارەكەی ئێمە هەم سەگە، هەم خاوەنەكەی. خاوەنی سەگەكە، زۆر ئەزیەتی سەگەكە دەدات و ژیانی لێ كردووە بە ژەهری مار. ساتێك یاریی لەگەڵ دەكات و دەیخاتە جموجووڵ، ساتێكی تر دەدات بەسەر سەگەكەیدا بۆچی هاروهاجی دەكات. هەندێ جار بە توندی دەدات لە لووتی و هەندێ جاریش بە قوونیدا، بۆچی؟ لەبەرئەوەی بۆچی لەسەر جێگەكەی ئەو خەوتووە و مووەكانی كەوتووەتە سەر سەرینەكەی، بەڵام هەندێ شەویش بەهۆی تەنهاییەوە بەزۆر سەگەكە دێنێتە لای خۆی، هەرچەند تا بەیانی ئەو سەگە فەقیرە لەترسا دەلەرزێت.

بەڵام هەموو ئەم رەخنە و گازەندانە هەر بۆ لایەكیان ناگەڕێتەوە. كەسی تر ئامادە نییە سەگێك وەك ئەم سەگە رابگرێت. ئەوەندە بۆنێكی ناخۆش و بێزاركەری لێدێت كە لە خودی سەگەكە بێزاركەرتر و ترسێنەرترە و هەر كاتێكیش لێی بێئاگا دەبێت، بێ ئەوەی بە دەستی خۆی بێت خۆ پیس دەكات. حەیوانێكی بۆگەن و هەمیشە تەڕ.

بەمەشەوە خاوەنەكەی زۆر بەم شتە نازانێت، لەبەرئەوەی زۆربەی جار ئەوەندە دەخواتەوە شەو مەست و كەلەلا لای دیواری كۆڵانەكە دەكەوێت.

که تاو هەڵدێت دەیبینین لە سووچێکی پارکەکە بە لەرەلەر دەڕوات، لووتی بەرزکردووەتەوە، لە خێرایی خۆی کەم دەکاتەوە بەدەوری خۆیدا دەخولێتەوە تا بە شوێن بۆنێك بکەوێت، قژە کورتەکەی دەخورێنێت و جگەرەیەك دەردێنێت، بە لەرزەلەرز دایدەگیرسێنێت و دواتر لەسەر کورسییەك دادەنیشێت کە بە دەستەسرێك خاوێنی کردووەتەوە. بە ئارامی مژ لە جگەرەکەی دەدات تا بگاتە قنچکەکەی. دواتر لە تووڕەییدا هەڵدەچێت و بە مست بەر دەبێتە سەر خۆی و دەدا لە پێکانی. کە ماندوو دەبێت سەری روو بە ئاسمان هەڵدەبڕێت و لەوپەڕی بێ هیواییدا دەقروسکێنێتەوە. تەنها هەندێ جار بە ئارامی دەست دێنێت بەسەر خۆیدا، بۆئەوەی ئارام بگرێت.



## قەتڵ لە بۆهێم

لە شاری فریدلانتی بۆهێم، کە هەموو خەڵکەکانی وەك تارمایی رەنگیان زەرد هەڵگەڕاوە و جلی رەشی زستانی لەبەر دەکەن، پیرەژنێك کە ئیتر نەیدەتوانی بەرگەی هەژاریی بگرێت و نەیدەتوانی شکۆی لە دەستچووی خۆی ببینێت، دەهری دەبێت و لەڕووی رەحم و بەزەییەوە مێردەکەی دەکوژێت. دواتر دەوەشێتە گیان دوو کوڕەکەی و کچەکەی. لە تووڕەییدا جیرانی تەنیشتیان و دراوسێی بەرامبەری خۆی دەکوژێت، چونکە گاڵتەیان بە بنەماڵەکەی دەکرد و سەرکۆنەیان دەکردن، بۆ تۆڵەسەندنەوەی دووکانداری گەڕەکەکەش دەکوژێت، بێزار ببوو ئەوەندە داوای قەرزی کردبوو و پێی نەدابوو، کۆنەفرۆش و دوو سووخۆریشی کوشت، بلیتفرۆشی هیڵی شەمەندەفەریشی کوشت، هەرچەند نەیدەناسی و دواتر کێردێکی گەورەی گرت بەدەستەوە و خۆی کرد بە بینای شارەوانیدا. شارەداری گەنج لەگەڵ یەکێك لە راوێژکارەکانی لەسەر یەکێك لە پەسەندکراوەکان قسەی دەکرد.

## دایك:

کچە چیرۆکێکی نووسی. دایکی وتی: "بەڵام ئەگەر ڕۆمانێکت نووسیبا، زۆر باشتر بوو". کچەماڵێکی بۆ بووکەڵەکەی دروستکرد. دایکی وتی: "بەڵام ئەگەر خانوویەکی ڕاستەقینە بووایە زۆر باشتر بوو". کچە سەرینێکی بچووکی بۆ باوکی دروست کرد: "بەڵام ئەگەر لێفەیەکت دروست دەکرد، باشتر نەبوو؟" کچە لە باخچەکە، قوڵکەیەکی بچووکی دروستکرد. دایکی وتی: "بەڵام ئەگەر چاڵێکی گەورەت هەڵدەکەند زۆر باشتر بوو". کچە چاڵێکی گەورەی هەڵکەند و چووە ناو چاڵەکە و خەوت. دایکی وتی: "بەڵام ئەگەر بۆ هەمیشە دەخەوتی باشتر بوو".



## عەشق:

ژنێك عاشقی پیاوێك بوو کە چەند ساڵێك بوو مردبوو. بۆ ژنە هەر ئەوە بەس نەبوو کۆتی پیاوە خۆشەویستەکەی بشوات، پەڵە چەورییەکانی خاوێن بکاتەوە و سەرشانەکانی ڕێکوپێك بکات. ئەو دەبا خانووەکەی لەسەر قەبری ئازیزەکەی دروست کردبا و هەموو شەوێك لە تەنیشتییەوە لە ساردخانەیەکی شێداردا دادەنیشت.


## ماسی:

ژنە بەسەر سەری ماسییەکەوە وەستاوە و بیر لەو هەڵە روون و قەرەبوو هەڵنەگرانە دەکاتەوە ئەمڕۆ کردوویەتی. ئێستا ماسییەکە برژاوە و ئەو لەگەڵ ماسییەکەدا تەنها ماوەتەوە. ماسییەکە بۆ ئەوە- کەسی تر لە ماڵەوە نییە، بەڵام ئەو ئەمڕۆ رۆژێکی پڕکێشەی بوو. چۆن دەتوانێت ئەم ماسییە کە خەریکە لەناو قاپێکی مەڕمەڕیدا سارد دەبێتەوە، بخوات؟ بەمەشەوە، ماسییەکەش بێ جوولە لەوێ کەوتووە- ئێستا کە هەموو ئێسکەکانی جیاکردووەتەوە و پێستە زیوینەکەی لێکردۆتەوە- هیچکات بەقەد ئێستا تەنها نەبووە: کۆتایی بە ژیانی هاتووە و ئەم ژنە بە چاوی ماندووەوە لێی دەڕوانێت، هەر ئەو ژنەی کە دوایین هەڵەی ئەمڕۆی خۆی کردووە ئەم بەڵایەی بەسەری هێناوە.



## سامۆئێل جانسۆنی تووڕە:

لە خانوویەکی گەمارۆدراودا ژن و پیاوێك دەژیان. لەو چێشتخانەیەدا کە لەترسا پەنایان بردبووە ئەوێ، ژن و پیاوەکە دەنگی چەند تەقینەوەیەکی بچووکیان بیست. ژنە وتی: "با". پیاوەکە وتی "راوچییەکان". ژنە وتی: "باران". پیاوەکە وتی: "سوپا". ژنە حەزی دەکرد بگەڕێتەوە بۆ خانووەکەی خۆی، بەڵام ئەو پێشتر لە خانووەکەیدا بوو، هەر لەوێ لەو بیابانە لە خانوویەکدا گەمارۆدراوە.



**خۆرخه لۆئیس بۆرخس**

## خۆرخە لۆئیس بۆرخس

خۆرخە لۆئیس بۆرخس، شاعیر و چیرۆکنووسی هاوچەرخی ئەرژانتینی، ساڵی ١٨٩٩ لە بۆینس ئایریس لەدایك بوو، ساڵی ١٩٨٦ماڵئاوایی لە ژیان کرد. زیاتر ناوبانگی بۆرخس بە بۆنەی کورتەچیرۆکەکانییەوەیە و کەڵکوەرگرتنی ئەم چیرۆکنووسە ناودارەی ئەرژانتین و ئەمریکای لاتین لە حیکایەت و چیرۆکە کۆنەکان. بۆرخس هەر لە منداڵییەوە بەهۆی پەروەردەی خێزانەکەیەوە هۆگری ئەدەب بوو. خوێندنی لە بواری ئەدەبدا تەواو کرد و دواتر بوو بە مامۆستای ئەدەب لە زانکۆی بۆینس ئایریس. یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی بۆرخس ئەوەیە هیچکات حەزی بەوە نەکردووە رۆمان بنووسێت. هەرچەند چەندجار پاڵێوراوە بۆئەوەی خەڵاتی ئەدەبی نۆبڵ بباتەوە، بەڵام هیچکات ئەم خەڵاتەی پێ نەبەخشراوە.

لە کتێبەکانی دەتوانین ئاماژە بدەین بە:

١- وێرانە جەغزییەکان.
٢- ئەلف و چەند چیرۆکی تر.
٣- هەزار لۆغانەکانی بۆرخس.
٤- کتێبخانەی بابل.
٥- کتێبی بوونەوەرە فەنتازییەکان.
٦- ئۆلۆریکا و هەشت چیرۆکی تر.



## جادووگەری دەرنەچوو

لە شاری سانتیاگۆ قەشەیەك دەژیا کە هۆگرییەکی زۆری هەبوو بە فێربوونی هونەری جادووگەری. بیستی دۆن ئیلیان خەڵکی تۆڵدۆ زیاتر لە هەموان لە فەننی ساحری دەزانێ، روویکردە تۆڵدۆ تا بیدۆزێتەوە.
بەیانی هەمان رۆژ کە گەیشتە تۆڵدۆ راستەوخۆ چووە ماڵی دۆن ئیلیان و دیتی کە لە ژوورێکی بچووکدا لەبن ماڵەکەی خەریکی خوێندنەوەیە. دۆن ئیلیان بە گەرمی پێشوازی لێکرد و داوای لێکرد قسەکردن دەربارەی ئەو شتەی کە بۆی هاتووە، بخاتە پاش نانی نیوەڕۆ. کە خواردنی نیوەڕۆیان تەواوکرد قەشە هۆی هاتنی خۆی بە دۆن ئیلیان وت و داوای لێکرد کە فەننی جادووگەریی فێربکات. دۆن ئیلیان وتی هەر لە سەرەتاوە دەیزانی کە میوانەکەی قەشەیە و پێگەیەکی باشی هەیە و داهاتوویەکی باش چاوەڕوانییەتی، بەڵام ئەگەر هەموو زانستی خۆی فێری ئەو بکات، رەنگە رۆژێ بێت کە ئەو -وەك خووی پیاوانی پلەبەرز - جوابی چاکەکانی نەداتەوە. قەشە سوێندی خوارد کە هیچکات چاکەی دۆن ئیلیان لەبیر ناکاو و بەردەوام گوێڕایەڵی فەرمانی ئەو دەبێت. کە لەسەر ئەمە پێکەوە رێککەوتن، دۆن ئیلیان وتی کە شێوازەکانی جادووگەری لە شوێنێکی

زۆر تەریك و خەڵوەتدا فێردەکرێن و دەستی قەشەی گرت و رێنوێنی کرد بۆ ژوورەکەی تەنیشت ئەو ژوورە. دەرگایەکی ئاسنی گەورە لەناو ژوورەکەدا بوو، بەڵام دۆن ئیلیان پیش لە رۆیشتن فەرمانی دا بە خزمەتکارەکەی کە شۆرباوێ بۆ شەو ساز بکات، بەڵام تا ئەو پێی نەڵێ نەینێتە سەر ئاگر. دۆن ئیلیان و میوانەکەی دەرگا ئاسنەکەیان بەرزکردەوە و لە پێپلیکانێکی پێچەڵاو پێچ و خزەوە هێند چوونە خوارە کە قەشەی لای وابوو کە ئەوەندە هاتوونەتە خوارەوە بەستێنی چۆمی تاگووس دەبێ لەسەر سەری ئەوانەوە بێ. ژوورێ لە کۆتایی پێ پلیکانەکەدا بوو، لەوێدا کتێبخانەیەك و رەفەیەکی پڕ لە کەرەسەی جادووگەری. هەرکام کتێبێکیان هەڵگرت دەستیان بە لاپەڕە هەڵدانەوە کرد. کوتوپڕ دوو پیاو دەرکەوتن و نامەیەکیان بۆ قەشە هێنا. نامەکە لە ئۆسقۆف سانتیاگۆ، مامی قەشەوە بوو، لەوێدا نووسرابوو کە زۆر نەخۆشە و ئەگەر قەشە دەیەوێ بە زیندوویی بیبینێ نابێ کات لەدەست بدات. ئەم هەواڵە لە دوولاوە بۆ قەشە ناخۆش بوو، یەکەم بەهۆی نەخۆشی مامییەوە و ئەوی تر بەوەی کە ناچار بوو خوێندنەوەکەی نیوەچڵ بێڵێتەوە. سەرەنجام بڕیاری دا کە بمێنێتەوە و لە نامەیەکدا داوای لێبووردنی لە ئەسقەف کرد.
سێ رۆژدواتر، چەند پیاو کە جلی پرسەیان لەبەردابوو هاتن و نامەیەکی تازەیان بۆ قەشە هێنا. لەم نامەیەدا خوێندییەوە کە ئەسقەف مردووە و دەیانەوێ جێنشینی بۆ دیاری بکەن و هیوای ئەوە دەخوازرا کە بە ئومێدی خودا ئەم پلەیەی پێ بدرێ. لە نامەکەدا نووسرابوو هەر لەوێ بمێنێتەوە و باشتر وایە کە کاتی هەڵبژاردن لەوێ نەبێ.



10 رۆژ دواتر دوو خاوەن پلە بە جلی رازاوەوە گەیشتنە ئەوێ، کڕنووشیان بۆ برد و دەستیان ماچ کرد و بە ئەسقەف بانگیان کرد. دوون ئیلیان کە ئەم هەواڵەی بیست رووی لە مەترانی* نوێ کرد وتی سوپاسی خودا دەکات کە وەها هەواڵێکی خۆش گەیشتووەتەماڵەکەی. ئەوکات خوازیاری ئەوە بوو کە پلەی قەشەیی کە ئێستا چۆڵ بوو، بدرێ بە کوڕەکەی. ئەسقەف وڵامی دایەوە کە ئەو پلەیەی داناوە بۆ برازاکەی خۆی، بەڵام بۆ کوڕەکەی کارێکی پەیدا کردووە لە کەنیسە و داوای کرد کە هەرسێکیان بەرەو سانتیاگۆ بەڕێکەون.
هەرسێکیان بەرەو شاری سانتیاگۆ بەڕێکەوتن و لەوێدا بەشێوەیەکی شکۆدار و رازاوە پێشوازییان لێکرا. شەش مانگی دواتر، نامەیەکی لە لایەن پاپەوە پێگەیشت، هەواڵیان هێنا کە ئەو بووە بە ئۆسقۆف گەورەی تولۆز و هەڵبژاردنی جێگر بەو سپێردراوە. دوون ئیلیان کە ئەم هەواڵەی بیست بەڵێنە کۆنەکەی ئۆسقۆف گەورەی هێنایەوە بیری و داوای کرد ئەو شوێنە بداتە کوڕەکەی، ئۆسقۆفی گەورە وتی کە پێشتر پلەی موترانی بۆ مامەکەی تری داناوە، بەڵام لەبەرئەوەی قەولی داوە بە ئیلیان کە چاکەیەکی دەرهەق بکات، باشتروایە کە ئەو و کوڕەکەی بەرەو تولۆز بەڕێکەون. دۆن ئیلیان ناچار بوو بەوەی کە ملکەچی ئەم بڕیارە بێت.
هەرسێکیان بەرەو تۆلۆز بەڕێکەوتن، بەشێوەیەکی شکۆدار پێشوازییان لێکراو ئاهەنگی دوعاخوێندن لە کەنیسە بەڕێوەچوو. دووساڵ دواتر چەند پەیکێك لەلایەن پاپەوە هاتنە لای ئۆسقۆفی گەورە و پێیان راگەیاند کە پلەی چووەتە سەرەوە و بووە بە کاردینال و پێویستە جێگر بۆ خۆی دیاری بکات. دۆن ئیلیان کە ئەم هەواڵەی بیست قەولەکەی پێشتری هێنایەوە یادی. کاردینال وتی کە پلەی

ئۆسقۆف گەورەی بۆ خاڵی داناوە= کە پیاوێکی چاکە -بەڵام ئەگەر دۆن ئیلیان و کوڕەکەی لەگەڵ ئەو بڕۆنە ڕۆم، بەدڵنیاییەوە پلەیەکی باشیان دەبێ، دۆن ئیلیان ناڕازی بوو، بەڵام سەرەنجام ناچار بوو کە ڕازی بێ بە ڕۆیشتن.

ئەوجا هەرسێکیان بەرەو ڕۆم بەڕێکەوتن، لەوێ بەشێوەی شیاو پێشوازییان لێکرا. ئاهەنگی دوعا خوێندن لە کەنیسە بەڕێوەچوو و تاقمە مەزهەبییەکان بەڕێکەوتن. چوارساڵ دواتر، پاپا مرد و کاردیناڵەکان بەتێکڕا، کاردیناڵەکەی ئێمەیان بە پاپای هەڵبژارد. دۆن ئیلیان بە بیستنی ئەم هەواڵە، کەوت بەسەر دەست و پێی ئەم پلەدارە بەرزە ئیلاهییەدا و ماچی کرد و بەڵێنە کۆنەکەی هێنایەوە یاد، داوای کرد کە پلەی کاردیناڵی، کە چۆڵ بوو، بدرێ بە کوڕەکەی. پاپ وتی بە دۆن ئیلیان کە ئیتر لە داخوازییە یەك لەدوای یەکەکانی ماندوو بووە و ئەگەر درێژەی پێ بدا، دەیخاتە زیندانەوە، چونکە ئەو چاك دەزانێ کە دۆن ئیلیان جگە لە جادووگەریی هیچ پلەیەکی تری نییە و لە تۆلەدۆ مامۆستای فەننی ساحیری بووە.

دۆن ئیلیانی چارەڕەش تەنیا توانی پێی بڵێت کە دەیەوێ بەرەو ئیسپانیا بەڕێکەوێ و داوای خواردنی لە پاپ کرد تا بەشی ئەم سەفەرە درێژە دەریاییەی بکات. پاپا جارێکی تر پێویستییەکەی بۆ بەجێ نەهێنا و دۆن ئیلیان -کە ئێستا رووخساری بەشێوەیەکی سەیر گۆڕابوو- بە دەنگێك ساف و بێ گرێ، وتی: "کەوایە، پێیان دەڵێم ئەو شۆرباوەمان بۆ بێنن کە پێم گوتبوو بۆ شەو بۆمان ساز بکەن".

ژنە خزمەتکارەکە هاتە پێشەوە دۆن ئیلیان دەستووری دا کە شۆرباوەکە گەرم بکاتەوە لەگەڵ ئەم وتانەدا، پاپ خۆی دی لە ژوورێکە لە ژێرزەمینی شاری



تۆلدۆ، هەر قەشەکەی شاری سانتیاگۆ بوو وەها شەرمەزاربوو کە نەیدەزانی چ بڵێ. دۆن ئیلیان وتی کە ئەمە تاقیکردنەوەیەکی باش بوو بۆ ئەو، لە شۆرباوەکە بەشی قەشەی نەدا، تا بەر دەرگا بەڕێی کرد و لەوێدا لە کاتی ماڵئاواییکردندا، بە ئەوپەڕی ڕێزەوە ئاواتی خواست کە قەشەکە بە ساغی بگاتەوە شوێنی خۆی.

*مەتران: پلەیەکی مەسیحییەتە.

سەرچاوە: کتێبی هزار توهای بورخس.

## گەڵاڵە و پیلان

سێزار کە هورووژمی خەنجەری هاوڕێکانی شەتەکیان داوە بە پایەی پەیکەرەکەوە، بۆئەوەی زیاتر بترسێ. لەنێوان خەنجەر و رووخسارەکاندا، چاوی بە مارکۆس یۆنیۆس برۆتۆسی زڕکوڕی و دەستپەروەردەی خۆی دەکەوێ. هاوار دەکات: "تۆش کوڕم!" شکسپێر و کیۆیدۆ(٨) ئەم هاوارە دەقۆزنەوە.

چارەنووس دووپاتبوونەوە و لەیەکچوون و رووداوە هاوشێوەکانی خۆش دەوێ. نۆزە سەدە دواتر لە باشووری ئیالاتی بۆینس ئایرێس، گاچۆیەك دەکەوێتە بەر هورووژمی هێرشی گاچۆکانی تر و کاتی کەوتنی، یەکێك لە زڕکوڕەکانی خۆی دەناسێتەوە. بە لۆمەکردنێکی ئارام و سەرسامییەکی لەسەرخۆ پێی دەڵێت: "ئەم وشانە بۆ خوێندنەوە نابن دەبێ ببیسرێن. کەو وایە ئاوا!" دەیکوژن و نازانێت دەبێ بمرێت بۆئەوەی دیمەنێك دووبارە بێتەوە.

٨- Quevedo– نووسەری ئیسپانیایی (١٦٤٥–١٥٨٠).



## هۆی باڵندەناسی

چاوەکانم لێك دەنێم و پۆلێك باڵندە لە کاتی فڕیندا دەبینم. ئەم خەونە چرکەیەك دەخایەنێ، رەنگە کەمتریش. نازانم چەند باڵندەم بینیوە. ژمارەیەکی دیاریکراویان هەبوو، یان نا؟ ئەم کێشەیە کێشەی بوونی خودا دەگرێتەوە. ئەگەر خودا هەبێت ژمارەکە روونە، چونکە دەزانێت من چەند باڵندەم بینیوە. ئەگەر خودا نەبێت ژمارەکە روون نییە، چونکە کەس نەیتوانیوە بیانژمێرێت. لەم بارەیەوە دەبێ بڵێم من چەند باڵندەم بینیوە کە گریمان کەمتر لە دە باڵندە و زیاتر لە یەك باڵندە بووبێتن و نۆ نا، هەشت، حەوت، شەش، پێنج، چوار، سێ و دوو باڵندەم نەبینیوە. ژمارەیەکم بینیوە لەنێوان دە و یەکدا و نە نۆ، نە هەشت نە حەوت، نە شەش، و نە پێنج و... هتد.

ئەم ژمارە راستە بێمانایە، کەوایە خودا هەیە.

## دێلیا ئیلیناسان مارکۆ

لە یەکێك لە گۆشەکانی فولکەی ئۆنس لە یەکتر جیابووینەوە. لە شۆشتەکەی بەرامبەرەوە جارێکی تر تەماشام کرد، تۆ سەرت وەرگێڕابوو دەستت بۆ رادەوەشاندم.

رووبارێك لە ماشێن و مرۆڤەکان لەنێوانماندا بوو، کاتژمێر نازانم پێنجی دوانیوەڕۆی چ ئێوارەیەك بوو. چۆن دەبێ بمزانیبا ئەم رووبارە هەمان ئاخرۆنی شوومە کە رەتبوون لێی ئەستەمە.

ئیتر یەکترمان نەبینییەوە. ساڵی دواتر تۆ مردبوویت.

ئێستا بەشوێن ئەو بیرەوەرییەدا دەگەڕێم، لێی دەڕوانم. لام وایە هەڵە بووە. وا دەزانم لەپشتەوەی ئەو ماڵئاواییە باوەدا جیابوونەوەیەکی هەمیشەیی بوونی بووە.

ئەمشەو دوای نانخواردن نەچوومە دەرەوە. بۆ زانینی ئەم شتانە جارێکی تر دوایین وانەم خوێندەوە کە ئەفلاتون فێری مامۆستاکەی دەکات. خوێندمەوە، کە رۆح، لەو ساتەدا کە جەستە دەمرێ، دەتوانێ ئازاد بێ.



ئێستا نازانم کە ئایا راستی لەو تیۆرییە شوومەی کۆتاییدایە، یان لەو ماڵئاواییە دڵپاکانەدا.

ئەگەر رۆحەکان نامرن، واباشە هیچ شتێکی زیادە لە ماڵئاواییەکەی ئەواندا نەبێت.

ماڵئاواییکردن، دەست نانە سینگی جودابوونەوەیە. وتنی ئەمەیە کە ئەمڕۆ ئێمە یاریی لێکجیابوونەوە دەکەین، بەڵام سبەی یەکتر دەبینینەوە.

مرۆڤەکان ماڵئاواییان داناوە بۆئەوەی هەرچەند ئەگەری ئەوە هەیە تیاچن، بەڵام بەجۆرێك خۆیان بە نەمر دەزانن.

دێلیا: رۆژێ دێ جارێکی تر، بەڵام لە لێواری کامە رووباردا؟ ئەم وتووێژە کە جێی باوەڕ نییە، دەست پێ دەکەینەوە. لە خۆم دەپرسم کە ئایا لە شارێکدا کە لە بیاباندا ون دەبوو، ئێمە بە راست بۆرخس و دێلیا بووین.

## ئەسیر

لە خونین[9] و تاپالکە[10] ئەم چیرۆکە دەگێڕنەوە، منداڵێك دوای هێرشی سوورپێستەکان ون دەبێت. دەوترێت سوورپێستەکان دزیویانە. بێهوودە دایك و باوکی بە شوێنییدا گەڕان. پاش ساڵانێك، سەربازێك کە لە وڵاتی ئەوان دەگەڕایەوە باسی لە سوورپێستێکی چاوشین کرد کە پێدەچوو کوڕی ئەوان بێت. سەرەنجام دۆزییانەوە، مێژوونووسێك هەلومەرجەکەی دیاری نەکردووە و منیش نامەوێ شتێك بنووسم کە نایزانم. لایان وابوو ناسیویانەتەوە. پیاوەکە کە لەگەڵ دەشت و ژیانی کێویدا گەورە ببوو یەك وشەی زمانی زکماکی خۆی نەدەزانی. بەم حاڵەشەوە زۆر بە خەمساردی و لەسەرخۆ ئیزنی دا بیبەنە ماڵەوە. لەبەر دەرگاکە راوەستا، رەنگە بەو هۆیەی کە ئەوانی تریش راوەستان. وەها تەماشای دەرگاکەی کرد کە دەڵێی هیچ لێ تێناگات. کوتوپڕ سەری داخست، هاواری کرد، بە هەڵاتن لە داڵان و دوو حەوشەی گەورەوە رەت بوو و گەیشتە چێشخانە. بێ یەك و دوو دەستی کردە نێو دووکەڵکێشە دووکەڵ گرتووەکەداو چەقۆیەکی

---

9- Junin
10- Tapalque



مشت ئێسکی کە لە سەردەمی منداڵیدا لەوێدا شاردبوویەوە، هێنایە دەرەوە. لە خۆشییدا چاوی فرمێسکی تێزابوو، باوك و دایکی دەگریان، چونکە کوڕەکەیان دەزیبووەوە.

پێدەچوو ئەم بیرەوەرییە بیرەوەریی تری بە شوێنەوە بێت، بەڵام سوورپێستەکە نەیدەتوانی لە چوارچێوەی ماڵدا بژی. رۆژێك رۆیشت تا بگاتەوە بە دەشتەکەی خۆی. دەمویست بزانم لەو چرکە سەرسوورهێنەرەدا کە رابردوو و ئێستا ئاوێتەی یەکتر ببوون، چ هەستێکی هەبووە؟ دەمویست بزانم کوڕە ونبووەکە لەم خۆشییەدا هاتە دونیاوە و مرد، یان وەك زارۆیەك یان سەگێك توانی دایکی خۆی بناسێتەوە.




**کاترین وێبر**

## کاترین وێبر (Katherine Weber)

کاترین وێبر لەدایکبووی ١٢ی نۆڤەمبەری ١٩٥٥، چیرۆکنووسی ئەمریکایی، یەکەم چیرۆکی ساڵی ١٩٩٣ بە ناوی (Friend of the Family)بڵاوکردەوە. یەکەم رۆمانی ساڵی ١٩٩٥ بە ناوی (Objects in Mirror Are Closer Than They Appear) بڵاوکردەوە. ئەم رۆمانە ساڵی ١٩٩٦ چووە ناو لیستی ٥٠ رۆمانی پڕهەراو هوریای نووسەرانی گەنجی ئەمریکاوە. رۆمانی دووەمی (The Music Lesson) ساڵی ٢٠٠٠ بڵاوکرایەوە. ئەم رۆمانە بۆ دوانزە زمان وەرگێڕدراوە. رۆمانی (The little women) ساڵی ٢٠٠٣ بڵاوبووەوە. رۆمانی چوارەمی کاترینا، (Triangle) ساڵی ٢٠٠٦ چاپ و بڵاوکرایەوە.



## خەو

پێیان گوت پێویست ناکات دایبییەکەی (diaper) بۆ بگۆڕێت. لەڕاستیدا پێویست نەبوو هیچ کارێك بکات، خانمی وینتەر وتی، چارلز ئەو کاتەی ئەو ئاغای وینتەر دەڕۆن بۆ سینەما، دەخەوێت و تا گەڕانەوەیان هەڵناستێت. وتی منداڵەکە خەوی قورسە. پێویست ناکات شووشەکەی بۆ پڕبکات. کە دەڕۆیشت داوایان دەکرد دەرگاکە نەکاتەوە سەردانی منداڵەکە بکات، لەبەرئەوەی دەرگاکە دەنگێکی زۆر ناخۆشی هەیە.

(هەریەت) هیچکات منداڵێکی لە باوەش نەکردبوو، تەنیا بۆ چەند چرکەساتێك کە تەمەنی شەش ساڵان بووە. ئەوەیش ئەو کاتە بوو کە دراوسییەکیان بە ناوی خانمی ئەنتلەر منداڵە تازە لە دایکبووەکەیان لە ژێر ناوی ئەندریا پێی دابوو. (هەریەت) هەر لە جێگەی خۆی دانیشتبوو و هەر کە خانمی ئەنتلەر منداڵەکەی وەرگرتووە، بەهۆی قورسایی منداڵەکەوە باڵی نیشتە ژان... ئەندریا ئێستا حەوت ساڵی تەواوی تەمەن بوو و لەو رۆژەی (هەریەت) گەورەتر بوو کە ئەوی هەڵگرت.

دوای دوو کاتژمێر خوێندنەوەی نامەکان کە لەسەر کورسییەکە لە ژووری خەوەکەی بە جوانی چنرابوون، ماندوو بوو و دوای دوو کاتژمێر تەماشاکردنی ئەلبووم و رەسمی زەماوەند کە کەسەکان جلی جوان و رازاوەیان لەبەرکردبوو، ئەوەی نیشان دەدا هەموویان پێویستیان بە ئۆرتۆدۆنسی (orthodonture) هەیە. تاقەتی بەسەر چوو. هەریەت خۆی تازە لە دەورەیەکی دوو ساڵەی تەل کێشی ددانی رزگاری ببوو و زۆر بەشێوەیەکی هەستیارانە لە شتەکانی دەڕوانی، لە حاڵێکدا کەناڵەکانی دەگۆڕی، بە وریاییەوە بە دەسکی دەرگای ژووری منداڵەکە یاریی دەکرد، وەك ئەوەی داخرابێت. نەیدەوێرا بە هێزێکی زیاترەوە پاڵ بنێت بە دەرگاکەوە، ئەگەر دەنگی هاتبا منداڵەکە خەبەری دەبووەوە و دەگریا و ئەوکات چی کردبا؟

لەپشت دەرگاکەوە گوێی راگرت و هەوڵیدا دەنگی هەناسەدانی منداڵەکە ببیستێت، بەڵام هیچ دەنگێك نەدەبیسترا جگە لە دەنگی جارجارەی هات و چۆی ئۆتۆمبێلێك لەسەر جادەکان. نەیدەزانی چارلز چۆنە. تەنانەت نەیدەزانی چەند ساڵی تەمەن بوو. باشە بۆچی کە ئاغای وینتەر لەناو مەلەوانگەکە لێی نزیك بووەوە و پێشنیاری پێدا منداڵەکە رابگرێت، رازی بوو، پێشتر نەیبینیبوو، ئەوەی کە دەیگوت بە رووخساریدا تێگەیشتووە دەتوانێت ئەم کارە بکات، شتێکی زمانلووسانە بوو، وەك ئەوەی هەر کچێك لە تەمەنی ئەودا خۆی لە خۆیدا توانای راگرتنی منداڵێکی هەبێت.

تا ئەو کاتەی وینتەرزەکان (ئاغا و خانمی وینتەر) دەگەڕێنەوە بۆ ماڵەوە، هەریەت بەشی زۆری نوقڵە (ئێم ئەند ئێم)ەکانی (M & M's) ناو قاپی سەر



تەپڵەکەی خوارد، سەرەتا شینەکانی خوارد، دواتر سوورەکان و دواتر سەوزەکانی خوارد و تەنیا زەردەکانی هێشتەوە.

پارەیەکی زۆریان پێدا و هیچ شتێکیان لێ نەپرسی. وەك ئەوەی خانمی وینتەر چاوەڕوان بێت ئەو بڕوات و دواتر سەردانی منداڵەکەی بکات. ئاغای وینتەر لە بێدەنگیدا بە ئۆتۆمبێلەکەی هەریەتی گەیاندە ماڵەوە. لە بەر دەرگەکەدا پێی گوت، ژنەکەمم... دواتر قسەکەی خۆی خواردەوە، دواتر وتی، دەزانی چی دەڵێم، وانییە؟ هەریەت بێ ئەوەی تەماشای بکات وەڵامی دایەوە، بەڵێ. ئەوەی راستی بێت دڵنیا نەبوو دەربارەی چی قسە دەکات، هەرچەند تا رادەیەك تێگەیشت مەبەستی چییە و بەڕاست دەیەوێت چی بڵێت. لە ئۆتۆمبێلەکە دابەزی و بینی کە بە خێرایی لێی دوورکەوتەوە.

سەرچاوە:

http://www.vestalreview.net/sleeping.htm




**دەیڤید فۆستێر والاس**

# David Foster Wallace

## دەڤید فۆستێر واڵاس
## David Foster Wallace

دەڤیـد فۆسـتێر واڵاس: ڕۆمـاننووس و چیرۆكنووسـی ئـەمریكایی، ڕۆژی ٢١ فێبریواری ١٩٦٢ لەدایكبووە. لـە زانكـۆی پۆمۆنـا لـە كلارمـۆنتی كالیفۆرنیـا وانەی دەگوتەوە. زیـاترین ناوبـانگی بـە هـۆی ڕۆمـانی "گاڵتـەی بـێ كۆتـایی" (١٩٩٦)ەوە بـوو كـە سـاڵی ٢٠٠٦ لەلایـەن گۆڤـاری تایمـەوە وەك یـەكێك لـە باشترین ١٠٠ ڕۆمانی ئینگلیـزی زمـان لـە سـاڵی ١٩٢٣ەوە تـا ئێسـتا ناسـرا. واڵاس دوازەی سێپتەمبەری ساڵی ٢٠٠٨ خۆی خنكاند.



## مێژوویەكی زۆر كورت لە ژیانی پۆست پیشەسازی
## (Postindustrial)

كە ئەوانیان بەیەك ناساند، پیاوەكە بەو هیوایەی بتوانێت جێگای خۆی لە دڵیـدا بكاتەوە، دەستی كرد بە شۆخیكردن، ژنـە دەسـتی كـردە پێكـەنین بـەو هیوایـەی خۆشی لێـی بێـت. دواتـر هـەركام بـە ماشـێنی خۆیـان ڕۆیشـتن، چـاویان بڕییـە پێشەوەی خۆیان و ناوچاویان گرژ كردبوو. ئەو پیاوەی ئەوانی بە یـەكتر ناسـاندبوو هیچكامیـانی خۆش نەدەویست، بـەڵام وا خـۆی دەردەخسـت كـە خۆشـی دەوێـن. نیگەران بوو كە پێوەندی خۆی لەگەڵ كەسـانی تـر بپارێزێـت، كـەس نەیـدەزانی، بەڵام ئێستا كەسێك ئەوەی دەزانی.

سەرچاوە:

http://www.mat.upm.es/~jcm/wallace-history.html



**بێنجیامین ڕۆزێن باوم**

## بێنجیامین رۆزێن باوم

**بێنجیامین رۆزێن باوم. نووسەرێکی گەنجی ئەمریکایی، ساڵی ١٩٦٩ لەدایك بووە و لە ئارلینگتن گەورە بووە. لە ساڵی ٢٠٠١-ەوە دەستی کردووە بە چیرۆکنووسین و تا ئێستا چەند چیرۆکی لە کۆمەڵێك لە گۆڤارە ناودارە ئەدەبییە ئاوانگاردەکان بڵاوکردووەتەوە. ئێستا لەگەڵ هاوسەرەکەی و دوو منداڵی لە بازلی سویسرا دادەنیشێت.**



## پرتەقاڵێك دەسەڵاتی جیهان دەگرێتە دەست

**شتێکی چاوەڕواننەکراو بوو، بەڵام دەسەڵات بەشێوەیەکی کاتیی لەلایەن کائیناتەوە سپێردرا بە پرتەقاڵێ.**

**پرتەقاڵەش کە لە باغێکدا بوو لە فلۆریدا بەوپەڕی بێ فیزییەوە ئەم ئەمانەتەی وەرگرت و پرتەقاڵەکانی تر، پەلەوەرەکان مرۆڤەکانی سەر تراکتۆرەکان لە شادییدا گریان و ماتۆڕی تراکتۆرەکان شەکریان لێ دەڕژا.**

**فڕۆکەوانەکان کە بەسەر باخەکەدا دەسووڕانەوە بە موسافیرەکانیان رادەگەیاند ئێمە لەسەر باخێکین کە لەودا پرتەقاڵێکی سادە کە لەسەر لقێکی بچووك روواوە دەسەڵاتی جیهانی بەدەستە. موسافیرەکانیش بە خۆشحاڵییەوە سەریان سووڕدەما و دەمیان دەکرایەوە.**

**فەرمانداری فلۆریدا هەموو رۆژێکی بە رۆژی پشوو راگەیاند. دوانیوەڕۆی رۆژێکی هاوینی دالای لاما هاتە باخەکە و لەگەڵ پرتەقاڵەکەدا کۆبووەوە و دەربارەی ژیانی قسەی کرد.**


که وەرزی چنین هات هیچکام لە کرێکارە کۆچبەرەکان ئامادە نەبوون پرتەقاڵ بچنن و رایانگەیاند مانیان گرتووە. گریا. پرتەقاڵەکانی تریش تێکڕا سوێنیدان خوارد بین بە زەهری مار، بەڵام ئەو پرتەقاڵەی بەسەر جیهاندا فەرمانڕەوایی دەکرد وتی: "هاوڕێیانم کاری خراپ و پێچەوانەی ئەخلاق مەکەن، کاتی هاتووە".

سەرەنجام کەسێ لە شیکاگۆوە هات، پیاوێ کە دڵی لە بەرد بوو و سۆزی سەرمای زستانی زەریاچەی میشیگانی لەگەڵ بوو. جانتاکەی خۆی کردەوە و بە نێردیوانێکدا سەرکەوت و پرتەقاڵەکەی لێکردەوە. باڵندەکان بێدەنگ بوون و هەورەکان گریان. پرتەقاڵەکەی سپاسی پیاوە شیکاگۆییەکەی کرد. دەگێڕنەوە ئەو کاتەی پرتەقاڵەکە کەوتە ناو سووڕی بەرهەمهێنانی نەتەوەییەوە، بەشێك لەئۆتۆمبێلەکان بوون بە زێڕ. شۆفێر لۆرییەکان بوون بە عارف و بەرپرسانی بە ساڵاچووی فرۆشگا لۆکاڵییەکان ئەو کچە لێزبینانەیان لە وال ستریتەوە بانگ کرد و هەموویان هاتنەوە سەر کار.

سێ رۆژ لەمەوپێش ئەو پرتەقاڵەم بە ٣٩ سەنت لە فرۆشگای سێڤ وی کڕی و سێ رۆژ لەناو سەبەتەی میوەکەدا لەبەردەم خۆم دامنا و شتی لێ فێربووم.

ئەمڕۆ پێی وتم کاتی هاتووە و من خواردم.

ئێستا هەمدیسان بۆ خۆمان بەرەڵا کراوین.



**ئیتالۆ کالڤینۆ**

## ئیتالۆ کالڤینۆ

ئیتالۆ کالڤینۆ (Italo Calvino) یەکێك لە گەورەترین نووسەرانی ئیتاڵیایی لە سەدەی بیستەمدا، ڕۆژی ١٥ی ئۆکتۆبەری ١٩٢٣ لە دایکبوو و ١٩ سێپتەمبەری ١٩٨٥ ماڵئاوایی لە ژیان کرد. کالڤینۆ نووسەر، هەواڵنێر، ڕەخنەگرێکی ئیتاڵیاییە کە ناوبانگێکی جیهانیی هەیە و زۆربەی کارەکانی وەرگێڕدراونەتە سەر زمانە زیندووەکانی دونیا.

کالڤینۆ لە سانتیاگۆ دێلاس و گاس لە کووبا لەدایك بوو. دایك و باوکی هەردووکیان "گیاناس" بوون و ئەوە بووە بەهۆی ئەوەی جۆرێك سرووشتگەرایی لە بەرهەمەکانیدا ڕەنگ بداتەوە. کالڤینۆ تا تەمەنی پێنج ساڵەیی لە کووبا ژیا و دواتر لەگەڵ بنەماڵەکەی ڕوویانکردە ئیتاڵیا.

تا تەمەنی هەژدە ساڵەیی لە سان ڕێمۆ مایەوە. ساڵی ١٩٤١ چووە تۆرین. ساڵی ١٩٤٣ بە پەیوەست بوو بە بزووتنەوەی بەرگری ئیتاڵیاوە و دواتر بوو بە ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی ئیتاڵیا.

کالڤینۆ ساڵی ١٩٤٧ بە نووسینی نامەکەی دەربارەی جۆزێف کۆنراد لە بواری ئەدەبدا خوێندنی لە زانکۆی تۆرین تەواو کرد و دواتر دەستی کرد بە هاوکاری



لەگەڵ ڕۆژنامەی لۆکاڵی حیزبی کۆمۆنیستی ئیتاڵیا. هەر لەم ساڵەدا پاش بڵاوبوونەوەی کتێبی "خانووی جاڵجاڵۆکە" کە باسکردن بوون لە بزووتنەوەی بەرگریی لە ئیتاڵیا، خەڵاتی ئەدەبی "ڕیچنە"ی پێبەخشرا. هەر لەم ساڵانەدا لەگەڵ گۆڤار و ڕۆژنامە کۆمۆنیستییەکان دەستی دایە هاوکاری.

کالڤینۆ ساڵی ١٩٥٠ بەرەو یەکێتی سۆڤییەت ڕۆیشت. یاداشتەکانی ئەم سەفەرە لە ڕۆژنامەی لۆنیتا، کە سەر بە حیزبی کۆمۆنیستی ئیتاڵیا بوو، چاپ بوو و بەم بۆنەیەوە خەڵات کرا. لە دەیەی ١٩٥٠دا کالڤینۆ دەستیکرد بە جۆرێك فەنتازیای ئەدەبی کە لە حیکایەتەکان نزیکبوو و لەودا هەجووی کۆمەڵایەتی و سیاسی بە جوانی دەبینرا. چەند کتێبی لەوانە "شەوالیەی نەبینرا" و "مێروولەی ئەرژانتینی" چاپ کرد و بەردەوام هاوکاری بڵاوکراوە کۆمۆنیستی و مارکسیستییەکانی دەکرد، کەچی کوتوپڕ ساڵی ١٩٧٥ بەشێوەیەکی کوتوپڕ لە حیزبی کۆمۆنیست دابڕا و نامەی "وازهێنان"ەکەی لە بڵاوکراوەی "لۆنیتا"دا چاپ کرد. کتێبی "بارۆنی دارەوەن" هەر لەم ساڵەدا چاپ و بڵاوکرایەوە.

سەرەڕای هەموو ئەو ڕێگرییانەی کە لەو ساڵانەدا لە بەردەم ئەو بیانییانەدا هەبوو کە ڕوانگەی کۆمۆنیستییان هەبوو، توانی لەسەر بانگهێشتی دامەزراوەی "فۆرد" سەردانی ئەمریکا بکات و شەش مانگ لەوێ مایەوە. کالڤینۆ چوار مانگ لەو شەش مانگە لە نیویۆرك مایەوە و بە وتەی خۆی کەوتە ژێر کاریگەری کەش و هەوای نوێی ئەمریکاوە. هەر لەم ماوەیەدا لەگەڵ "ئێستەر سینگەر" ئاشنا بوو، چەند ساڵ دواتر لە سەفەرێکیدا بۆ کووبا، لە هاوانا پێکەوە زەماوەندیان کرد. کالڤینۆ لەم سەفەرەیدا بۆ ئەو وڵاتەی لێی لەدایك ببوو، ئەرنێستۆ گیڤارای بینی.

کالڤینۆ لە دەیەی ١٩٦٠دا بەهاوکاری "ئێلۆ ڤیتۆرینی" گۆڤاری ئەدەبی "مەنابۆ"یان چاپ و بڵاوکردەوە. لەم سەردەمە بەدواوە کالڤینۆ بێ ئەوەی

لە تەنز دابڕێت و یان بە خوێندنەوەی تایبەتی خۆی نکۆڵی لە کلاسیکەکان بکات، رووی هێنایە چیرۆکە وێنەدار و زانستی-فانتازیاییەکانەوە. لەم بوارەدا دەکرێت ئاماژە بدرێت بە "مارکۆ ڤاڵدۆ"، "کۆمیدیا کەیهانییەکان"، "کاجی چارەنووسە یەکتربڕەکان" و "شارە نەبینراوەکان". ساڵی ١٩٦٦ "ڤیتۆرینی" یەکێك لە نزیکترین هاوڕێکانی کالڤینۆ مرد و مەرگی ئەم هاوڕێ نزیکەی کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر ژیانی. دوای ئەوە بوو چەندین جار سەفەری کرد بۆ پاریس و "رۆلان بارت"ی بینی. هەروەها سەرقاڵی کاری ئەدەبی بوو لە زانکۆی سۆربن و زانکۆکانی تری فەرەنسا. هەر لەم ساڵانەدا هاوکات درێژەی بە کاری ئەدەبی خۆی دەدا و دەکرێت ئاماژە بدەین بە رۆمانی "ئەگەر شەوێك لە شەوەکانی زستان رێبوارێك"...

کالڤینۆ بەردەوام سەرقاڵی کاری ئەدەبی بوو و چەند بەرهەمی تری لێ بەجێماوە، دەتوانین ئاماژە بدەین بە:

١- ویسکونتی دوولەتبوو.
٢- ئاغای پالۆمار.
٣- پاشا گوێ دەگرێت.
٤- رۆژێك چاودێری هەڵبژاردن.

**هەروەها کتێبەکانی:**

١- شەش یاداشت بۆ هەزارەی دواتر.
٢- بۆچی دەبێت بەرهەمی کلاسیکەکان بخوێنینەوە.

سەرەنجام کالڤینۆ ساڵی ١٩٨٥ بەهۆی خوێن بەربوونی مێشکەوە کۆچی دوایی کرد.



## هاوکاری

وەستام و تەماشام کردن. نیوەشەو، لە شەقامێکی چۆڵدا خەریکبوون بەزۆر دەرگای دووکانێکیان دەکردەوە. دەرگایەکی قورس بوو و بە ئاسنێك خەریك بوو بیکەنەوە، بەڵام دەرگاکە نەدەکرایەوە. زۆر کوتوپڕ لەوێوە رەت بووم. رۆیشتم و دەستم دایە ئاسنەکە بەوەی یارمەتییان بدەم. پێم سەیر بوو، هاوئاهەنگ نەبوون لە کارەکەیاندا. بەرز وتم: "هوو... هووپ".

پیاوەکەی تەنیشتم کوتای بە کەلەکەمدا و وتی: "بێدەنگ! گەوجی! دەتەوێ دەنگمان ببیستن؟" سەرم راوەشاند و وام نیشاندا نەمزانیوە. سەرەنجام بەزۆر و عارەقڕشتن توانیمان تۆزێك دەرگاکە بکەینەوە بۆئەوەی بتوانین بچینە ژوورەوە. تەماشای یەکترمان کرد. دواتر چووینە ژوورەوە. زەرفێکیان پێدام دەبا پڕکردبایەتەوە. شتەکانی تریان هێنا و خستییانە ناو زەرفەکەوە.

وتیان: "هیوادارین ئەم پۆلیسە نەگبەتانە رێیان نەکەوێتە ئێرە". وتم: "بەڕاستی نەگبەتن!"

هەندێ جار ئاگاداریان دەکردمەوە: "بێدەنگ بە! مەگەر دەنگی پێ نابیستی؟" گوێم قوڵاخ دەکرد و بە نیگەرانییەوە گوێ قوڵاخ دەوەستام و وەڵامم دەداوە "نا، نا، ئەوان نین!"

یەکێکیان وتی: "راست ئەو کاتەی چاوەڕێیان ناکەی دەردەکەون!"

سەرم راوەشاند و وتی: "خۆزگە دەکرا هەموویان بکوژرێن"، دواتر داوایان لێکردم تا سەر کۆڵانەکە بڕۆم بزانم کەسێکی لێیە یان نا. چوومە دەرەوە، کەسانێکی تری لێ بوو کە لکابوون بە دیوارەکەوە و بە ئارامی دەهاتنە پێشەوە. رۆیشتمەلایان و وەستام.

پیاوەکەی تەنیشتم وتی: "لەوێ لای دووکانەکانەوە دەنگەدەنگ دێت". تەماشای ئەولام کرد. وتی: "بێدەنگ! سەرت بدزەوە گەوجە! ئەگەر بمانبینن هەمدیسان هەڵدێن!"

ئەوی تر وتی: "ئەگەر بتوانین بێ ئەوەی بزانن گەمارۆیان بدەین وەك مشك دەیانخەینە تەڵەوە: "بەدزییەوە بەسەر پەنجە دەڕۆیشتینە پێشەوە و لە تاریکییدا لە یەکترمان دەڕوانی".

وتم ئیتر ناتوانن هەڵبێن: یەکێك بە ئارامی وتی: "سەرەنجام لە کاتی خۆیدا گیرکەوتن".

کاتی هاتووە. یەکیان لەژێر لێوەوە وتی: "دزە بێژووانە، دووکانەکان تاڵان دەکەن!" بە تووڕەییەوە وتم: "بێژووانە، بێژووانە".

لە پێشدا منیان نارد تا هەموو شت هەڵسەنگێنم. چوومە ناو دووکانەکە. یەکیان زەرفەکەی دا بە کۆڵما و وتی: "ئێستا ئیتر ناتوانن بمانگرن". ئەویتر وتی: "زوو کەن! لە دەرگاکەی دواوە دەچینە دەر! لەبەر لووتیان ون دەبین!"



هەموومان خۆشحاڵ بووین لە سەرکەوتن. وتی: "ئاگاداری لووتیان بن". بەرەو دەرگای دواوەوە کەوتینە رێ. وتیان: "تەواو گێژیان دەکەین" و هەر ئەوکاتە بیستم: "بوەستە، کێی کورە؟" چراکان هەڵکران. خۆمان شاردەوە، ترسابووین و دەستی یەکترمان گرت. ئەوانی تر بەرەو ئەو شوێنەی ئێمەی لێ بووین، هێرشیان کرد، ئێمەیان نەبینی و بەرەو شوێنێکیتر هەڵاتن. ئێمە هاتینە دەر و وەك کەروێشك هەڵاتین.

هاوارم کرد. "بەخت یاوەرمان بوو". دوو سێ جار پێم هەڵکەوت و کەوتمە دواوە. کەوتمە ناوەڕاستی ئەوانی تر کە خەریکبوون هەڵدەهاتن. وتیان: "هەڵێن دەیانگرین!" هەموویان بەرەو شەقامەکە کەوتنە دوایان. بەسەر یەکتریاندا دەقیژاند: "لێرەوە بڕۆ، رێگە قەدبڕ بکە". لەولاوە ئەوانی تر زۆر لە ئێمە دوور نەبوون و دەنگی هاواریان بە گوێمان دەگەیشت "هەڵێ، ئیتر ناتوانن لە دەستمان هەڵبێن".

توانیم بگەمە یەکێك لەوانەی پێشەوە و بکەومە پێشییەوە. رووی کردە من و وتی: "ئافەرین، تۆش توانیت لەدەستیان هەڵبێیت، وەرە لێرەوە، ونمان دەکەن". بە شوێنیدا هەڵاتم. دوای ماوەیەك کوتوپڕ لە کۆڵانێکدا تەنها مامەوە. یەکێك لەوسەری کۆڵانەکەوە دەرکەوت و لە هەمانکاتدا هاواری کرد: "زووکە، لێرەوە، نابێ زۆر دوورکەوتبێتنەوە". بەشوێنیدا هەڵاتم. دواتر وەستام. دەنگی هیچکام لە گرووپەکان نەدەبیسترا. دەستم خستە گیرفانم و سەرەنجام لەسەر خۆ دەستم کرد بە پیاسەکردن.

## ئەو پیاوەی هاواری دەکرد تێرازا

لەسەر شۆستەکە پیاسەم دەکرد. چەند هەنگاو گەڕامە دواوە. لە ناوەڕاستی وەك بڵەنگۆ گرت بە بەردەمماو بەرەو نهۆمی سەرەوەی بینایەك هاوارم کرد: "تێرازا"
سێبەرەکەم ترسا و لەژێر تیشکی مانگا لەژێر پامدا خۆی شاردەوە.
کەسێ خەریکی پیاسەکردن بوو. هەمدیسان هاوارم کرد "تێرازا".
پیاوەکە گەیشتە لام و وتی:
"هەرچەند بەرز هاوار بکەی دەنگت نایگاتێ. وەرە پێکەوە هەوڵ بدەین، تا سێ دەژمێرین و پێکەوە هاوار دەکەین.
ئەو وتی:
یەك، دوو، سێ
ئێمە پێکەوە هاوار دەکەین
- تێرازااااااا.



کەسێکی‌ترمان پێ پەیوەست دەبێ، چارەکە سەعاتێ دواتر دەستەیەکی ٢٠ کەسی لەوێ کۆبووەوە. هەرچەند ماوە جارێ کەسێکمان پێ پەیوەست دەبوو. لە هەموو ئەم ماوەیەدا ڕێکخستن بۆ بانگکردنێکی باش ئاسان نەبوو. هەمیشە کەسێ بەر لە وتنی سێ دەستی دەکرد بە هاوارکردن، یان کەسێکی تر هەر نەیدەبڕییەوە و درێژەی پێدەدا.
بەڵام لە کۆتاییدا تاڕادەیەك پێکەوە هاوئاهەنگ بووین. ڕێککەوتین بەوەی کە (ت) دەبێ ئارام و درێژ، (ر) بەرزو درێژو (زا) ئارام و بەرز بوترێ. دنگەکە باش بوو، بەڵام هێشتا دەمەبۆڵەیەك سەری دەگرتو دواتر زۆر زوو کۆتایی پێدەهات. هەموو بۆ بانگکردن ئامادەبوون. کەسێ کە بەدەنگییەوە وا دیاربوو کە دەبێ دەموچاوێکی پڵ پڵی هەبێ، پرسی:
دڵنیان لە ماڵەوەیە؟
وتم: نا.
کەسێکی تر وتی: چەند ناخۆشە! کلیلەکەت لەبیرچووە. مەگەر وا نییە؟
وتم: لەڕاستیدا من کلیلم پێیە.
هەموان وتیان: زۆرچاکە ئەی بۆ ناچیتە سەرەوە؟
وەڵامم دایەوە: من لێرە ناژیم. من لە شوێنێکی تری ئەم شارە دەژیم.
کەسە دەموچاو پڵ پڵەکە پرسی: ببوورە، دەبێ ببووری! کە وایە کێ لێرە دەژی؟
وتم: بەڕاستی نازانم.
حەشیمەتەکە سەریان سووڕما. کەسێ کە زمانی دەگیرا، پرسی:
تکایە پێمان بڵێ، ئەی بۆ وەستاوی و هاوار دەکەی تێرازا؟

وتم چونکە نیگەرانم. ئێوە پێتان خۆشە دەتوانین بانگی ناوێکی تر بکەین و یان لە شوێنێکی تر ئەم کارە بکەین.

ئەوان لێم رەنجان. کەسە دەموچاو پڵ پڵەکە پرسی:

هیوادارم گاڵتەت پێ نەکردبێتین؟

بە دڵشکاوییەوە وتم: بۆچی؟

بۆ ئەوەی پێیان بڵێم کە من مەبەستی خراپم نەبووە، رووم کردە ئەوانی‌تر. سەرەتا شەرمیان کرد. کەسێ بە میهرەبانییەوە وتی:

- سەرنج بدەن، جارێکی تر هاوار دەکەین و دواتر دەگەڕێینەوە بۆ ماڵەکانمان.

بۆیە جارێکی تر پێکەوە هاوارمان کرد:

یەك، دوو، سێ، تێرازا!

بەڵام زۆر باش نەبوو. حەشیمەتەکە گەڕانەوە بۆ ماڵەکانیان، دەستەیەك لەملاوە و دەستەیەکی تر لەولاوە. دەتوانم بڵێم گەیشتبوونە ناوەڕاستی فولکەکە کە هەستم کرد کەسێ هێشتا هاوار دەکات (ت-ر-زا). کەسێ دەبێ لەوێ وەستابێت و هاوار بکات. کەسێکی کۆڵنەدەر و شێلگیر.



**جان ئێدگار وایدمەن**

## جان ئێدگار وایدمەن

جان ئێدگار وایدمەن (John Edgar Wideman) ساڵی ١٩٤١ لە واشنتۆن لەدایکبووە. دوای ماوەیەك لەگەڵ خێزانەکەی روویکردە پێنسلوانیا و لەناو رەشپێستە ئەفریقییەکاندا گەورە بوون. تا ئێستا دەیان رۆمان و کۆمەڵەچیرۆکی نووسیوە و دوو جار خەڵاتی پێن فاکنەری بردووەتەوە.


**ژمارەیەك لە بەرهەمەکانی ئەمانەن:**

- A Glance Away, Harcourt (New York, NY), 1967.
- Hurry Home, Harcourt (New York, NY), 1970.
- The Lynchers, Harcourt (New York, NY), 1973.
- Hiding Place, Avon (New York, NY), 1981.
- Sent for You Yesterday, Avon (New York, NY), 1983.
- Reuben, Henry Holt (New York, NY), 1987.
- Philadelphia Fire, Henry Holt (New York, NY), 1990.
- The Cattle Killing, Houghton Mifflin (Boston, MA), 1996.
- Two Cities, Houghton Mifflin (Boston, MA), 1998.
- Fanon, Houghton Mifflin (2008)



## چیرۆکەکان

پیاوێك مۆزێك بە دەستییەوە، لە باراندا پیاسە دەکات. لەکوێوە دێت. بۆ کوێ دەچێت. بۆچی مۆز دەخوات. خێرایی بارانەکە چۆنە. مۆزەکەی لەکوێوە هێناوە. ناوی مۆزەکە چییە. خێرایی رێکردنی چەندە. ئاخۆ گرنگییەك دەدات بە بارانەکە. بیر لە چی دەکاتەوە. کێ ئەم پرسیارانە دەپرسێت. کێ بڕیارە وەڵام بداتەوە. بۆچی؟ هیچ گرنگییەکیشی هەیە. دەربارەی ئەو پیاوەی لە باراندا پیاسە دەکات و مۆز دەخوات چەند پرسیار دەکرێت بپرسین. ئاخۆ ئەو پرسیارەی پێشتر یەکێکە لەو پرسیارانە یان لە جۆرێکی ترە و هیچ پێوەندییەکی بە پیاو، باران یان رێکردنەوە نییە. ئەگەر پێوەندی بەوانەوە نییە پێوەندی بە چییەوە هەیە. ئاخۆ هەر پرسیارێك دەبێت بەهۆی دروستبوونی پرسیارێکی تر؟ ئەگەر وایە چ کەڵکێکی هەیە. ئەگەر وایە دوایین پرسیار چییە؟ ئاخۆ پیاو وەڵامی هیچکام لەم پرسیارانە دەزانێت؟ پیاو حەزی لە مۆزە؟ پیاسەکردن لە بارانی پێ خۆشە؟ ئاخۆ هەست بە قورسایی ئەو روانینانە دەکات تەماشای دەکەن، ئەی قورسایی پرسیارەکان؟ بۆچی رەنگی زەرد و روونی مۆز تەنها رەنگە لەو دونیا خۆڵەمێشییەدا، ئەو دونیایەی کە پەردەی باران هەموو شتێکی خۆڵەمێشی کردووە. دەزانم پرسیاری دوای پرسیاری دواتر چییە. تەنها وەڵامێك کە دەزانم ئەوەیە هەر چیرۆکێك کە دەربارەی ئەم پیاوەی لە باراندا مۆز دەخوات، بنووسم، چیرۆکێکی تاڵ دەبێت، مەگەر ئەوەی لەگەڵ تۆ لە پشت پەنجەرەیەکەوە دانیشین و تەماشای بکەین.



**لېئونارد پى. ئالىشان**

## لئۆناردۆ پی. ئالیشان

**لئۆناردۆ پی. ئالیشان: نووسەر و شاعیری ئەرمەنی. ساڵی ١٩٥١ لە تاران لەدایکبووە. دوای تەواوکردنی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی ئێرانی بەجێهێشتووە و ساڵی ١٩٧٣ روویکردووەتە ئەمریکا. دوای تەواوکردنی خوێندن لە زانکۆی یۆتا لە ساڵت، خەریکی وانەوتنەوە بووە لە بواری ئەدەبی بەراوردکارییدا. ئەم نووسەرە ناودارە ساڵی ٢٠٠٥ لە ئاگرکەوتنەوەیەکدا گیانی لەدەست دا.**



## شاری رەش

**کاتی ریشتاشین، ئەو کاتەی لیێوی خوارەوەم بڕی، لەبەردەم دەروازەی شاری رەشدا بووم. ئەو شارەی لە مەڕمەڕی رەش دروستکراوە لەناو بیابانێکدا، نزیکترین کانی بەردی مەڕمەڕ بە سەدان کیلۆمەتر لەو شارەوە دووربوو. شارێکی نامۆ. شارێکی نامۆی مەڕمەڕین دوور لە هەر ئاوەدانییەك. شارێکی رەش کە رۆحم بە وەتەن و وڵاتی خۆی دەزانێت.**

**بە خەیاڵی ئاسوودەوە لە دەروازەی شارەکەوە گوزەرم کرد و خەیاڵم ئاسوودە بوو کە شاری خۆمە، وەها ئاسوودە بووم چما خۆم ئەم شارەم بونیات ناوە، هەموو بیناکانی ئەو شارە هونەری بیناسازی خۆم بوو. مەڕمەڕ و کانەکەش هەر خۆم بووم. کۆیلەیەك بوو کە مەڕمەڕەکانم دەرهێنابوو و کۆیلەیەك بووم کە کێشام و هێنامە ئەم بیابانە. پاشای شاری رەش بووم و تەنها کەسێك بووم سەردانی ئەم شارەم دەکرد. شاری نامۆی من.**

له شەقامەکاندا بە بۆنێکی ئاشنای قورسەوە ڕێم دەکرد. بۆنی قژی دایکم. بۆنی کراسەکەی باوکم. بۆنی پرتەقاڵەکانی شەوانی هەینی و شەوانی هاوین کە پڕدەبوون لە حیکایەتەکانی نەنکم، دادەنیشتین و لەتمان دەکردن و دەمانخواردن. لەو شەقامانەدا پیاسەم دەکرد کە پڕبوون لە رووخساری ئاشنا کە لە قۆناغە جیاوازەکانی تەمەنمدا دەمناسین. هەموویان رەش و سپی بوون. چما کەس پەلەی نەبوو و کەس نەیدەویست بۆ هیچ کوێ بڕوات، بەڵام چما هەموویان لە جووڵەدا بوون. کەس قسەی نەدەکرد. شەقامە بێدەنگ و بۆنخۆشەکانی شار پڕبوو لە حەشیمەتێك کە لە جیهانێکی تردا زیندوو بوون، لە دونیایەکی تردا پیر دەبوون، بەڵام هەموویان بەو شێوەیە بوون کە من لە منداڵی، گەنجێتیمدا دەیبوومن.

شاری مەڕمەڕی رەش لە لایەکەوە دەیخواردە مزگەوتێك کە لەسەر گومەزەکەی مانگێکی خڕ هەبوو و لەلایەکی ترەوە دەیخواردە کەنیسەیەکی گەورە، کە هەتاو لەسەر لێژایی سەربانەکەی نیشتبووەوە. کەناسێك کە لەو کاتەوەی لە گەڕەکە کۆنەکەماندا بووم دەمناسی، ئەستێرە رژاوەکانی وەك گەڵای پاییزی گسك دەدا، لە هەمانکاتدا میلەکانی کاتژمێری بورجەکە بە هەمان رەوتی کاتژمێر و بە پێچەوانەی رەوتی کاتژمێر دەسووڕایەوە و بە ریتمی سەدە ناوەڕاستییەکان دەجووڵانەوە. ئەم شارە مەڕمەڕی رەش بوو کە هەرساتێك لە تەمەنم بەشێك لەو شارەم دروستکردبوو و ئێستاش ئەگەر لە ژیاندا بام، دروستم دەکرد و زیندوو بووم، هەرچەند بە ڕێخۆڵەیەکەوە کە بە ناوکمەوە بوو، بەسترابوومەوە بە منداڵدانی خواوەندێکی مردووەوە.



لەناو حەشیمەتە رەش و سپییەکەدا کچۆڵەیەکم بینی بە رووخساری گەشەوە کە پێدەکەنی و هەڵبەز دابەزی بوو. بینینی کەسێك لە شارەکەمدا، کە هەست بە شادبوون دەکات زۆر خۆشحاڵ بووم. بەرەو رووی چووم و پرسیم تۆ کێی. وتی منداڵی ژنەکەی منە. پرسیم: "هەموو دەم وەها شاد بووی؟"

وتی: "شاد بووم، بەڵام تا دێت شادتر دەبم".

پرسیم: "شادبوونەکەت پێوەندییەکی بەمنەوە هەیە؟"

وتی: "بەڵێ. پێوەندی هەیە. ژنەکەت هەموو رۆژێك لە لای تۆوە بە خەمەوە دەژی و سبەی بێ هیوایە، من کە سبەی رۆژی ئەوم، لە بیرەوەرییەکانیدا زیندوو دەبمەوە. تۆ لەو دونیادا زۆر بەهەڵەدا دەچیت کە لات وایە رابردوو ناگۆڕدرێت".

گریام. بە ئارامی گریام و رووم کرد بەولاوە.

لەناو شارە مەڕمەرییەکەدا پیاسەم دەکرد، شارێکی رەشی نامۆ بەپێی ماندوو و دڵی شکاوەوە. نزیك بە مزگەوتەکەی لای دەروازەکەی تر، کوڕێکم بینی گوڵی رەشی دەفرۆشت، کوڕێك بە دەموچاوی پڕ لۆچ و بریندارەوە ئەو گوڵە رەشانەی دەفرۆشت کە من زۆرم حەز دەکرد بیانکڕم. پرسیم: "بە چەندە؟"

وەڵامی دایەوە: "ئەمانە هین تۆن. زۆر کاتە چاوەڕێی تۆن".

پرسیارم کرد: "تۆ کێیت؟"

وتی: "من منداڵی تۆم".

وتم: "بەڵام تۆ هەموو دەم شاد بووی. تا ئەو شوێنەی لەبیرمە و باشیشم لەبیرە، تۆ زۆر شاد بووی".

وتی: "بەڵام ئێستا باشتر تێدەگەین. وانییە؟"

گوڵە ڕەشەکانم وەرگرت و خۆم کێش کرد بەرەو دەروازەکەی تر.

هاوارم کرد: "من پاشای ئێرە نیم".

ئەو قەشەیەی لە ئاوی کێشابووم و ژنی لێ مارە بڕیبووم، وتی: "وایە پاشا نیت، ئێمە لێرە شاژنمان هەیە". ئاماژەی دا بە نمایشی سەربازی، سەربازە ئێرانییەکان کە کاتی سەربازیی لەگەڵیان بووم. سەندووقێکی زێڕینیان لەسەر شان بوو.

پرسیم: "بۆ کوێ دەڕۆن؟"

قەشە وتی: "شاژنی شاری مەرمەڕی ڕەش دێنن بۆ پەرەستگەکەی ئێمە، کە هەموو مانگێك لە ئاپریلدا قوربانی دەکەن".

ڕێوڕەسمی نمایشی سەربازی تەواو بوو. شاژن پەردەی هاوریشمی لادا. بە پێکەنینێکی ساردەوە وتی: "سڵاو ئازیزەکەم".

لەژێر لێوەوە وتم: "سڵاو دایە گەورە".

نمایشە سەربازییەکە بەردەوام بوو و دوعای ئاشنای ئەرمەنییەکان دەنگی دایەوە.

بەرلەوەی لە دەروازەی شار بڕۆمە دەرەوە، سەرم وەرگێڕاو چاوم لە کوڕە چکۆلەکە کرد. وەك مندالە هەتیوێك کزۆڵەی کردبوو و لێی دەڕوانم کە بەجێم دەهێشت.

فرمێسك زابووە چاوم. وتم: "بڕوانە چ بەڵایەکم بەسەر هێناوی".


بەپشت دەستی دەموچاوی خاوێن کردەوە. وتی: "تەماشا ئەوان چ بەڵایەکیان بەسەر هێناوین".



بۆ ساتێك لە دەروازەکە دوورکەوتمەوە و دەنگی داخستنی دەرگاکە بیسترا. گوێزانەکە لە دەستم کەوتە خوار. لە ئاوێنەکەدا چاوم لە خۆم کرد، پیرەپیاوێکم بینی. چەنە و قوڕگی خوێناویی بوو.

سەرچاوە:

http://asadamraee.blogspot.com



**جەیمز کێلمەن**

## جەیمز کێلمەن

**جەیمز کێلمەن نووسەری سکاتلەندی ساڵی ١٩٤٦ لەدایك بووە و تا ئێستا چەندین ڕۆمان و کۆمەڵەچیرۆکی چاپ و بڵاوکردووەتەوە. جارێك پاڵێوراوی خەڵاتی بۆکێر بووە.**



## چیرۆکێکی کۆن

**ئەم کچە بۆ ماوەیەکی زۆر خەمۆکی هەبوو، کە وایە دەبا بمانزانیبا چ بووە. بەڵام نەمانزانی. مرۆڤ خۆ هەموو کات هەموو شت بەچاو نابینێ. ئەم هەمووە لەماڵەوە دادەنیشی. سەرەنجام گێژ و وێژ دەبی و دەست بە ئەژنۆ دادەنیشتێت. تێ ناگەی. تەنانەت ئەگەر لەگەڵ منداڵێکدا ڕووبەڕوو بیت. بە تایبەت منداڵ. سەرەنجام دەستی پێ کردەوە، بەڵام ئەو منداڵ نییە. ژنێکی گەورەیە و خاتوونێکە بۆ خۆی. حەز ناکەم ئەم چیرۆکە بگێڕمەوە.**

**تۆ نابێ وا قسە بکەی. چیرۆك بۆ ئەوەیە بگێڕدرێتەوە.**

**چاك دەزانم. دەزانم چ ئەڵێی.**

**زۆر باشە.**

**بەڵام چیرۆکەکەی تۆ**

**بەڵێ.**

**دەربارەی کچە خزمەتکارێکە، مەگەر وانییە؟ بەبۆنەی کوڕەکەی دەزگیرانییەوە تووشی خەمۆکی بووە. وایە؟**

**نامەوێ بیگێڕمەوە.**

**دەبێ بیگێڕیتەوە. مەگەر ئەوەی هیچ چیرۆکێ لەئارادا نەبێت.**

**خوا نەکات. چیرۆك هەیە. ئەویش چ چیرۆکێك.**

An Old Story,James Kelman



**جۆيس كارۆل ئۆيتس**

## جۆیس کارۆل ئۆیتس

جۆیس کارۆل ئۆیتس خانمە نووسەری ئەمریکایی، ١٦ی جۆنیڤەری ١٩٣٨ لەدایك بوو. یەکەم کتێبی خۆی ساڵی ١٩٦٣ چاپ و بڵاوکردەوە، تائێستا زیاتر لە ٥٠ رۆمانی نووسیوە، هەروەها چەند کۆمەڵەچیرۆك و چەند دیوانی شیعریی هەیە. رۆمانی (Them(1969 خەڵاتی کتێبی نەتەوەیی پێبەخشرا. هەروەها ئەم کتێبانەی ئاوی رەش (Black water) (1992) و What I lived for(1994)و هەروەها (Blonde(2000 دیاری کراوە بۆ خەڵاتی ئەدەبی پۆلیتزێر.

ئۆیتس جگە لە رۆمان و چیرۆك لە بوارەکانی دراما و فیلمنامەشدا کار دەکات و تائێستا چەند فیلمنامە و درامای نووسیوە. ساڵی ٢٠١٢ دوو رۆمانی نووسیوە بە ناوەکانی Madwomanو A Fair Maiden. هەروەها بۆ ساڵی ٢٠١٣ رۆمانێکی ئامادەی چاپە بە ناوی The accursed، کە بڕیارە مانگی مارچی ٢٠١٣ چاپ و بڵاو بکرێتەوە.



## بەختەوەرم بە ناسینتان

هیچ کەس نازانێ باسەکە چۆن دەستی پێکرد. شەوی هەینی بوو و ئەودوو جووتە (ژن و پیاوە) گەنجە کە هیچیان ژن و مێرد نەبوون، رۆیشتنە رستوورانێکی چینییەوە، کە جێگەی هەمیشەییان بوو. ژنەکان و یەکێ لەو دوو پیاوە زۆر پێشتر زەماوەندیان کردبوو و ئێستا بیرەوەریی جیابوونەوە لە زەینییاندا کاڵ ببووەوە. بۆ کەسێ کە لە تەمەنی چل ساڵی نزیك دەبێتەوە ژیانێکی نائارامی هەبووە، زۆربەی شتەکان دەبێ بە مێژوو. باس باسی منداڵبوون بوو. ژنەکان منداڵیان هەبوو و ئەو پیاوەی بە تەمەنتر بوو لە ژیانی هاوسەرێتییدا کە ئێستا ببوو بە رووداوێکی مێژوویی، ببوو بە باوك. تەنها ژنەکان قسەیان دەکرد. وەك کچە عازەبەکان بەرامبەر یەك دانیشتبووون و قسەیان دەکرد و پێدەکەنین.

کنستانس وتی: کە بۆ یەکەمجار منداڵم بوو هەموان بە سرووشتی منداڵیان دەبوو. دایکم ترسابوو. هەر بۆیە منداڵەکەی لا دوورخستبوومەوە. دەمزانی سەر بە بەرەی نائاگای کۆنە. من چاوەڕوانی شێوەیەکی منداڵ بوون بووم کە هیچ کات ئەزموونم نەکرد. ئەوەی ئەزموونم کرد ئەوە بوو کە ئێش و ئازاری منداڵ بوون هەر لە سەرەتاوە هەر چوار دەقە جارێك دەستی پێ دەدام و ئەوە نەبوو

سەرەتا هەر بیست دەقە جاریٚ بیٚتو دواتر خیٚراتر بیٚتەوە و من خەریك بوو لەترسا دەمردم و وادیاربوو میٚردەکەشم کە خەریك بوو منی دەگەیاندە نەخۆشخانە، نەیدەتوانی کاتی شۆفیریی بە تەواوی چاوی لە جادەکە بیٚتو دواتر ٣٦ سەعات ئازارم کیٚشابە بیٚ هیچ دەرمانیٚکی ئازارشکیٚن و سەرەنجام ئەوەندە بیٚ هیٚز بووم کە دلٚم خەریك بوو دەوەستا. کە خەریك بوو مندالٚم ببیٚ نەمدەتوانی بنقیٚنم. وەك حەیوانیٚ دەمقرووسکاندەوە و میٚردەکەم دووجار لەسەر خۆی چوو و سەرەنجام سزاریەنمیان(عەمەلیاتی منالٚبوون) کرد و راست ئەو شتەی کە لام وا بوو دەبیٚ پاریٚزی لیٚ بکەم. خودایا! بەدبەخت ببووم... مرین وتی: هەموو ئەمانە راستە، بەلاٚم ئەنجامەکەی ببوو بەوەی کە تۆ ببووی بە خاوەنی مندالٚیٚك.

ئەوە راستە بەلاٚم دەبی بە دایك! دەبی بە دایك. مرین وتی: لە مندالٚی یەکەمدا منیش زۆرم ئازار هەبوو، بەلاٚم نەك وەك تۆ. بە پیٚچەوانەوە لە مانگەکانی یەکەمی سکپڕبوونمدا ئەوەندە نەخۆش و خەمۆکی و ترسابووم، کە هەرچەند پیٚم خۆش بوو بەشیٚوەی سروشتی مندالٚم ببیٚت، بەلاٚم کەس ئەوەی پیٚ باش نەبوو. هەر بۆیە ئەوەی لەبیری خۆم بردەوە. مندالٚبوونەکەم بە فۆرسپس(Forceps) بوو. خۆ دەزانی چۆنە. ئاخ! لەو حالٚەتە بیٚگیانەدا کە بە هۆش هاتمەوە و هیٚشتا بەنج بەری نەدابووم، مندالٚیٚکیان پیٚ دام و وامزانی ئەو مندالٚە خۆمم. میٚشکم تیٚکچووبوو. هەموو شتیٚکم لیٚ تیٚکچووبوو و وامزانی مندالٚەکە خودی خۆمم. کۆنستانس وتی: ئاخ! دەزانم چی دەلٚیی. من کە کچەکەم بوو وەها بووم. خەیالاٚتی ببووم. ئەم خەیالاٚنە سەیرو سەمەرەن. بەلٚیٚ، بەلاٚم دەگوزەرن. هەرئەوەی کە ئینسان تووشی مندالٚ بەخیٚوکردن دەبیٚت و فیٚری مەمك خستنەدەم مندالٚ دەبیٚ! کە لیٚدانیٚکە فەنییە. ژنەکان وەك کچە گەنجەکان پیٚدەکەنان.



پیاوەکان بە ئەدەب، بەلاٚم کەمیٚکش نارەحەت گویٚیان دابووە هاوڕیٚکانیان. مۆرفی، یەکیٚکە لەو دوو پیاوە، کە دوو جار زەماوەندی کردبووو جیاببووەوە و چەند مندالٚی بوو و گەورەکەیان ١٨ سالٚی بوو، رووی کردە ژنەکان و وتی: من لیٚتان دەپرسم ئەگەر دەتانزانی مندالٚبوون ئەوەندە ئازاری هەیە، ئامادە بوون مندالٚتان ببیٚت؟

ژنەکان بەسەرسووڕمانەوە لیٚیان دەڕوانی. کۆنستانس رووی کردە دلٚدارەکەیو وتی: زۆر ئیٚشی هەیە مۆرف. تۆ چوزانی مندالٚبوون چەند ئازاری هەیە؟

مرین کە لیٚرەدا ببوو بە کەسیٚکی لۆژیکی، وتی: بەلاٚم دەبیٚ دان بەوەدا بنین کە ئازاری مندالٚبوون زۆر سەختە، بەلاٚم ئازارەکە هەموو شت نییە. تۆ هەمدیسان ئامادەی مندالٚت ببیٚت؟ بەلٚیٚ، بەلٚیٚ، هەمدیسان مندالٚم دەبوو. من عاشقی مندالٚم. مەگەر تۆ مندالٚەکانت خۆش ناویٚ؟

مۆرفی رووی کردە کۆنستانس و وتی: تۆ هەمدیسان مندالٚت دەبوو؟ کۆنستانس کە دلٚگران ببوو. تۆ خەریکی سووکایەتی دەکەی. دیارە من مندالٚم دەبوو.

بۆ سووکایەتی؟ من تەنها پرسیارم کرد، پرسیاریٚکی گریمانی.

چ شتیٚ گریمانەییە؟ ئیٚمە خەریکین دەربارەی کچ و کوڕەکەم قسە دەکەین و تۆ دەیانناسیو لام وابوو خۆشت دەویٚن. مۆرفی وتی: دەزانم هەن و هەردووکیان مندالٚگەلیٚکی نازدارن، بەلاٚم بەدەستهیٚنانیان ئاسان نەبوو، چەندت هەولٚدا. تیٚد، پیاوەکەی تر هاتە ناو قسەکانەوە و وتی: "مەبەستی مۆرفیش هەر ئەمەیە".

ژنەکان دەستیان کردەوە بە قسەکردن و کۆنستانس دەستی پیٚکرد و وتی: گویٚ بگرە! بەڕاستی زۆر ئازاری هەیە. وەك ئەوە وایە هەموو لەشت تویٚ تویٚ دەکریٚتەوە و دەبیٚ بە دوو لەتەوە.

بەڕاستی ئازاری هەیە و هەرجارەو لەگەڵ جارەکەی تردا جیاوازە و جۆرێکە، هیچ کات بە شێوەیەك نییە کە چاوەڕوانی دەکەی. بە هەموو ئەمانەوە لە دواییدا دەبی بە خاوەنی منداڵێ. دەزانی خۆ چی دەڵێم؟

مرین وتی: نابی بە خاوەنی منداڵێ، دەبی بە خاوەنی بەردی گورچیلەیەك

مۆرفی چەند مانگ پێشتر لە نەخۆشخانەیەکی گورچیلە زرگاری ببوو. لە شوێنی کارەکەیەوە راستەوخۆ بە ئامبولانس بردبوویان بۆ نەخۆشخانەی زانکۆ. وەها رەنگی بە رووەوە نەمابوو و حاڵی هێند تێکچووبوو، هاوکارەکانیو ئەوانەی کە بەو شێوەیە دیبوویان، نەیانناسیبووەوە. هەر بۆیە پێکەنین لەم ساتەدا شتێکی عادلانە نەبوو، بەڵام ژنەکان دایان لەقاقای پێکەنین و بەدوای ئەواندا سەرەتا تێد و دواتر مۆرف دایان لەقاقای پێکەنین. ژنەکان لە دڵەوە پێدەکەنین و پێکەنینەکەیان ئاوێتەیەك بوو لەگاڵتەکردن و پێکەنین. گارسۆن لەم ساتەدا وەسڵەکەی لەگەڵ دەوریو پرتەقاڵێکی قاژ کراودا بۆ هێنابوون. کورسییەکانی تر چۆڵ ببوون. تابلۆی نیۆنی کە لەسەری نووسرابوو "چێشتخانەی دانگ" لەمێژ بوو کواژبووەوە. کە دەستیان کرد بە گرتنەوەی فاڵەکانیان باسەکەیان خەریك بوو کۆتایی پێدەهات، بەڵام مۆرفی کە بە ئاسانی دەستبەرداری هیچ شتێ نەدەبوو، روویکردە تێد و وتی: چۆن بەرامبەر بەو هەموو ئازارە تاقەت دێنن؟ ژن دوای ئەو هەموو ئازارە چۆن دێلن بۆ جارێکی تر منداڵیان ببێت. من تێناگەم چۆن شتی وا دەکرێ ببێت؟ من دانی پێدا دەنێم من بایەم نەمدەوێرا.

تێد شانی هەڵتەکاند. وتی: منیش ناوێرم.

تێد لەوانیتر کەمتەمەنتر بوو. چەند ساڵ لە مرین منداڵتر بوو. ناوچاوی گرژ کرد و وتی: تەنانەت بە بیستنی ئەم قسانەش تێك دەچم.

مۆرفی وتی: کە دەڕۆیشتم بۆ دواناوەندیی مامۆستای ئینگلیزییەکەمان بە بەرچاومانەوە منداڵەکەی بوو. دواتر هەمووگاڵتەیان پێدەکرد. (بەحاڵەتێکی



کەمێ تووڕە و تۆزێ گاڵتینەوە، بەڵام من خەریك بوو لەترسا زراوم بتۆقێ. هەر ئەو کات بە باشی خۆم ناسی. یانی هەر ئەو کات کە ١٦ ساڵم تەمەن بوو، زانیم ناتوانم ئەو ئازارە بچێژم کە دایکم لە کاتی لەدایکبوونمدا بوویەتی.

ژنەکان چاوییان بڕیبووە پیاوەکانو بە سەرسووڕمانەوە لێیان دەڕوانین. قاشە پرتەقاڵەکەیان بە ددان دەکێشا و ئاو پرتەقاڵ بە دەمولێویاندا دەڕژایە خوار. پیاوەکان دەربارەی وەسڵی خواردنەکە پێکەوە قسەیان کرد و جزدانی پارەکەیان لە گیرفانیان هێنایە دەر. تێد سەری راوەشاند و وتی: ئەگەر بڕیاربایە من منداڵم ببایە، ئاخ، خواگیان! ئەو کات دەبووایە گومانم لە داهاتووی مرۆڤایەتی بکردبایە.

مۆرفی چاوی لە ژنەکان داگرت. وتی: ئەگەر بە من بایە تائێستا وەچەی مرۆڤە سەرەتاییەکان لەناو چووبوون. بەردی گورچیلەیەك بەسە. تێد پارەکەی لە جزدانەکەی دەرهێنا و وەك وەرەقی یاریی خستییە سەر مێزەکە. لام وایە دانپێدانانێکی ترسناکە. من عاشقی ژیانم. دنیا لە خۆیدا شوێنێکی جوانە.

مۆرفی بە نارەزایەتی دەربڕین وتی: من عاشقی منداڵەکانم و منداڵم زۆر خۆش دەوێ. لەم ساتەدا منداڵەکان دایان لەقاقای پێکەنین. شتێك لە دەنگ، یان شێوە وتنی مۆرفییدا بوو کە تێدی هێنایە پێکەنین. کوتوپڕ پیاوەکان وەك منداڵ کەوتنە پێکەنین. پێکەنینێکی زۆر. تەنها گارسۆنەکە بۆ هەڵگرتنی پارەی نانەکە ئارام هات و رۆیشت و کەس پێی نەزانی. ژنەکان بێجووڵە وەستابوون، نە چاویان لەیەکتر دەکرد و نە لە پیاوەکان. رووخساریان کێشرابوو وەك دەمامك.



**ليليانا بلۆم (Liliana V. Blum)**

## ليليانا بلۆم (Liliana V. Blum)

ليليانا بلۆم (Liliana V. Blum) نووسەری مەكسيكی، ساڵی ١٩٧٤ لە مەكسيك لە شاری مادرۆ لە نامائۆليپاسی مەكسيك لەدايك بووە. ئەم خاتوونە بەكالۆريۆسی ئەدەبی بەراوردی هەيە لە زانكۆی كانزاز. لە گۆڤارە ئەدەبييەكانی مەكسيك و ئەمريكادا چيرۆكەكانی بڵاودەكاتەوە. ساڵی ٢٠٠٢ يەكەم كۆمەڵەچيرۆكی بڵاوكردووەتەوە.

ساڵی ٢٠٠٧ كۆمەڵەچيرۆكێكی تری بڵاوكردووەتەوە بەناوی "حەواو چيرۆكەكانی تر". چيرۆكەكانی لەلايەن نووسەری بە ئەسڵ ژاپۆنی ( TOSHIYA KAMEI) وەرگێڕدراوەتەوە بۆ زمانی ئينگليزی.



## سارۆس

هيچكات ئەم پەڕجوەی نەويستبوو، بەڵام كە هەلەكەی بۆ رەخسا، رەتی نەكردەوە. چاوەڕوانی لافيتە و شيرينی "بەخێربێيتەوە بۆ ماڵەكەت"ی نەدەكرد، بەڵام ئەوكاتەی بەرەو گوندەكە دەڕۆيشت، چاوەڕوانی ئەوە بوو لانيكەم ئەو كەسانەی ئەو كاتەی زيندوو بوو، خۆشيان دەويست، بێن و باوەشی پێدا بكەن و ماچی بكەن. رووتبوونی بەلايەوە گرنگ نەبوو. نيوەی جەستەی كرم خواردبووی و گۆشتی گەنيوی زەرد هەڵگەڕاو لەسەر ئێسكە چەورە سپييەكانی زۆر ناشيرين بوو.

بەپەلە دەڕۆيشت و پێكەنينێك لەسەر دەموچاوی كە لێوی نەبوو، دەردەكەوت. ئێسكەكانی پاژنەی پێی دەبوو بەهۆی ئەوەی خۆڵ بەرزبێتەوە و تۆز بكات. مانگێكی بێ گيان دەدرەوشايەوە. پەپوولە تەمبەڵەكان لەملاوە دەفڕين بۆ ئەولا و بە باڵەكانيان تۆزيان لە هەوا بڵاودەكردەوە. كوندەبوويەكی سپی بای كردبووە

ژێر باڵەکانی و لەسەر دار هەرمێیەکی دڕکاویی کە بەهۆی زۆریی میوەوە سەری دانەواندبووەوە، بەگومانەوە تەماشای دەکرد.

خانووەکەی خۆی بە شپرزەیی بینیی، زۆر خراپتر لەو سەردەمەی کە بەجێی هێشتبوو و ڕۆیشتبوو. بەزەیی بە ژنەکەیدا هاتەوە، لەبەرئەوەی نە میراتێکی بۆ جێهێشتبوو و نە کوڕێك کە ئاگای لێی بێت. بەرلەوەی بڕواتە ژوورەوە دەستی بەسەریدا هێنا بۆئەوەی ئەو چەند تاڵەمووە سپییە ساف بکات کە هێشتا لە کاسەسەرە پووکاوەکەیەوە شۆڕببووەوە. دواتر ئەو کرمەی کە لەسەر دەموچاوی خەریکی جۆجۆ بوو و لە لووتییەوە دەڕۆیشت و لە کاسەی چاویەوە دەهاتە دەرەوە، لێکەندەوەو خستییە سەر زەوی. بە ئارامی دەستی نا بە دەرگاکەوە. کە جیڕەی وشکی دەرگاکەی بیست، جنێوێکی دا. چاوەڕوان بوو کەسێك بەخێرهاتنی بکات.

لە سێبەری ژوورەکەی تەنیشتییەوە، لای مۆمێکی بێ گیاندا دایکە پیرەکەی بینیی کە شتێکی دەچنی و هیچ ئاگای لە دەوروبەری نەبوو. بەوپەڕی خۆبەزلزانینەوە تاقانە کوڕی ماڵەکە، بیرکردنەوەی لەوەی کە دایکە زاهیدەکەی بیر لەو دەکاتەوە، خۆشحاڵی دەکات. پەڕییە بەردەمی و وتی: "مامیتا! منم! سارۆسی تۆ!"


شتەکە بەو شێوەیەی ئەو حەزی لێدەکرد، نەچووە پێشەوە. پیرەژن شیش و گلۆزەبەنەکە لە دەستی کەوتەخوار، چاوی دەرپەڕی و دەنگی دەرپەڕینی چاوی دەبیسترا. وەك ماسییەك لە ئاو بڕابێت، دەمی کردەوە و دوایین هەناسەی دا. لاسارۆس بەوپەڕی شڵەژاوییەوە نکۆڵی کرد لەوەی ئەو بووبێت بەهۆی جەڵتەی



دڵی دایکی. بۆئەوەی ئارام بێتەوە، بیری لەوە کردەوە: "ئەم پیرەژنە هەژارە تەمەنێکی بەدەستەوە نەمابوو".

دواتر بە هیوایەکی تازەوە بەرەو ژووری زەماوەندەکەی ڕۆیشت. نەیزانی هەموو ئەو شتانەی هی ئەو بوو، لەبەرچاودا نین. لەبەر دەرگاکە بە دیتنی دیمەنێك کە لەپێش چاوە خاڵییەکانیدا بوو، وشك بوو. خێزانە خۆشەویستەکەی، عەشقی ژیانی، بێوەژنە ئازیەتبارەکە، لە باوەشی (خاشوا)ی هاوڕێیدا بوو! ئەوان شەشەمین فەرمان لە دە فەرمانیان پێشێل کردبوو. زینا. بەوپەڕی نیگەرانییەوە لەو دیمەنەی کە ئەو، مێردی شەرعی و قانوونی ئەو ژنە دەیبینی، چاوی لە دیمەنەکە کرد. نەیتوانی بگری، لەبەرئەوەی ئەو ڕەگانەی فرمێسکیان دێنا، رزیبوون. بۆئەوەی نیگەرانی خۆی نیشان بدات، دەستی برد و ئەو بەشەکەمەی لە چاوی مابووەوە، هەڵکەند و خستییە سەر زەوی.

بەشەلەشەل لە ژوورەکە دوورکەوتەوە و لە ماڵ چووە دەرەوە بۆئەوەی لای سەگە وەفادارەکەی ئارام بگرێت، بەڵام سەگە نارەسەنەکەی بەتووڕەییەوە مڕەییەکی لێکرد و دەیویست ئەو لەتە گۆشتانەی کە بەسەر ئەم مرۆڤە نیگەرانەوە شۆڕببوونەوە، لێبکاتەوە. لاسارۆس ناچاربوو بەپەلە لەو ڕێگەیەوە کە هاتبوو، بگەڕێتەوە، بەڵام ئەمجارە نە کوندەبووە سپییەکە و نە پەپوولەکان هیچیان خۆیان تێنەگیاند. ئەو جادەیەی کە بەرەو ڕۆم دەڕۆیشت، ئەوی گەیاندە دەروازەی قەبرستانەکە. لەسەر بەردی قەبرێك کە بە گیای زەرد داپۆشرابوو، دانیشت و چاوی بڕییە ئەو دووپشکانەی دەیانویست لەژێر ئێسکەکانی پێی ئەودا خۆیان بشارنەوە. لەو تاریکە شەوەدا لە قووڵایی دڵەوە ئاواتی خواست خۆزگە لە چاخی پەڕچووەکاندا نەدەژیا.



**ڕێمۆند کارڤێر**

# ڕێمۆند کارڤێر

ڕیمۆند کارڤێر (Raymond carver) چیرۆکنووس و شاعیری ئەمریکایی، مانگی مای ١٩٣٨ لەدایك بوو و دووی ئۆگۆستی ١٩٨٨ ماڵئاوایی لە ژیان کرد.

کارڤێر یەکێك بوو لە چیرۆکنووسانی ناوداری سەدەی بیستەم و یەکێك بوو لەو کەسانەی بوو بەهۆی زیندووبوونەوەی "کورتەچیرۆك".



# باوکە

منداڵە ساواکە، لەناو لانکەکەی لە تەنیشت تەختەکەوە بوو، کڵاوی شەو و جلی خەوی کردبووە بەر. تازە لانکەکەیان ڕەنگ کردبوو و بە نەواری شینی ڕوون دەوروبەرەکەیان ڕازاندبووەوە و ناوەکەیان بە بەتانی شین داپۆشیبوو. سێ خوشکە بچکۆلەکە و دایکە کە تازە لەخەو هەستابوو و هێشتا چاك نەببووەوە و دایەگەورە، هەموویان دەورەی منداڵەکەیان دابوو و تەماشایان دەکرد، کە چۆن زەق دەڕوانێت و هەندێ جار دەستی داخراوی دەبات بۆ دەمی. نە زەردەخەنەی لەسەر لێوە و نە پێدەکەنێت، بەڵام هەندێ جار چاوی دەترووکێنێت، کە یەکێك لە کچەکان دەست بۆ چەناگەی دەبات، زمانی لە لای لێوییەوە دێنێتە دەرەوە و دەیباتە ناو.

باوکە لە چێشتخانە بوو و دەنگیانی دەبیست کە لەگەڵ منداڵەکە یارییان دەکرد.

فیلیس وتی: "بەبەگیان کامانت خۆش دەوێت؟ ختیلکەی چەنەی دا.

فیلیس وتی: هەموومانی خۆش دەوێت، بەڵام بابەی لە هەموومان خۆشتر دەوێت، چونکە بابەش کوڕە!

دایەگەورە لە لێوارە تەختەکە دانیشت و وتی: "تەماشای دەستە بچووکەکانی بکە. چەند خەپەیە. تۆ تەماشای قامکە جوانەکانی بکە! کوتومت دایکی.

دایکی وتی: "قوربانی بم. بەبەکەی خۆم ساغ و سلامەتە. دانەوییەوە و ناوچاوی منداڵەکەی ماچ کرد و دەستی بە بەتانییەکەی سەر دەستیدا هێنا. هەموومان خۆشمان دەوێت.

ئالیس قیژاندی: "ئەی لە کێ دەچێت؟ چووەتەوە سەر کێ؟ هەمووان لە لانکەکە نزیکبوونەوە بۆئەوەی بزانن منداڵەکە چووەتەوە سەر کێ.

کارۆل وتی: "چاوی جوانە".

فیلیس وتی: "هەموو منداڵە بچووکەکان چاویان جوانە".

دایەگەورە وتی: "لێوی لە لێوی باوەگەورەی دەچێت. تەماشای لێوی بکەن".

دایکی وتی: "نازانم... بڕوا ناکەم".

ئالیس قیژاندی: "لووتی! لووتی!

دایکە پرسی: بۆ لووتی چۆنە؟"

کچە وەڵامی دایەوە: "لووتی لە لووتی کەسێك دەچێت".

دایکە وتی: "نا، نازانم. لام وا نییە".

دایەگەورە لەبەرخۆیەوە وتی: لێوەکانی... دەستی منداڵەکەی لەژێر بەتانییەکە دەرهێنا و قامکەکانی کردەوە، وتی: "ئەی قامکە بچووکەکانی لە هی کێ دەچێت؟"



فیلیس وتی: "لە کەس ناچێت. هەمدیسان هەموویان لە بێشکەکە نزیکتربوونەوە".

کارۆل وتی: "من نازانم! نازانم! لە باوکم دەچێت! پاشان وردتر لە منداڵەکەیان روانی".

فیلیس وتی: "ئەی باوکم لە کێ دەچێت؟"

ئالیس وتییەوە: "بابە لە کێ دەچێت؟" و هەمووان کوتوپڕ روویان وەرگێڕا و تەماشای چێشتخانەکەیان کرد، کە باوکیان لەوێ لەپشت مێز دانیشتبوو و پشتی لەوان بوو.

فیلیسی وتی: "ئێ، هیچ کەس! فرمێسك لە چاوی هاتە خوار".

دایەگەورە وتی: "بێدەنگ و رووی وەرگێڕا و هەمدیسان تەماشای منداڵەکەی کرد".


ئالیس وتی: "بابە لە کەس ناچێت!"

فیلیس لە حاڵێکدا چاوی بە یەکێك لە نەوارەکان دەسڕی، وتی: "بەڵام دەبێ لە یەکێك بچێت. هەمووان جگە لە دایەگەورە، تەماشای باوکەیان کرد کە لەپشت مێز دانیشتبوو".

باوکە لەسەر کورسییەکەی دەوار (چرخدار) دانیشتبوو و دەموچاوی سپی بوو، بێ هیچ گۆڕانێك.

سەرچاوە:

http://dibache.com/text.asp?cat=3&id=2100



**خۆزە ئێدمۆند پاس سۆلدان**

## خۆزە ئێدمۆند پاس سۆلدان

خۆزە ئێدمۆند پاس سۆلدان (Jose Edmundo Paz Soldan) چیرۆکنووس و رۆماننووسی خەڵکی بۆلیڤی. ساڵی ١٩٦٧ لەدایک بووە. حەوت رۆمان و سێ کۆمەڵەچیرۆکی هەیە. بەرهەمەکانی بۆ بەشێکی زۆر لە زمانە زیندووەکانی دونیا وەرگێڕدراوەتەوە.



## قۆپیە

وایسەر حەوت ساڵی تەمەن بوو، زانی لە قوتابخانە بێزارە، بڕیاری دا ئیتر نەڕوات بۆ قوتابخانە، بەڵام وەك هەموو کات بەیانییان لە خەو هەڵدەستا بۆئەوەی بە گوێی دایکی بکات کە دوای مەرگی باوك، وایسەر تەنها مندالی بنەماڵە و هەموو دڵخۆشی دایکی بوو. جلی قوتابخانەی لەبەر دەکرد و دەڕۆشت بۆ قوتابخانە. نیوەڕۆ کە دەگەڕایەوە زۆر بە گەرمی باسی لە وانەکان و قوتابخانە و تاقیکردنەوەکان دەکرد. هەندێجاریش بۆئەوەی بتوانێت درێژە بە فێڵەکەی بدات، نووسراوەکانی مامۆستاکانی دەهێنا کە لەسەری نووسرابوو زۆرباشە.
هەندێ جار هاوپۆلییەکانی پێشتری دەهێنایە ماڵەوە بەوەی کە ئێواران پێکەوە بن وەك ئەوەی یارمەتی بدەن لە خوێندنەکانیدا. دایکی باوەڕی پێی بوو، هەر بۆیە هیچکات سەردانی قوتابخانەی نەکرد بەوەی بزانی دەرسەکانی چۆنە و گومانی نەکرد بۆچی ئیتر کۆبوونەوەی دایکان و باوکان بەڕێوە ناچێت، هەتا ئەو تێیدا بەشداری بکات. هەموو مانگێك پارەی مانگانەی قوتابخانەی دەدا بە کوڕەکەی بۆئەوەی بەجێگەی ئەو کە زۆر سەرقاڵە بیبات و بیخاتە بانکەوە، ئیتر دایکیشی ئەزیەت نەدەبوو.

ئەم شتە هەر بەردەوام بوو تا ئەوەی کە کاتی ڕێوڕەسمی کۆتایی خوێندن هات. ئەو ڕۆژە پشت ئێشەیەکی وەهای گرت کە نەیتوانی لە قەرەوێڵەکەی بێتە خوارەوە. دایکیشی کە تاڕادەیەك نیگەران ببوو، خوشحاڵ بوو بەوەی ناڕواتە ڕێوڕەسمەکە و هیچکام لە مامۆستا و قەشەکان نابینێت کە قوتابخانەیان بەڕێوە دەبرد و دایك و باوکی منداڵەکانیش نابینێت.

ڕۆژی دواتر کە وایسەر بڕوانامەی ساختەکراوی شەشی ئامادەیی هێنایەوە ماڵەوە، نەیتوانی بەر بە گریانەکەی بگرێت، بەوەی کە کوڕەکەی سەلماندوویەتی زەحمەتەکانی دایکی بەهەدەر نەداوە. کوڕەکەی ڕۆیشتە زانکۆ، وایسەر بە دایکی وت کە دەیەوێ ببێت بە دکتۆر و شەشساڵی ڕەبەق کاری تاقەتپڕووکێنی لەپێشە.


بەڵام ئەو ساڵانەی لە پێشیدا بوون بەهیچ شێوەیەك دژوار نەبوو و بە یارمەتی ساختەکاری و قۆپیەکردن زۆرباش دەڕۆیشتنە پێش. هەڵبەت ڕێکخستنی ڕۆژی تەواوکردنی زانکۆ زۆر ئاسان نەبوو. ناچار بوو چلوسێ کەس لە هاوڕێکانی بێنێت و وەك هاوپۆلی میوانداریبان بکات و شازدە هونەرمەند بێنێت بەوەی کە دەوری لیژنەی هەڵسەنگاندن و مامۆستاکان بگێڕن و ناوەندی کۆبوونەوەکانی شاری بەکرێ گرت و ڕێك هاوکات لەگەڵ ڕێوڕەسمی زانکۆ لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی زانکۆ، ڕێوڕەسمی کۆتاییهێنان بە خوێندنی خۆی بەڕێوەبرد- دایکی وایسەری لە باوەش کرد و گریا.

دواتر عیادەی کردەوە و بوو بە دکتۆر و هەموو ڕۆژێك لە کاتژمێر ٣ بۆ ٧ی ئێوارە نەخۆشییە درۆینە بەکرێگیراوەکانی دەرمان دەکرد، بۆئەوەی دایکی کە هەندێ جار بێ ئاگاداری ئەو سەردانی عیادەکەی دەکرد، گومان نەکات.



بەمەشەوە لای وانەبوو کارێکی خراپ دەکات و کاتی خۆی بەهەدەر دەدات. عیادەکەی ڕەنگ و بۆیەکی باشی هەبوو و ئەو تابلۆیەی کە ئابڕووی ئەوی دەکڕییەوە وای دەکرد فێڵەکەی دەرنەکەوێت. لەم کلاّونانە سەرە پارەیەکی باشیشی دەستکەوت.

نۆ ساڵ دواتر هەڵەیەکی گەورەی کرد. دایکی هاتە عیادەکەی و پێی وت سەری زۆر دێشێت و هاواری بوو لەسەر ئازاری سەر. چاوی لێکرد و پێی وت سەرئێشەیەکی سادەیە و زۆر زوو چاك دەبێت و هیچ مەترسییەکی نییە. دوو مانگ دواتر دایکی مرد. پزیشکی یاسایی هۆی مەرگەکەی بۆ کیسێك گەڕاندەوە کە لە مێشکیدا بووە و کاتی خۆی دەرمان نەکراوە. ئەگینا دەرمانی ئاسان بوو. کوڕەکەی خۆی بە تاوانبار نەدەزانی. کە چاوی لە ڕابردووی دەکرد و دەگەڕایەوە بۆ تەمەنی حەوت ساڵی، بەو ئەنجامە دەگەیشت هەمووی هەڵەی دایکی بووە، ئەگەر وانەبایە ئەم مەرگە ڕووی نەدەدا، کە وایە کەس تاوانبار نییە جگە لە دایکی.



**ریچارد شێلتۆن**

## ریچارد شێلتۆن

ریچارد شێلتۆن شاعیر و نووسەر، لەدایکبووی ساڵی ١٩٣٣ ( **Boise, Idaho** ) زیاتر بە نووسەرێکی ئاریزۆنایی ناسراوە. خۆی لە وێبلاگی خۆیدا دەربارەی خۆی دەڵێت: "لە ساڵی ١٩٥٦-ەوە لە باشووری ئاریزۆنا دەژیم و مامۆستای خانەنشینکراوی زمانی ئینگلیزیم. لە ساڵی ١٩٨٠ بۆ ساڵی ١٩٨٢ بەڕێوەبەری بەشی نووسینی داهێنەرانە بووم و بەرپرسی بەشی شیعر بووم لەو زانکۆیە. داوەری خەڵاتی شیعری لامۆنت بووم لە ئاکادیمیای شاعیرانی ئەمریکا.

چیرۆکی بەردەکان: یەکێکە لە ناودارترین چیرۆکەکانی ئەم چیرۆکنووسە و ئەم چیرۆکە چەندین خەڵاتی جیهانی بەدەستهێناوە.



## بەردەکان

پێم خۆشە شەوانی هاوین بڕۆمە دەرەوە و گەورەبوونی بەردەکان ببینم. لام وایە ئەوان لێرە لەناو ئەم بیابانەدا باشتر لە هەرشوێنێکی‌تر گەشە دەکەن، لەبەرئەوەی گەرم و وشکە. رەنگە لەبەر ئەمە بێت بەردەگەنجەکان لێرە چالاکترن.

بەردەگەنجەکان دەیانەوێ زیاتر لەوەی گەورەکان بۆیان دیاری دەکەن، بجووڵێنەوە و چالاکییان هەبێ. زۆربەی بەردە گەنجەکان حەزێکی دەروونییان هەیە کە گەورەکانیان بەر لەوان هەیانبووە، بەڵام چەندین سەدەیە لە یادیان کردووە. لەبەرئەوەی بەدیهاتنی ئەم ویست و حەزە پێویستی بە ئاوە، هەر بۆیە هیچکات دەری نابڕن. بەردە کۆنەکان رقیان لە ئاوە و دەڵێن: "ئاو بوونەوەرێکی بێزارکەرە کە هیچکات لە شوێنێکدا نامێنێتەوە بۆ ئەوەی شتێك فێر بێت"، بەڵام بەردەگەنجەکان هەوڵیان ئەوەیە بێ راکێشانی سەرنجی گەورەترەکان لە شوێنێکدا بمیننەوە هەتا لە بەردەم تۆفانی هاوینەدا بن و شەپۆلی ئاو هەڵیانگرێت و بیانخاتە ناو دۆڵێکەوە. سەرەڕای هەموو ئەو مەترسییانەی لەم کارەدا هەیە، بەڵام ئەو بەردانە پێیان خۆشە سەفەر بکەن و دونیا ببینن و دوور لە ماڵەوە لە

شوێنێك سەقامگیر بن و دەسەڵاتی خۆیان سەقامگیر بکەن، دوور لە چاودێریی و دەسەڵاتی گەورەکانیان، بۆ خۆیان بنەماڵە ساز بکەن.

هەرچەند پێوەندی خێزانی نێوان بەردەکان زۆر پتەوە، بەشێك لە بەردە بوێرەکان سەرکەوتوو دەبن، بەشێکیان برینەکانی خۆیان بە منداڵەکانیان نیشان دەدەن، هەتا بیسەلمێنن سەردەمانێك سەفەریان کردووە و کوێرەوەریی و ئاوەگەورەکانیان دیوە. هەرچەند سەفەری هەندێکیان لە پێنج مەتر بەولاتر ناڕوات، بەڵام ئەوەش هەرجۆرێك سەرکەوتنە کە زۆرکەس لێی بێبەرین. هەرچەند تەمەنیان زیاتر دەبێت، سەودای سەفەری لە دڵیاندا کەمتر دەبێتەوە.

ئەوی راستی بێت، بەردەکۆنەکان زۆر پارێزکار دەبن. ئەوان هەر جووڵەیەك بە مەترسیدار و تەنانەت گوناهیش دەزانن. ئەوان لە شوێنێك سەقام دەگرن و زۆربەیان قەڵەو دەبن. قەڵەویی لەڕاستییدا هێمایەکە بۆ جیایی.

شەوەکانی هاوین کە بەردەگەنجەکان خەویان لێ دەکەوێ، پیرەکان بیر لە پرسە ترسێنەر و جیدییەکان دەکەنەوە. بەچرپە باسی مانگ دەکەن. "تەماشا چ درەوشانەوەیەکی هەیە و چۆن لەمسەری ئاسمانەوە دەڕوات بۆ ئەوسەری ئاسمان و شێوەی دەگۆڕدرێ".

ئەوی تر دەڵێت: "تەماشاکەن چۆن بەرەو لای ئێمە دێت و داوامان لێ دەکات شوێنی بکەوین".

بەردی سێیەم دەڵێت: "ئەویش بەردێکە شێت بووە".



**سێرگئی پامیس**

## سێرگئی پامیس

سێرگئی پامیس ، ساڵی ١٩٦٠ لە پاریس لەدایك بووە. ڕۆژنامەنووس و وەرگێڕ و هەواڵنێری رادیۆ و تەلەفیزیۆنە. ساڵی ١٩٩٢ یەکەم ڕۆمانی بەناوی "غەریزە" بڵاوبووەوە و خەڵاتی پرۆدنسی بێرترانای وەرگرت و ڕۆمانی "هەستیار بوونی" ساڵی ١٩٩٦ بڵاوکردەوە. کۆمەڵەچیرۆکێکی بەناوی ڕۆمانی گەورەی بارسلۆن ساڵی ١٩٩٨ خەڵاتی سێرا دیڤۆر کریتیکسی وەرگرت.



## ئاوی سوێر

بەیانی کە لە خەو خەبەرم دەبێتەوە، زۆر حەزم لە گریانە، بەڵام کاتم نییە و زۆر کارم هەیە کە دەبێت پێیان بگەم. بۆ دواتر. دەکەومە ڕێ. بەرەو دایرەو بۆئەوەی بۆ کاتی کۆبوونەوەی یەکەم لە کاتی خۆیدا بگەم. بەرپرسی گشتی ڕاپۆرتی چوونە سەرەوەی نرخەکان، یان هاتنە خوارەوەی نرخەیان دەخوێنێتەوە. لەسەر کاغەزەکەی بەردەمم داس و چەکوشێك دەکێشمەوە. فرمێسك زاوەتە چاوم و هاکا دەستم کرد بە گریان. هەڵبەت ئێستا بەر بە گریانەکەم دەگرم. لە دایرە خەریکی تاوتوێکردنی حیسابەکانم دەبم. ساعەت دووی پاش نیوەڕۆ کۆتە پەشمینەکەم دەکەمە بەرم و دەچمە دەر بەوەی بگەمە کۆبوونەوەیەکی ڕاوێژکاریی لەگەڵ مامۆستای کوڕەکەم. لەگەڵ ژنە کۆنەکەمدا هاوکات دەگەینە ئەوێ. لە ماوەی کۆبوونەوەکەدا مامۆستاکە زیاتر ڕووی قسەی لە منە، نەك لەگەڵ ئەو و ئەمە ئەزیەتم دەکات. هەرچەند ڕەنگە لەبەرئەوەی ئەو قسانەی کە دەکرا پێم خۆش نەبوو. دەڵێت کوڕەکە کێشەی هەیە. ئاگای لە پۆلەکە نییە و ئەزیەتی هاوپۆلییەکانی دەکات، بە تایبەت کچە ئەفریقییەکان. زۆر جەخت لەسەر ئەفریفیبوون دەکاتەوە. بڕیار دەدەم بە شوێنیدا بڕۆم و کارێك بکەم. هەرچەند

دادوەر تەنها ئیزنی پێداوم دوو حەفتە جارێك كوڕەكەم ببینم و لەڕاستیدا بەم شێوەیە هیچم لەدەست نایەت. كاتی ماڵئاوایی من و ژنە كۆنەكەم هەوڵ دەدەین كاتێك دیاری بكەین و بەوردی لەبارەیەوە قسە بكەین، بەڵام هەردووكمان پەلەمانە و هەر قسەیەك دەكەن، هەرچەند زۆر رازیمان ناكات. هەر كامەمان بە رێگای خۆماندا دەڕۆین. سەرەڕای ترافیكی قورس، بەوەی بە كۆبوونەوەكەی دوانیوەڕۆ بگەم لەگەڵ كڕیارێكی هەمیشەییماندا. ئاسۆكان، شێوەی كاركردنەكان و كۆمەڵێك شتی تر باس دەكەم و خۆم دەكێشمە لاوە بۆئەوەی كڕیارە هەمیشەییەكە نەتارێنم و سەرەنجام دەتوانم كاریگەرم ببێت لەسەر كڕیارەكە و كڕیارەكە گرێبەست دەبەستێت لەگەڵمان. دواتر سكرتێری كۆمپانیا راوێژم لەگەڵ دەكات. بەدەنگێكی ناسك و هەژێنەر دەڵێت كۆمپانیایەكی نێونەتەوەیی پێشنیاری كاری پێداوە و ئەو ماوەتەوە ئەوە بزانێت دەرفەتێكی گونجاو هەیە بۆ گۆڕین یان نا. لەو رووەوە چاكەی ئەوم دەوێ پێی دەڵێم بڕواتە سەر ئەو كارە. كە تێدەگەم وەڵامەكەم بووە بەهۆی رۆیشتنی، بەوە دەگەم ئەو ویستوویەتی بەهێنانە بەرباسی ئەم پێشنیارەی كە قەت بوونی نەبووە، مامەڵەمان لەگەڵ بكات و من داوا بكەم بەوەی مووچەكەی زیاد بكەن. بێ هیوا دەبم، بەڵام خۆم وا دەرناخەم و هیچ نالێم. حەبێكی دڵ دەخۆم و بەر لە چوونە دەرەوە تەلەفۆن دەكەم و لەگەڵ دایكم قسە دەكەم. پێی دەڵێم لەبری یەكشەممە شەممە دێم. بە خۆشكەكەم دەڵێم هەموو نموونەكانت بۆ دەنێرم، جگە لە یەكیان كە هێشتا پێیان نەداوین. زەنگ دەدەمە كاپیتەنی تیپی فووتباڵی بچووك و پێی دەڵێم لەگەڵ خۆمدا تۆپ دێنم. كە دەگەمە ماڵەوە نانی شەو دەخۆم. ماسی قوتوو لە ئاو و خوێ و ماستدا. تۆزێ لەسەر قەنەفەكە رادەكشێمەوە دەیژمێرم



بەوەی چەند كاتژمێرم ماوە كوڕەكەم ببینم. لە ژووری خەوەكەم رووت دەبمەوە. لەبەردەم ئاوێنەكەدا دەوەستم، دەستم لە كەمەرم قوفڵ دەكەم. ددانم دەشۆم. لەسەر قەرەویڵەكە رادەكشێم. دوای چەندساتێك دوودڵی لە خۆم دەپرسم كارێكی هەیە كە دەبا بمكردبا و نەمكردبێت. خۆم بە خۆم دەڵێم، نا. چراكە دەكوژێنمەوە و سەر دەخەمە سەر سەرینەكەم و دەست دەكەمە گریان. سەرم دەكەمە ناو سەرینەكەدا بەوەی گریانەكەم جیرانەكان ئەزیەت نەكات.

سەرچاوە:

http://asadamraee.blogspot.com/2010_03_01_archive.html



**مۆلی جایلێز**

# مۆلی جایلێز

نووسەری ئەمریکی ساڵی ١٩٤٠ لەدایك بووە. زیاتر بەوە ناوبانگی هەیە کە چیرۆکەکانی زۆر کورتن و براوەی چەند خەڵاتی ئەدەبین. لە زانکۆ وانەی چیرۆکنووسین دەڵێتەوە. هەروەها جایلێز وەك رەخنەگرێکی دیاری ئەدەبی ناسراوە و لەگەڵ ئەمەش بەشێکی زۆر لە رەخنەگرانی ئەدەبی، چیرۆکەکانی ئەو دەبەنە چوارچێوەی ئەدەبی فێمنیستییەوە و وەك چیرۆکنووسێکی فێمنیست ناوی لێ دەبرێت.



# میردی شاعیرێك

لەپێشەوە دادەنیشێ، قەڵەو، پیاوێکی قەڵەو کە دەستەکانی قەڵەوە، گوێکانی قەڵەوە، لێو و دەمی وشك هەڵگەڕاوە و تازە قژی کورت کردووەتەوە، بە روومەتێکی سوور و سپییەوە، چاوەکانی دەدرەوشێنەوە، پیاوێکی ئارام و لەسەرخۆ، یەکەم وێنایەك کە دەیدا بە دەستەوە ئەم شتەیە، پیاوێکی ئارام کە دەزانێ چۆن گوێ بگرێ، ژنە لەوسەرەوە لەسەر سەکۆکە بە جلی رەشی کورتەوە دادێتەوە و بەرز دەبێتەوە و شیعرێك دەخوێنێتەوە، دەربارەی ئەو کاتەی کە دەستی خۆی بڕیوە، شیعرێکی تر دەربارەی پیاوێك کە هێشتا دەبینێ و شیعری سێیەم دەربارەی قسەیەکی ناشیرینە کە پیاوەکەی شەش ساڵ لەوەوپێش پێی وتووە و ژنە نە فەرامۆش دەکات و نە دەزانێ، پیاوەکە گوێ دەدا و دەزانێ کە شیعرەکە تەواو بێت هەمووان چەپڵەی بۆ لێ دەدەن و یەك دوو کەس، کە ئەگەری زۆرە ژن بن دەچنە سەر و ماچی دەکەن و خۆشحاڵی خۆیان دەردەبڕن. تا دەتوانێ شەراب دەخواتەوە. لەڕێگای رۆیشتنەوە بۆ ماڵەوە لێی دەپرسێ: "چۆن بوو؟ بەڕاست چۆن بوو؟"

پیاوەکە دەڵێت: "لام وایە باش بوو".

لەڕاستیدا هەر ئەمەشی مەبەستە، بەڵام شەو کە ژنەکەی خەوتووە و لەسەر قەرەوێلەکەیان راکشاون و لە خاڵێکەوە لەسەر شووشەکە چاو لە مانگ دەکات. خاڵێك کە لە بیری چووبوو.

سەرچاوە:

http://asadamraee.blogspot.com/2009_04_01_archive.html



**مارگریت دۆراس**

# مارگریت دۆراس

ماری دۆنادیۆ (Marguerite Germaine Marie Donnadieu) (١٩١٤-١٩٩٦) نووسەر و فیلمسازی فەڕەنسایی کە بە "خاتوونی چیرۆکنووسی مۆدێرن" ناوی لێدەبرێت.

مارگریت دۆراس، ڕۆژی ٤ی ئاپریلی ١٩١٤ لە بنەماڵەیەکی فەڕەنسایی لە ڤێتنام لەدایك بوو و دوای تەواوکردنی خوێندنی دواناوەندیی چووە زانکۆی سۆربن لە فەڕەنسا و لە بواری زانستی سیاسییدا خوێندنی تەواو کرد، بەڵام هاوکات دەستیکرد بە نووسین. ماوەیەکیش بوو بە ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی فەڕنسا و دواتر لەو حیزبە جیابووەوە.

دۆراس ڕۆژی ٣ی مارچی ١٩٩٦ لە تەمەنی ٨٢ ساڵیدا لە شاری دیجۆنی فەڕنسا ماڵئاوایی لە ژیان کرد. دۆراس ساڵی ١٩٨٤ بەبۆنەی ڕۆمانی "عاشق"ەوە خەڵاتی ئەدەبی گنکۆری پێبەخشرا.

ژمارەیەك لە بەرهەمەکانی ئەمانەن:

١- ئیمیلی ئال.
٢- مێدراتۆ کانتابیلیێ.
٣- هیرۆشیما عەشقی من (فیلمنامە).
٤- عاشقی لل .ڤی.شتاین.
٥- ئاگاتا.
٦- لاموزیکا.
٧- عەشق.
٨- عاشق.
٩- دەرد.
١٠- باخی گوزەر.



# خاتوونەکانی هوتێل "درۆش نۆ ئار"

لێرە، لە هەیوانی هۆتێل "درۆش نۆ ئار" پاش نیوەڕۆکانی هاوین پیرەژنەکان لەدەوری یەکتر کۆدەبنەوە و پێکەوە قسە دەکەن. ناوم ناون خاتوونەکانی هۆتێل "درۆش نۆ ئار". خاتوونەکانی هەموو ڕۆژێ ، هەموو دوانیوەڕۆکانی هاوین مرۆڤ دەتوانێ بەدرێژایی تەمەنی لە ژیان خۆی بدوێ، ژیان شایانی بایەخە. خاتوونەکان لەو هەیوانەی کە دەڕوانێتە سەر دەریا دادەنیشنو تا لای ئێوارە، تا کاتێ کە هەوا فێنکە قسە دەکەن. زۆرجار کەسانێك لە لایانەوە ڕەت دەبنو گوێ دەدەنە قسەکانیان، ژنەکان فەرمووی لای خۆیانیان دەکەن. ژنەکانی "درۆش نۆ ئار" لەو ژنانەن کە ڕووداوەکانی ژیانیان، یان ژیانی کەسانی تر و بوونەوەرەکانی تر بەشێوەی بێوێنە دەگێڕنەوە. هەڵقولاّو لە وێرانەکانی شەڕ، دوای چل ساڵ سەبارەت بە ئەورووپای ناوەند دەدوێن. هەموو ساڵێك کەسانێ لەم هوتێلە کە دەڕوانێتە سەر دەریا لە دەوری یەك کۆ دەبنەوە بۆ قسەکردن. لە ساڵەکانی ١٩٤٠دا ئەم ژنانە بیست تا بیستوپێنج ساڵیان تەمەن بوو. زۆربەیان دانیشتووی گەڕەکی "پاس پاریسن". وشەی "خاتوونەکان" بێمانایە ئەگەر

**کەسێك خاتوونەکانی "مانش" نەناسێت. ئەم ژنانە بە پێوەندی دۆستانە و دیمانە و رابواردنو هەڵسوکەوتی دیپلۆماتانەو کۆڕ و کۆمەڵی سەماکردن لە ڤیەننا و پاریس، هەروەها لەگەڵ قوربانییەکانی ئاشویتس و دوورخراوەکانی ئەو ساڵانە لە هاویندا سەرلەنوێ بناغەی ئەوروپایان دادەڕێژنەوە. پرۆستیش جاروبار سەردانی ئەم هوتێلەی کردووە. پێدەچێ هەندێ لەم خاتوونانە ناسیبێتیان. میوانی ژووری ١١١ بەرامبەر بە دەریاکە. دەڵێن "سوانیش" لێرە بووە. هەر لێرە و لەو داڵانانەدا، لێرەوە رەت بووە. لەو سەردەمانەدا ئەم ژنانە گەنج بوون.**



## شاڕێی وشە

**لەم کتێبەدا کە کتێبیش نییە، حەز دەکەم باس لە هیچ شتێك و هەموو شت بکەم، تەنانەت بێهوودە، وەك هەموو رۆژ، لە رۆژێکدا وەك رۆژەکانی تر. گرتنەبەری شاڕێیەکی درێژ کە چوار رێگای گشتی وشە دەچێتەوە سەری، ئەوەی کە باس لە شتێکی تایبەت نەکەیت، کارێکی دژوارە. لەبەرچاو نەگرتنی مانا، لەخۆڕا نووسین، تەنها وتن و بەس، بەبێ بنەمایەکی دیاریکراو لە زانابوون، یان نەزان بوون لەناو کۆگای وشەکاندا تووشی رووداوێك بوون، نا شتی وا نابێت. مرۆڤ ناتوانێت هاوکات هەم زانا بێت و هەم نەزان. کە وایە ئەم کتێبە کە دەخوازم وەك ئەم شاڕێیە بێت کە ئاماژەم پێدا، هاوکاتیش بڕوات بۆ هەموو شوێن، سەرەنجام دەبێت بە کتێبێك کە دەیەوێت بۆ هەموو شوێنێك بڕوات، بەڵام تەنها سەردەکات بە شوێنێکدا و دەگەڕێتەوە و هەمدیسان دەڕواتەوە. وەك هەموو مرۆڤەکان، وەك هەموو کتێبەکان، مەگەر ئەوەی مرۆڤ متەقی لێوە نەیەت، بەڵام خۆ بێدەنگی نانووسرێتەوە.**



**بێن لۆری**

## بێن لۆری

**بێن لۆری (Ben Loory) چیرۆكنووس و فیلمنامەنووسی ئەمریكایی، ئێستا لە لۆسانجلس دەژی و یەكێك لە قەڵەمە تازەكانی ئەدەبی ئەمریكا. زیاتر وەك چیرۆكنووسێكی پۆست مۆدێرن دەناسرێت. لەگەڵ كاری چیرۆكنووسین و فیلمنامەنووسین، ئامادەكاری چەند بەرنامەیەكی تەلەفیزیۆنیشە.**



## پیكاسۆ

**جارێك پیكاسۆ هاتە شارەكەی ئێمە و ماوەیەك مایەوە. ئەمە ماوەیەكی زۆر لەمەو پێش رووی دا. لام وایە هاتبوو بۆئەوەی ماوەیەك لە وێنەكێشان دووربێت لەبەرئەوەی ئەو ماوەیە لێرە بوو، هیچ كارێكی نەكرد. پیكاسۆ هەمووكات مایكرۆسكۆپێكی پێ بوو بەدوای گیانلەبەرە وردەكاندا دەگەڕا.**

**بەیانیان دەتبینی لەناو گژوگیاكاندا دەهات و دەچوو و چاوی بچووك دەكردەوە و تەماشای شوێنێكیدەكرد. هەركاتیش دەیدۆزییەوە و پێی باش بوو، دەچەمایەوە و تاقی دەكردەوە، ئەگەر باش بایە هەڵیدەگرت و دەیخستە ناو شووشەیەك. پیكاسۆ لەسەرووی بەنزینخانەكەوە ژوورێكی بەكرێ گرتبوو. هەموو گیانلەبەرەكانی دەخستە سەر مێزی كارەكەی. دەرگای ژوورەكەی كراوە بوو و زۆر كەم سەری بەرز دەكردەوە، تەنها چاوی دەبڕییە گیانلەبەرەكان، تەماشای جەستە ناسك و باڵە جوانەكانیانی دەكرد. كە پیكاسۆ رۆیشت، گیانلەبەرەكانیش لەگەڵیدا رۆیشتن. هەڵبەت زۆربەیان رۆیشتن، چەند دانەیەكیان مایەوە. بەوردی هەموویانمان تاقیكردەوە، دەمانویست بزانین بۆ نەڕۆیشتوون. دەبێ كێشەیەكیان**

هەبێت کە نەڕۆیشتوون. بەڵام بەلای ئێمەوە ئەوانیش کۆمەڵێك گیانلەبەر بوون وەك گیانلەبەرەکانی تر. دەبا پیکاسۆ بای بۆئەوەی بتزانیبا.
گیانلەبەرەکانمان بە شووشەکانەوە خستە چاڵ و چووین بە شوێن کاری خۆماندا. دیسان ژیانی ئاسایی خۆمان گرتەوە بەر، بەڵام هەرکات دەڕۆمە کتێبخانەی گشتی و یەکێك لەو کتێبانە هەڵدەگرم و وێنەی شێوەکارییەکانی پیکاسۆ یەك بەیەك هەڵدەدەمەوە، پێمخۆشە لەگەڵ خۆم ئەم یارییە بکەم.
دەزانی چییە، لەناو تابلۆکانی پیکاسۆدا بە تایبەت ئەوانەی دوای هاتن بۆ ئێرە کێشاونی ، هەمووکات گیانلەبەرێکی بچووك هەیە. تۆزی دژوارە بیدۆزیتەوە، بەڵام هەیە. راست وەك خاڵێکی بچووکی رەنگی. ئەگەر دوای چەند ساعەت تەماشاکردن نەتاندۆزییەوە، ئەوە بزانن ئەو تابلۆیە هی کاتێکە کە هێشتا نەهاتبووە شارەکەی ئێمە، بەڵام ئەگەر دۆزیتانەوە و ئارام بوونەوە و دانیشتن، وەك ئەوە وایە پیکاسۆتان بەدەستەوە گرتبێت.



**هێرتا موولێر**

# هێرتا موولێر

**هێرتا موولێر: نووسەری ئەڵمانی بە ڕەچەڵەك ڕۆمانیایی. ڕۆژی ١٧ی ئۆگۆستی ١٩٥٣ لەدایك بووە. ناوبانگی ئەم نووسەرە زیاتر بەهۆی ئەو وەسفەوەیە لە سەردەمی حكومەتی نیكۆلای چائۆشیسكۆ، دیكتاتۆری ڕۆمانیایی كردوویەتی. نیكۆلای چائۆشیسكۆ دیكتاتۆری ڕۆمانیایی ساڵی ١٩٨٩ دوای هەڵاتن لە وڵات لەلایەن خەڵكەوە دەستگیركرا و دوای دادگاییكردن لەگەڵ ژنەكەی بە دەستڕێژی گوللە ئیعدام كرا.**

**موولێر لە ڕۆمانیا لەدایك بووە و ساڵی ١٩٨٢ یەكەم ڕۆمانی خۆی لە ڕۆمانیا نووسیوە، ساڵی ١٩٨٧ بەهۆی گوشاری دیكتاتۆری چائۆشیسكۆوە موولێر لەگەڵ مێردەكەی "ریچارد ڤۆگنەر" ڕۆمانیای جێهێشتووە و ڕووی كردووەتە ئەڵمانیا. موولێر ساڵی ١٩٩٥ بوو بە ئەندامی "ئەكادیمیای نووسەران و شاعیرانی ئەڵمانیا" ساڵی ١٩٧٧ وازی لە ئەندامبوون لە ناوەندی "قەڵەم"ی ئەڵمانیا هێنا بە نارەزایەتی بەپەیوەستبوونی ناوەندی "قەڵەم" بە لقەكەی لە كۆماری ئەڵمانیای دیمۆكراتیك.**

**موولێر ساڵی ٢٠٠٩ خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیاتی بۆ ڕۆمانی "وڵاتی تەماتە سەوزەكان" وەرگرت.**



## ڕۆژێكی كاری

**حەوت و سی دەقیقەی بەیانی، كاتژمێرەكە زەنگ لێدەدات.**
**هەڵدەستم. جلەكانم دەردێنم. لەسەر سەرینەكەی دادەنێم. بیجامەیەك دەكەمە پێم. دەڕۆمە چێشتخانە. دەڕۆمە ناو بانوێكەوە(Bathtub). خاولییەكە هەڵدەگرم و دەموچاومی پێدەشۆرم، شانەكە هەڵدەگرم و خۆمی پێ وشك دەكەمەوە. فڵچەی ددانەكە هەڵدەگرم و سەرمی پێ شانە دەكەم، لفكەكە هەڵدەگرم و ددانمی پێ دەشۆم. دەڕۆمە تەوالێت و تیكەیەك چای دەخۆم و كووپێك نان دەخۆمەوە. سەعاتەكەم دەكەمەوە و حەڵقەكەم دەردێنم.**
**پێڵاوەكانم دادەكەنم. بەرەو پلیكانەكان دەكەومە ڕێ. دواتر دەرگای ئەپارتمانەكە دەكەمەوە.**
**ئاسانسۆرەكە (مەسعەدەكە) لە نهۆمی پێنجەمەوە دێنمە نهۆمی یەكەم.**
**نۆ پلیكانە دەچمە سەر تا بگەمە سەر شەقامەكە. لە دوكانی خواردن فرۆشتن ڕۆژنامە دەكڕم، دواتر دەڕۆمە وێستگەی شەمەندەفەر و سەندویچێك دەكڕم و كە دەگەمە دووكانی ڕۆژنامەفرۆشی سواری شەمەندەفەر دەبم.**
**سێ وێستگە بەر لە سواربوون دادەبەزم.**
**سڵاوی پاسەوانەكە دەسێنمەوە، پاسەوانەكە سڵاو دەكات و دەڵێت: "فەرموو تا چاو دەترووكێنی سەرەتای حەفتەیە و حەفتە تەواو بووە".**
**دەچمە دایرەكەوە، ماڵئاوایی دەكەم، كۆتەكەم لەسەر كورسییەكە دادەنێم، لە سەر جل ڕاگرەكە (عەلاگەی جل هەڵواسین)ەكە دادەنیشم و دەست دەكەم بە كار.**
**هەشت سەعات كار دەكەم.**

**سەرچاوە:**
http://asadamraee.blogspot.com/2009_11_01_archive.html



**میلانی سامنێر**

## میلانی سامنێر

**میلانی سامنێر، لەدایکبووی ٣٠ی دیسەمبەری ١٩٦٤، لە زانکۆی کارۆلینای باکوور خوێندنی تەواو کردووە و بە کالۆریۆسی خوێندنەوە ئاینییەکانی هەیە. لە گۆڤارەکانی نیۆیۆرکێر، هارپەریز، نیۆیۆرک تایمز، سۆن تین-دا دەنووسێت. لە ئێستاشدا لە زانکۆی کێن ساو ئەدەبی داهێنەرانە دەڵێتەوە. کتێبەکانی بریتین لە: قوتابخانەی جوانی. کۆمەڵگای سالم و بەئەدەب، تارمای چۆمی میلاگرۆ.**



## ژیانی هاوسەرێتی

به راوێژکاری خێزانییەکەم وت: "مێردەکەم هەموو شەوێکی پەرداخێك شیر دەخواتەوە. کە تەواو دەبێت پەرداخەکە لەسەر تاقێك لە چێشتخانەکە دادەنێت. نایشۆرێت. زۆرم داوا لێکردووە بیشۆرێت. لەبەری پاڕاومەتەوە نەکراوە. هاوارم کردووە هەر نەیشۆردووە. بۆچی هەموو رۆژێك دەبێت ئەو پەرداخە بشۆرم کە ئەو شیری تێدا خواردووەتەوە؟ ئەگەر ئەم کارە نەکەم، بەیانی کە لە خەو هەڵدەستم یەکەم شت کە دەیبینم دیمەنی شیری ترشاوی ناو پەرداخەکەیە. تەنانەت داوام لێکرد: "دەکرێت دوای ئەوەی شیرەکەت خوارد پەرداخەکە لەسەر سنگی قاپ شۆردنەکە دابنێیت؟"، بەڵام قبووڵی نەکرد.

راوێژکار چاو لە میردەکە دەکات. پیاوێکی تەمەن مامناوەندە کە نیوەی قژی سەری وەریوە و نیوەی سەری رووتاوەتەوە و دانیشتووە و دەستی لەسەر چۆکی داناوە. کە دەیبینی پێکەنینت پێی دێت.

راوێژکار لێی پرسی: "گوێت لە قسەکانی خانم بوو؟"


پیاوەکە سەرەتا سەری بەرەو لای ئەو نوشتاندەوە و دواتر بەرەو ژنەکە بۆئەوەی ئامادەبوونی خۆی رابگەیەنێت. وتی: "بەڵێ".

چەند خولەکێك بـە بێـدەنگی تێپـەڕبوو. راوێـژکار لـەناو دەفتەرەکەیـدا شـتێکی نووسی بۆئەوەی لەبیری بێت دوای کارەکەی بتلێك شیر بکڕێت. دواتر چاوی بڕییە ناو چاوی ژنە.

وتی: "شتێك هەیە پێویستە بیزانن. ئەم پیاوە هیچکات واز لەو خووەی کـە بـەر لـە خـەوتن پـەرداخێك شـیر بخواتـەوە، ناهێنێـت و هیچـکاتیش ئامـادە نابێـت پەرداخەکە بشوات. تۆش هیچت پێ ناکرێت".

ژنە سەری سووڕما. هەندێجار دوای جیابوونەوەش، بـیری لـە قسـەکانی راوێـژکار دەکردەوە و پێی پیاوێکی عـاقڵ بوو.

Melanie Sumner
Marriage
Long Story Short
http://www.melanie-sumner.com



**جەیمز تەیت**

## جەیمز تەیت

(James Tate) نووسەر ئەمریکایی ساڵی ١٩٤٣ لە کانزاس سیتی لە ئەیالەتی میسۆری لەدایك بوو. دەیان کتێبی شیعر و کورتەچیرۆکی هەیە.




## دووریی لە ئازیزان

زیتا دوای ئەوەی مێردەکەی مرد ، بڕیاری دا پێستی دەموچاوی هەڵگرێ. ئاواتێك کە بەدرێژایی تەمەنی بە خۆزگەیەوە بوو. لە ناوەڕاستی عەمەلیاتی پێست هەڵگرتندا زەختی خوێنی دابەزی و بە ناچاریی عەمەلیاتەکەیان راگرت. کە بڕیاری دا لەو سەفەرە ناخۆشەیدا بۆ ماڵەوە قایشی سەلامەتییەکەی ببەستێ ، شانێکی لەدەست دا. کە گەیاندیانە نەخۆشخانە، زانییان شێرپەنجە هەموو باڵی گرتووەتەوە و تەنیوەتەوە بۆ هەموو شوێنێکی جەستەی. دواتر تیشکدەرمانی دەستی پێ کرد. ئێستا زیتا لە ئارایشگە دادەنیشێ، قژی وەریوە و هەر دەگری.

دایکم هەموو ئەم شتانەم لەپشت تەلەفۆنەوە بۆ دەگێڕێتەوە. دەڵێم: دایە زیتا کێیە؟

دایکم دەڵێت: زیتا منم. بە درێژایی هەموو تەمەنم زیتا بووم، بێ قژ و هەموو دەم لە گریان. جا تۆ کە کوڕمی و دەبێ زیاتر لە هەموو کەس بمناسیت، لات وایە من تەنها دایکتم.

دەگری و دەڵێت: رۆڵە من خەریکم دەگریم!



**سپێنسەر هۆڵست**

# سپێنسەر هۆڵست
# Spencer Holst

**نووسەر و چیرۆکنووس و شێوەکاری ئەمریکایی ساڵی ١٩٢٦ لەدایك بوو، ساڵی ٢٠٠١ ماڵئاوایی لە ژیان کرد.**

**بەشێك لە کتێبەکانی ئەم نووسەرە ئەمانەن:**

-On Demons (chapbook) (1970)
-The Language of Cats and Other Stories (1971)
-Spencer Holst Stories (1976)
-Something to Read to Someone/16 Drawings (with Beate Wheeler) (1980)
-The Zebra Storyteller (1993)
-Brilliant Silence (2000)



## بێدەنگیی درەوشاوە

**دوو ورچی سپی ئالاسکاییان هێنایە سێرکێکی بچووك، کە لەو سێرکەدا ئەو دوو ورچە ڤارگۆنێکی سەرداپۆشراویان رادەکێشا. فێریان کردبوون تەقلە لێ بدەن، لەسەر سەریان بوەستن و هەستنە سەرپێ و دەست بکەن بەناو دەستی یەکتردا و پێ بەپێی یەك سەما بکەن و نمایشێکی سەرنجڕاکێش پێشکەش بە تەماشاچییەکان بکەن. ورچە سەماکەرەکان لەژێر نووری تیژی پرۆجۆکتەرەکاندا بوون بە ئەستێرەی خۆشەویستی خەڵك. سێرکەکە بە دوو ورچی نێر و مێیەوە لە کەنارەکانی رۆژئاواوە سەفەرەکەی خۆی دەست پێکرد و لە کەنەداوە رۆیشتە کالیفۆڕنیا و لەوێوە بۆ مەکسیك. پەنەمای بەجێهێشت و چووە ئەمریکای باشوور، کێوەکانی ئاندی بەجێهێشت و بە گوزەر لە شیلییەوە گەیشتنە خوارترین دوورگەکانی تیرادل فۆئەگۆ. لە دوورگەکەدا یۆزپلەنگێك بازیدایە سەر سیحربازی سێرکەکە و دواتر هێرشی کردە سەر راهێنەری ئاژەڵەکان و لەتوپەتی کرد. خەڵك شڵەژان و هەموو شتێکیان شێواند. لەو پشێوییەدا ورچەکان لە سێرکەکە چوونە دەرەوە و رۆیشتن. بەبێ راهێنەر و چاودێر لە بیابانە سارد و**

رووتەڵەکانی دوورگەکانی نزیك بە جەمسەری باشووردا ئاوارە بوون. بە تەواوەتی بە دوور لە خەڵك و لە دوورگەیەکی چۆڵ و دووردا لە هەوایەکی خۆشدا دەستیان کرد بە زاو و زێ و یەك دوو ورچ دواتر هەموو دوورگەکەیان پڕ کرد. دوای ماوەیەك وەچەکانیان چوونە دوورگەکانی تر و حەفتا ساڵ دواتر زاناکان دۆزیانەوە و لە هەڵسوکەوتیان وردبوونەوە، زانییان سەرجەم ورچەکان یارییەکانی سێرك بە باشی دەزانن.
شەوانە کە مانگی چواردە هەڵدەهات لە ئاسمانی سافدا، کۆدەبوونەوە و سەمایان دەکرد. ئەوان بەچکەورچەکانیان کۆدەکردەوە و گەنجەکان لە دەوریان حەڵقەیان دەبەست. لە شوێنێك کۆدەبوونەوە کە با نەیدەگرت، لە چاڵێکدا کە بەهۆی کەوتنەخوارەوەی نەیزەکەوە ببوو بە کانی گەچ. بنی چاڵەکە پڕبوو لە لمی سپی و ئاوی تێدا نەبوو. هیچ گیایەکی لێدا نەدەڕوا. کە مانگ هەڵدەهات، رووناکیی دەدایەوە و چاڵەکە تەواو رووناك دەبووەوە و دەبوو بە رووناکترین شوێنی ئەو ناوچەیە. زاناکان تێگەیشتن مانگی چواردە ورچەکان دەخاتەوە یادی پرۆجۆکتەرەکان، بۆیە سەما دەکەن. ئێستا ئەم پرسیارە دەهاتە پێش ئەم ورچانە بە چ سازێك سەمایان دەکرد؟
دەست لەناو دەستی یەکتر بە هەنگاوی رێکوپێکەوە... چ ئاوازێك لە دەروونیان دەنگی دەدایەوە کە لەژێر رووناکی درەوشاوەی مانگی چواردەدا لە هیلالی باشوور و بێدەنگیی درەوشاوەدا دەکەوتنە سەما؟



## بکوژی بابانۆئێلەکان

ڕۆژێ ڕۆژگارێ کەسێك پەیدابوو کە بەکوشتنی ٤٢ کەس لە بابانۆئێل کۆتایی بە هەموو شەڕەکان هێنا.
ڕووداو لێرەوە دەستی پێ کرد کە نزیك بە دە ڕۆژ پێش کریسمس بابانۆئێلی سوپای ڕزگاری لە ناوەڕاستی شەڕەکان کوژرا.
ڕۆژنامەکانی بەیانی هەواڵەکەیان بڵاوکردەوە، بەڵام رۆژی دواتر بابانۆئێلی تر کوژران و ئەم شتە سەردێڕی هەموو ڕۆژنامەکانی بەیانی و ئێوارەی گرتەوە. چوار لە بابانۆئێلەکان کاتی کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ سوپای رزگاری کوژران و کەسی پێنجەمیان لە بەشی یاریی منداڵانی فرۆشگای کەمپیل دۆزییەوە کە لەدواوە بە چەقۆ لێی درابوو. هەمووان توڕە بوون! هەمووان بێزاربوون. بیریان کردەوە کە دەبێ ئەم کەسە چ دێوێ بێ، چەند نابەرپرس و کات نەناس! ئاخر گوناه نییە بەکوشتنی بابانوئێلەکان جێژنی منداڵان تێك بدرێ؟
ڕۆژی دواتر شار پڕ بوو لە مەئمووری پۆلیسی شار و ئەیالەت و F.B.I تەنانەت مەئموورەکانی پاراستنی نهێنی هێزی دەریایی، مەئموورەکانی وەزارەتی دارایی و بەرپرسانی قەزاییش کەمتەرخەم دانەنیشتن، هەرکامەیان

بیانوویەکیان بۆ کوشتنی بابانۆئێلەکان دەدۆزییەوە و ١٠ بابانۆئێل کوژرا و بکوژی ئازا هێشتا ئازادانە دەگەڕا. بابانۆئێلەکان بەشەو لە دانیشتنی نهێنیدا ڕاوبۆچوونیان دەگۆڕییەوە و دەربارەی کارەکانی داهاتوو و ئەو کارانەی دەبێ بیکەن، قسەیان دەکرد. گرینگی کارەکەی خۆیان دەزانی، بەڵام شتێکی زۆر گێلانە بوو کە بڕۆنە سەر شەقام و ئەو بکوژە بێ و بیانکوژێ، پیاوێکی بوێر پەیدابوو، خوازیارانە بڕیاری دا بڕواتە دەرەوە، هیچ کەسی نەبوو. بڕیار بوو جلوبەرگێکی زرێی لەبەرکا و بڕوات.

بەڵام هەر ئەوشەوە لەناو جێگەکەیدا سەریان بڕی. بەم شێوەیە ڕۆژی دواتر هیچ بابانۆئێلێ لەسەر شەقام نەدەبینرا. هەمووان تۆڕە و پەشۆکابوون، منداڵەکان دەگریان، ئاخر جێژن بەبێ بابانۆئێل جێژن نەبوو، بەڵام ڕۆژی دواتر خاتوونێکی هالیوودی، کە هونەرمەندێکی خوازیاری ناودەرکردن بوو و دەیەویست ناو دەربکات، جلی مامانۆئێلەکانی لەبەرکرد و هاتە سەر شەقام. هەمووان لێی کۆبوونەوە، ئاخر تەنیا بوونەوەرێك بوو کە زۆر لە بابانۆئێلەکان دەچوو. هەمووان ڕێزیان لێناو نەکوژراش. هەمووان لایان وابوو کە ئەو شێتە دەستبەردار بووە و یەکێ لە بابانۆئێلەکان بۆ تاقیکردنەوە هاتە دەرەوە، بەڵام کاتژمێرێکی نەخایاند تەرمەکەیان خستە ئامبولانس و بردیان. سێ گوللەیان لێ دابوو. کریسمسی ئەو ساڵە بە مامانۆئێلەکان بەڕێوەچوو. ساڵی دواتر ئەم شتە دووپات بووەوە و مامانۆئێلەکانیان ناردە سەر شەقام. ساڵی دوای ئەوەش هەروەها. ساڵی دواتر و دواتر. هەموو ساڵێ خۆزگە بە ساڵی پێشتر. شێتەکە چاوەڕوان دەبوو و بابانۆئێلەکانی دەکوشت. تا ئەوەی کە بابانۆئێل لە زەینی خەڵك، ڕۆژنامە و



ڕاگەیاندنەکاندا نەما و لەبیر کرا. کەسایەتی سەرەکی کریسمسیش بوو بە مامانۆئێل.

بابانۆئێل، بەڵام لەبەین نەچوو، لە جەمسەری باکوور کەرەسەی یاریی دروست دەکرد و بەرپرسایەتی "گەوزن"ەکانی بە ئەستۆ بوو، بەڵام بابانۆئێل سواری خێشەکە دەبوو و لە دووکەڵکێشەکانەوە دەڕۆیشتە خوارەوە و یارییەکانی پێشکەش دەکرد و هەموو ساڵێ کریسمسی بەڕێوە دەبرد. تەنیا بەشی پێکەنینی ئەم بابەتە لەوەدابوو کە ژنەکان حەزیان لە مامانۆئێل بوون بوو. کەسیش پارەیەکی پێ نەدەدان و سەردەمانی کریسمس شەقام دەنگە دەنگێ بوو کە بۆ سەیرکردن دەبوو، لەبەر بابانۆئێلەکان نەت دەتوانی بجوولێی. پاش ماوەیەك گۆڕانکاریش لە جلی بابانۆئێلەکاندا کرا، سەرەتا سوورییەکەیان کەمکردەوە و دواتر چەند ڕەنگێکی تریشیان تێکەڵ کرد و سەرئەنجام هەرکەس بە مەیلی خۆی جلی جوان و ڕازەوەی ڕەنگاوڕەنگی لەبەر دەکرد. لە پێشەوەی کریسمسەوە بوون شانازییەکی تەواو بوو. منداڵەکان پێی خۆشحاڵ بوون! هیچکات کریسمس وەها نەبوون، ئەم هەموو بابانۆئێلە، ئەم هەموو شادییە، چەند خۆشە!

بەڵام ئەم بەرە تازەیە لە منداڵان، کە باوەڕیان بە مامانۆئێلەکان بوو، شتێکی تر بوو... ئاخر بابانۆئێلەکان بۆ منداڵانی زۆر بچووك شتێکی پیرۆز بوو. ئەو کاتانەی کە باوەڕیان بە بابانۆئێلەکان نەبوو دەچوونە خوێندنگە مەزهەبییەکان و شتگەلێکی تازە دەربارەی ئەو خودایە فێر دەبوون کە تەنیا کاری شت پێشکەشکردن نەبوو، خوداییەکی توانا.

بەڵام ئەم بەرە نوێیە کە روویان هێنابووە مامانۆئێلەکان، باوەڕێکی تریان هەبوو. ڕوانینی ئەوان بۆ ژنان ڕوانینێکی تر بوو. ژنیان وەك نوێنەری پەرلەمان

هەڵبژارد، سەرۆك كۆمار ژن، شارەدار ژن،... زۆری نەبرد هەموو وڵات كەوتە دەستی ژنان. باسی سەرەكییان خواردن بوو و لە پەرلەمان نوێنەرەكان زۆر كەمیان دەخوارد و زۆری نەخایاند كە تەنانەت ماڵە هەژارەكانیش خواردنێكی فراوانیان دەست دەكەوت. دواتر مامانۆئێلەكان روویان هێنایە خانوو و هۆگری خانوو بوون، زۆری نەبرد هەمووان بوون بە خاوەنی خانوو و كێشەی نەبوونی خانووش چارەسەر كرا. كارێ بوو كە نەیاندەكرد. چون عادلبوون ئەم كارەیان نەدەكرد. چ پێویستییەك هەبوو كە ئەوان لەبەر كێشەی سیاسی منداڵەكانی خۆیان بنێرن بۆ كوشتن؟ گاڵتەجارِ بوو! كە هێزی سیاسییان بەدەستەوە گرت و سەرچاوەی ماڵیان بەدەستهێنا بە ئەوپەڕی توانا و شكۆوە وڵاتانی تریان ناچار كرد كە دەسەڵات بسپێرن بە ژنان.

بەم شێوەیە بۆ هەمیشە كۆتایی بەشەڕ هات. پیاوەكان كەوتنە دوای كاری خۆیان. لە كارگەكاندا كاریان دەكرد و بیركارییان دەخوێند، مەرجیان لە سەرخێرابوونی ئەسپەكان دەبەست و سەهۆڵیان دەفرۆشت و دەربارەی فەلسەفە قسەیان دەكرد، بەڵام قسەكردنیان دەربارەی فەلسەفە هیچكات نەبوو بەهۆی ئەوەی كە مرۆڤەكان بكەونە گیانی یەكتر و یەكتر بكوژن.

زۆری نەبرد كە هەموو دونیا... چیتر كەس بەرپرسی نەبوو... هەمووان خانوویان هەبوو... شەڕ نەدەكرا...

خەڵك خۆشحاڵ دەژیان. قەت بیرت نەدەكردەوە كە لە هەموو دونیا شۆڕشێ كراوە. ٤٢ بابانۆئێل بۆ شۆڕشێكی وەها گەورە شتێ نەبوو.



بەڵام دەربارەی بكوژ، یان رزگاركەری مرۆڤایەتی، كە ئەم شۆڕشە گەورەیەی بەبێ خوێنڕشتن رێكخست، هیچكات نەناسراو دەستبەسەر و تەمیێ نەكرا.

كەس ئەم مرۆڤە پیرۆزەی نەناسی... جگە... لە من.

دەزانی كێیە.

هەڵبەت بەڵگەیەكم بەدەستەوە نییە، بەڵام هەرئەوەی كە بە باوەڕەوە دەیڵێم تەواوە. تەنیا كەسێ دەتوانێ وەها كارێ بكات. هەڵكەوتوویەك، مرۆڤێكی بوێر كە خەونی هەیە، عەشقی خەڵك، سەبر و بێ ڕەحمییەك كە بۆ ئەم كارە پێویستە لەودا شەپۆل دەدا.

ئەم مرۆڤە خوشكی منە.



**سامانتا شیپیّ**

## سامانتا شیپیۆ

**سامانتا ئیلیزابێت شیپیۆ: چیرۆکنووس و شاعیر، ساڵی ١٨٤١ لە دایکبووە و ساڵی ١٨٩٧ماڵئاوایی لە ژیان کردووە.**



## شار

**ناوم جێنە. کوڕێکی شانزە ساڵ تەمەنم کە لە شارێکی بێ ناودا دەژیم. ناوەڕاستی کەسنەزان ئاوایەکدا. شارەکەم پڕە لەو کەسانەی گرنگی بە کەسانی تر نادەن و لەبری ئەوەی یارمەتی کەسێك بدەن، وازی لێدێنن هەتا دەمرێت. تەنانەت ئەگەر یارمەتیدان بەو کەسانە ئاسانترین کار بێت.**

**شارەکەی من پۆلیس و ئاگرکوژێنەوەی تێدا نییە. نەخۆشخانەشی نییە. هەربۆیە شارەکەمان یاسای نییە. خەڵك بەڕێوەی دەبن، هەڵبەت خراپیش نییە. هەرچیمان پێ خۆش بێت دەیکەین.**

**هەڵبەت لە خۆتان دەپرسن بۆچی ناوم جێنە. بەرلەوەی لەدایك بم، دایکم حەزی دەکرد کچێکی ببێت، بەڵام بە پێچەوانەوە من لەدایکبووم. دکتۆری شار، دۆز منی هێنایە ئەم دونیا. دایکم بەسەر منەوە جەڵتە لێیدا و مرد. هەڵبەت ئەگەر نەخۆشخانەمان هەبا زیندوو دەمایەوە، بەڵام دکتۆر دۆز و ئەو عیادە بچووکەی نەیانتوانی دایکم رزگار بکەن. با باس لەوەش نەکەین بەردەوام کەرەسەکانی ئەو عیادە بچووکەیان دەدزی. دایکم داوای لە دۆز کرد ناوم بنێت جێن، بەڵام من تەنها ناوی جێنم لەگەڵ خۆم هەڵگرت.**

**دەفتەری شارەدارمان هەیە. چەندجارێك لەگەڵ مۆگنی هاوڕێم سەردانی ئەوێمان کردووە. هەمووجار دەڕۆین بۆئەوەی بزانین شتێکی بەکەڵکی تێدایە، یان نا، بەڵام شتێك هەیە ئەوەیە پێتان ناڵێم من زۆرم حەز لە تابلۆی شێوەکاری سەر**

دەفتەری شارەدارە. زۆر سەیر و سەمەرەیە. شپرز و رەشە. وەك ئەوەی پڕبێت لە داری مردوو. لە خوارەوەی واژۆی عالیە والاسی پێوەیە.

نازانم دەتوانم ئەم خانمە ببینم، یان نا. رەنگە پیاویش بێت. مۆگین دەڵێت دەبێت تابلۆکە بدزم و لە ژوورەکەم هەڵیواسم، بەڵام لام وایە ئەگەر هەموو رۆژێك بیبینم هێشتا هەر حەز بە بینینی دەکەم. حەز دەکەم کارێکی خراپ بکەم و هەستێکی خۆش دەستم پێبدات لەو کارە خراپەم. زۆربەی کاتەکان من و مۆگین لەماڵی باوکم (وێلۆ) پێکەوین. باوکم چاوی پێم هەڵنایەت. یەکەم ئەوەی لای وایە ناوی (جێن) بۆ کوڕێك زۆر کچانەیە، بەڵام من چیم لەدەست دێت، مەگەر تاوانی منە؟ ناوێکی تێکەڵ و پێکەڵ لە شارێکی تێکەڵ و پێکەڵدا. هەرچەند رۆژ جارێك تیرم لێدەدات بۆئەوەی تەمبێ بم، بەڵام وەك ئەوەی وەك هێنری هیل وابێت کە جارێك وتبووی: "هەمووان دەبێت هەرچەند ماوەجارێك تیر لێدانیان لێبدرێت".

خۆ دزینەوە لە قوتابخانە شتێکی وا نییە. کەس لێرە ناچێتە قوتابخانە. ئەو خەڵکانەی لێرەن هەوڵیان ئەوەیە بەشێوەیەك کارەکەی خۆیان رێك بخەن. من مامۆستای ئینگلیزییەکەمم خۆش دەوێت. ئەو تەنها کەسێکە لە سەرەوە لێم ناڕوانێت و بە چاوی سووك سەیرم ناکات. ئەوەی کە ئەو هەوڵی ئەوەیە ئێمە ببین بە کەسانێکی ماقووڵ و رێزدار. ئەم شتە کارێکی مەحاڵە.

قەت وا نابێت.

ئەم بابەتە تا ئەو کاتەی ئەو هاتە ئێرە بەو شێوەیە بوو. یەکێکە لە سەربازە کۆنەکانی جەنگ و لەسەر ئەو باوەڕەیە دەتوانێت شار بگۆڕێت. دادوەر بووە و کتێبی یاسا و یاسای سزای لەبەرە. جگە لەوەش میلیاردرێکە دەیەوێت ناوێکی چاکە دوای خۆی جێبهێڵێت. ناوی جانتان دی جۆنزە. لەویش بێزارم. هاتووەتە ئەم شارە بۆئەوەی ئێمە بکات بە کەسانی چاك. شارەکە بگۆڕێت. بیکات بە شاری خەونەکانی ئەمریکا.



ئەم قسەیەم زۆر پێ ناخۆشە و بێزارم لەم بیرکردنەوەیە. ئێمە بەم شێوەیەی کە هەین، ئاسوودەین. بەمەشەوە لەم شارەدا هەمووان بەم شێوەیە بیر ناکەنەوە. دی جۆنزیان خۆش دەوێت. پیشە و کاریان دەوێت. دەرفەتی کاریان دەوێت و حەز دەکەن لە شەقامەکاندا ئاسایشیان هەبێت. جۆنزیان وەك شارەدار هەڵبژارد.

قوتابخانەکەی رووخاند. نامەوێت بڵێم ئەم کارەیم پێ ناخۆش نەبوو. من ئەو قوتابخانەیەم خۆش دەویست. زۆر شتی بەنرخی ئێمە هێن ئەو قوتابخانە بوو. من و مۆگین تەماشای رووخانی قوتابخانەکەمان کرد. وتیان دەیانەوێت قوتابخانەیەکی گەورەتر و جوانتر لە جێگەکەی دروست بکەن.

ئەوەی راستی بێت بۆ ماوەیەك خەیاڵم ئاسوودە بوو. زۆرم پێخۆش بوو دەمبینی خەڵك پێدەکەنن. ئیتر شەوان بەدەم گریانەوە خەویان لێ نەدەکەوت.

بڕیارم دا دەستخۆشی لێبکەم. شیاوی ئەوەش بوو رێزی لێبگیردرێت. شارەکەی ئێمەی کرد بە شارێك کە ئیتر خەڵك تفیان نەدەکردە سەر زەوی و بڕۆن. لەبەردەم دەفتەرەکەی بە جلوبەرگێکی نوێ و خاوێنەوە کە باوکم بۆی کڕیبووم، وەستام و پانتۆڵە جینە کۆن و دڕاوەکەم فڕێدا. ئەو کۆتەم کردە بەر کە هەموو جار لە بەردەم هێشخانەکەی ماڵی باوکم دەمکردە بەر و دادەنیشتم.


چوومە دەفتەرەکەی و بینیم لە پشتی مێزەکەی دانیشتووە. پێکەنی و لە بەردەمم هەستا و پێی گوتم: "فەرموون! لە خزمەتتاندام".

هێشتا دەمم نەکردبووەوە دەمم بەست. چاوم بڕییە تابلۆکەی پشت سەری. تابلۆ شێوەکارییەکە لەوێ نەبوو. لەبری ئەوە تابلۆیەکی ناشیرینیان دانابوو کە وێنەی گوڵێك بوو.

سەرچاوە:

By Samantha Shippee

http://pulpcity.wordpress.com/2010/11/12/friday-flash-fiction-by-⁄samantha-shippee



**شێرمەن ئالێکسی**

## شێرمەن ئالێکسی

**شێرمەن ئالێکسی (Sherman Alexei)، شاعیر، ڕۆمانนووس و چیرۆکنووس و دەرهێنەری سوور پێستی ئەمریکایی، ساڵی ١٩٦٦ لە ئەمریکا لەدایکبووە. تائێستا حەڤدە کتێبی بڵاوکردووەتەوە و ساڵی ١٩٩٣ خەڵاتی قەڵەمی هێمێنگوای بردووەتەوە. ساڵی ١٩٩٩ خەڵاتی ئەدەبی (ئۆ - هێنری) و ساڵی ٢٠٠١ خەڵاتی (بیرەوەری شیلی) پێ بەخشراوە. ساڵی ٢٠١٢ خەڵاتی قەڵەمی "ویلیان فاکنەر"ی پێ بەخشرا. ئەم نووسەرە زیاتر بەهۆی کۆمەڵەچیرۆکی "ئازاری تەنها و بۆکس وەشاندن لە بەهەشت" و هەروەها فیلمی "ئاماژەدان بە دووکەڵ" ناوی دەرکردووە.**




## پێداهەڵدان

**ماری چەند سەعات بوو چاوەڕوان بوو. هەڵبەت ئەمە شتێکی ئاسایی بوو. ئەو سوورپێست بوو و ئامادەبوون لە هەر ڕێوڕەسمێکی سوورپێستەکاندا-ڕێوڕەسمی ناشتن، زەماند و کۆنفرانسی گەورە- پێویستی بەوە بوو سەبر بکات. ئەم تاقیکردنەوەی دەنگ خۆشییە، شتێکی سوورپێستانە نەبوو، بەڵام ئەو چاوەڕوان بوو بانگی بکەن. پیاوە بەریتانیاییەکە پرسی: "دەتەوێت چ گۆرانییەك بڵێیت؟" وەڵامی داوە: "هەر کچێکی دوو دڵ عاشقی پێستی کلاینە"، "فەرموو بیڵێ". بەرلەوەی پیاوەکە رای بگریت، ئەو تەنها توانی یەك رستە لە گۆرانییەکە بڵێتەوە. پیاوەکە وتی: "دەنگ زۆر ناخۆشە، هیچ کات ئیتر گۆرانی مەڵێوە". کچە دەیزانی لەو کاتەدا لە تەلەفیزیۆنی نەتەوەییەوە نیشان دەدرێت. ئەو پێشتر هەموو جۆرە سووکایەتییەکی بیستبوو"، بەڵام هاوڕێکانم. مامۆستاکانی دەنگ و دایك، هەموویان دەڵێن دەنگم زۆر خۆشە". "درۆ دەکەن". ماری تائێستا بەدرێژایی تەمەنی چەندجار گۆرانی وتبوو؟ چەندجار درۆیان لەگەڵ کردبوو؟ لەبەردەم کامێراکەدا، ماری لە دۆخێکی زاڵمانەدا بوو، بەرەو ژووری سەوز هەڵات و لە باوەشی دایکیدا دەستی کردە گریان. لەم دونیایەدا، یان دەبێ عاشقی درۆزنەکان بیت، یان بە تەنها بژیت.**

**سەرچاوە:**

http://asadamraee.blogspot.com/



**ياسۇنارى كاۋاباتا**

## یاسۆناری کاواباتا

یاسۆناری کاواباتا نووسەری ناوداری ژاپۆنی و براوەی خەلاتی نۆبلی ساڵی ١٩٦٨، چواردەی جولای ١٨٩٩ لە دایکبوو. بە بۆنەی رۆمانەکانییەوە ناوبانگێکی زۆری لە ئەمریکا پەیدا کرد. ئەو رۆمانانە بریتین لە "گوندی بەفر"، هەزار دۆڕناو پێتەختی کۆن". بەڵام کاواباتا خۆی لای وایە هونەری ئەو لە کورتە چیرۆکەکانیدایە.
کاواباتا یەکەم ئەزموونەکانی خۆی لە بواری فۆڕمدا، ساڵی ١٩٢٣ دەستپێکرد و یەکەم کۆمەڵە چیرۆکی خۆی کە ٣٥ چیرۆك بوو بڵاو کردەوە. لە ناو کتێبەکانیدا کاواباتا خۆی کۆمەڵە چیرۆکی "خۆکوژی عاشقانە"ی زۆرتر لە بەرهەمەکانیتری خۆش دەویست.
کاواباتا ساڵی ١٩٧٢ خۆی کوشت و کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.



## ئەو پیاوەی پێنەدەکەنی

رەشایی چەتری بەسەر ئاسماندا کێشابوو، وەك ئەوەی لەتە سواڵەتێکی جوان بێت. لەسەر جێگاکەمەوە چاوم بڕیبووە چەمی "کامۆ" لە حاڵێکدا رەنگی بەیانی تێیدا شەوقی دەدایەوە.
بۆ حەفتەیەك دەبوو شەوانە وێنە هەڵگرتن دەستی پێدەکرد. لەبەرئەوەی دەورگێڕانی ئەکتەری یەکەمی ژن بۆ دە رۆژ دواتر دواخرابوو. من "تەنها" نووسەر بووم، هەر بۆیە تەنها ئەرکم ئەوە بوو چاو لە وێنە هەڵگرتن بکەم. لێوەکانم وشك هەڵگەڕابوو و سەرەڕای ئەوەی بەلای لایتە سپییەکانەوە وەستابووم، بەڵام چاوەکانم ئەوەندە ماندووبوون نەمدەتوانی هەڵیانبێنم.
بەمەشەوە رەنگی ئاسمان هێزێکی نوێی پێدەبەخشیم. خەیاڵی تازە داگیرکردبووم. سەرەتا دیمەنی شەقامی "شیجوورا" هات بە زەینمدا. دوێنی نانی نیوەڕۆمان لە شەقامی "ڤۆهاشی" کە لە شەقامێکی رۆژئاوایی دەچوو، خواردبوو. کێوەکان بە بەرچاومەوە بوون. لە پەنجەرەی نهۆمی سێیەمەوە دارە سەرسەوزەکانی "هیگاشیما" دیار بوو. جگە لەمە چاوەڕوانی هیچی تر نەدەکرا، بەڵام بۆ من کە تازە لە تۆکیۆوە هاتبووم، شتێکی نوێ بوو. هەروەها ئەو بووکەشووشەیە هات بە زەینمدا کە لە فرۆشگای "کۆریۆ" دیبووم، دەمامکێك کە وەك ئەوە وابوو پێبکەنێت.

که به حاڵەتێکیورووژانەوە چەند لاپەڕە کاغەزم خستە بەردەمم و خەونەکانم، هێنایە نووسین، لەبەر خۆمەوە وتم: "دۆزیمەوە، وێنایەکی جوانم دۆزییەوە" دیمەنی کۆتایی فیلمانەکەم سەرلەنوێ نووسییەوە. کاتێك کارەکەم تەواو بوو نامەیەکیشم بۆ دەرهێنەرەکە نووسی.

"دیمەنی کۆتایی فیلمەکە بە وێنایەکی خەیاڵییەوە کۆتایی دێت. دەمامکە دەم بەپێکەنینەکان هەموو دیمەنەکە دەگرنەوە. لەبەرئەوەی هیوادار نیم ئەم چیرۆکە کۆتاییەکی خۆشی هەبێت. لانیکەم دەتوانم راستی لە دەموچاوی دەم بەپێکەنین و جوانی ئەو دەمامکانەدا نیشان بدەم".

دەستنووسەکەم بردە ستۆدیۆ. لە دەفتەری کاری ستۆدیۆدا جگە لە رۆژنامەی بەرەبەیان هیچ شتێکی تر نەدەبینرا. خزمەتکارەکە خاکەداری بەردەم ژووری پرۆڤەکەی خاوێن دەکردەوە.

"دەتوانی ئەم نامەیە لای جێگای خەوەکەی دەرهێنەر دابنێیت؟"

وێنەهەڵگرتن لە نەخۆشخانەیەکی تایبەت بە نەخۆشییە دەروونییەکان بەڕێوە دەچوو. بینینی ژیانی لەدەستچووی ئەو مرۆڤە شێتانەی ئێمە هەموو رۆژ وێنەمان لێهەڵدەگرت زۆر ناخۆش بوو بۆم. بەرەبەرە بیرەم لەوە کردەوە فیلمەکە بێ هیوایی بە وێنا دەکێشێت، مەگەر ئەوەی کۆتاییەکی خۆشی بۆ بدۆزمەوە.

زۆر شانازییم بە خۆمەوە دەکرد، لەبەرئەوەی بیرم لە ئامادەکردنی دەمامکەکان کردبووەوە. کاتێك بیرم لەوە دەکردەوە هەرکەسێك لە نەخۆشخانەی دەروونیدا دەموچاوێکی بەپێکەنینی هەیە، هەستێکی خۆش دەستی پێدەدام.



میچی شووشەیی ستۆدیۆکە بە رەنگی زەرد دەینواند. رەنگی ئاسمان لە رۆژدا روونتر ببووەوە. هەستم بە سووکایەتی دەکرد، گەڕامەوە ژوورەکەی خۆم و بە ئارامی چوومەوە سەر جێگاکەم.

ئەو پیاوەی کە رۆشتبوو بۆ کڕینی دەمامکەکان نزیك بە کاتژمێر ١١ی شەو گەڕایەوە بۆ ستۆدیۆ: "سەردانی سەرجەم دووکانی فرۆشتنی یاریی منداڵانی کیۆتۆم کردووە، بەڵام دەمامکی باشیان نەبوو".

"چیت کڕیوە با ببینم".

کە پاکەتەکەم کردەوە، بێ هیوا بووم: "ئەمەت کڕیوە؟ ئی...".

"دەزانم بەدڵت نییە. لام وابوو دۆزینەوەی دەمامکەکان کاریکی ئاسانە. هیچ گومانم لەوەدا نییە هەموو ئەو شتانەم لە دووکانەکاندا بینیوە، بەڵام بەدرێژایی رۆژ تەنها ئەم دەمامکەم دەستکەوت".

"ئەمە زیاتر لە دەموچاوی "نووح" دەچێت. ئەگەر دەمامکەکان بەشێوەیەکی هونەریی دروست نەکرابێتن لە فیلمەکەدا، گاڵتەجاڕ دەردەکەوێت". بیرم لەوە کردەوە کە ئەو دەمامکە گاڵتەجارە منداڵانەیە بگرم بەدەستەوە، دەست دەکەمە گریان.

وتم: "رەنگی ئەم دەمامکە لە وێنەهەڵگرتندا وەك رەشایی لەبەرچاو ون دەبێت. ئەگەر دەمامگی دەم بەپێکەنین بە باکگراوندی سپیمان دەستناکەوێت، کە وایە...".

دەمامکەکە زمانێکی سووری هەبوو کە لە دەمێکی قاوەییەوە هاتبووە دەرەوە.

"هەوڵ دەدەین رەنگی سپی بدەین لە دەمامکەکە".

بەشێوەیەکی کاتی وێنەهەڵگرتن راگیرابوو. دەرهێنەریش دیمەنی وێنەهەڵگرتنەکەی بەجێهێشت و لەگەڵ هەرکام لە ئێمە دەستیکرد بەپێکەنین. هیچ رێگایەکی تر نەبوو بۆ کۆکردنەوەی دەمامکە زۆرەکان. ناچاربوون وێنەی ئەو دیمەنە رۆژێکی تر هەڵبگرن. ئەگەر نەیاندەتوانی دەمامکی کۆنی لەو چەشنە بدۆزنەوە، سەرەنجا سلۆلیدیان بەکاردەهێنا.

فیلمنامەنووسێك کە وادیاربوو ئەویش وەك من بیری دەکردەوە، وتی: "ئەگەر دەمامکی گونجاو نەدۆزینەوە، باشتر وایە رایبگرین، دەڵێن چی بڕۆین و دواتر بێینەوە؟ هێشتا سەعات ١١-یەو رەنگە لە "کیۆگۆکۆ" شوێنێك کراوە بێت.

"دەڵێن چی؟"

بە ماشێن لە کۆتایی رێگا چەورێژەکەی تەنیشت چەمی کامۆوە بەرەو پێشەوە دەڕۆیشتین. تیشکی چراکانی نەخۆشخانە لە لێواری بەردەمماندا لە سەر ئاوەکە دەبینرا. کەس لای وا نەبوو ژمارەیەکی زۆری نەخۆش لەو شوێنە رازاوەیەدا ئازار دەکێشن. بیرم لەوە دەکردەوە ئەگەر دەمامکی گونجاو نەدۆزینەوە، رەنگە بکرێت پەنجەرە رازاوەکانی نەخۆشخانە بۆ کۆتایی فیلمەکە بەکاربهێنرێت.

سەردانی سەرجەم دووکان و فرۆشگاکانی "شین کیۆگۆکۆ"مان کرد کە خەریك بوو دادەخران و دەمانزانی ئەمە کارێکی بێهوودە و بێکەڵکە. بیست دەمامکی کیسەڵی کاغەزیمان کڕی، بەڵام زۆر کارێکی دژوار بوو بەشێوەیەکی هونەریی بەکاریان ببەین. گەڕەکی شیجۆش نووستبوو.

فیلمنامەنووسەکە رۆیشتە شەقامێکی لاوەکی و وتی: "راوەستن ئێرە چەند فرۆشگای لێیە کە کەرەسەی مێحرابی بوودایی دەفرۆشن. لام وایە کەرەسەی نیشاندانی نووحیشیان هەبێت".



بەڵام لێرەش کەس بەخەبەر نەبوو. پلتۆکێکم دا لە دەرگای فرۆشگاکان.

"سبەی سەعات حەوتی بەیانی سەردان دەکەم. بەهەرحاڵ دەبێت ئەمشەو نەخەوم".

وتم: "منیش دێم. تکایە منیش لە خەو هەستێنە".

بەڵام رۆژی دواتر تەنها رۆیشت. کە لەخەو هەستام، دەکرێ بڵێم دەستیان کردبوو بە وێنەهەڵگرتن لە دەمامکەکان. پێنج دەمامکی شانۆ مۆزیکاڵەکانی کۆنیان دۆزیبووەوە. لام وابوو لانیکەم دەبوایە بیست یان سی جۆر لەو دەمامکانەمان بەکارهێنابا، بەڵام هەستی ئارامبەخشی پێنج دەمامکی دەم بەپێکەنین، وایکردبوو ئارام بمەوە. هەستم کرد ئەرکی خۆم بەرامبەر بە نەخۆشەکان ئەنجامداوە.

فیلمنامەنووسەکە وتی: "بەکریێ هێناومن لەبەرئەوەی زۆر گران بوون. وریابن، ئەگەر پیسیان بکەن، ناتوانین بیانگەڕێنینەوە".

دوای قسەکانی فیلمنامەنووسەکە، ئەکتەرەکان هەموویان دەستەکانیان شۆرد و بە وریاییەوە دەمامکەکانیان کرد بە دەموچاویاندا و وەك ئەوەی چاو لە گەنجێك بکەن چاویان بڕییە یەکتر.

"ئەگەر بیانشۆرن رەنگەکانیان کاڵ دەبێتەوە، خۆ نایشۆرن؟"

"زۆرباشە، ئێستا کە وایە من ئەو دەمامکانە دەکڕم".

بەڕاست دەمویست ئەو دەمامکانە بکڕم. لە خەیاڵمدا جیهانێکی یەکدڵ و یەکدەستم لە داهاتوودا دەبینی، ئەو جیهانەی خەڵکەکانی هەموویان رووخساری دەم بەپێکەنینی لە چەشنی ئەم دەمامکانەیان هەیە.

له یەکەم دەرفەتدا کە گەڕامەوە بۆ ماڵەکەم لە تۆکیۆ، دەستبەجێ سەردانی ژنەکەمم کرد لە نەخۆشخانە.

منداڵەکان دەستیانکرد بە پێکەنین و هەرکامەیان دەمامکەکانیان کرد بەسەریاندا. شادییەکی سەیر دەستی پێدابووم.

"باوکە یەکێکیان بکە بە دەموچاوتا".

"نا".

"دەی باوکە لە دەموچاوی بکە".

"نا".

"دەی باوکە".

کوڕە دووەمەکەم هەستا و دەیویست یەکێك لە دەمامکەکان بکات بە دەموچاومدا.

هاوارم کرد: "مەکە".

ژنەکەم فریام کەوت: "بمدەیە، یەکێکیشان بدە بە من".

لەناو پێکەنینی منداڵەکاندا سوورهەڵگەڕام "چی دەکەی؟ تۆ نەخۆشی؟"

بینینی ئەم دەمامکە دەم بەپێکەنینە لەسەر رووخساری باریك و زەردهەڵگەڕاوی ئەو، زۆر ترسێنەر بوو. کە ژنەکەم دەمامکەکەی لەسەر دەموچاوی لابرد، کەوتە هەناسەبڕکێ. ئەو ساتەی دەمامکەکەی لەسەر رووخساری لابرد، زۆر تۆقێنەربوو. کە تەماشای دەموچاوی زەرد هەڵگەڕاویم کرد، تەزوویەك بە گیانمدا هات. لەو شتەی بۆ یەکەمجار لەسەر دەموچاوی ژنەکەم بینیم، سەرم سووڕما بۆ سێ دەقە لەژێر رواڵەتی دەم بەپێکەنین و ئارامی دەمامکەکەدا زیندانی کرابوو، بەڵام بۆ یەکەمجار دەمتوانی ناشیرینی جەستەی دەروونی ئەو ببینم، بەڵام نا، بەدەر لە



ناشیرینی، لە کەسێکی بەدبەخت دەچوو. دەموچاوی دوای شاردنەوە لەژێر ئەو دەمامکە جوانەدا، ئەم سێبەری ژیانی بەدبەختییەی دەخستەڕوو.

"دەی باوکە بیکە بە دەموچاوتدا".

هەمدیسان منداڵەکان دەوریان دام: "ئێستا سەرەی باوکمە".

هەستام و وتم: "نە".

ئەگەر ناچار دەبووم دەمامکەکە بکەم بە دەموچاومدا و هەمدیسان لای ببەم لەبەرچاوی ژنەکەمدا وەك شەیتانێکی ناشیرین دەردەکەوتم. لەو دەمامکە دەترسام. ئەو ترسە گومانێکی لا دروستکردبووم کە رووخساری هەمیشە دەم بەپێکەنینی ژنەکەم، رەنگە دەمامکێك بێت، یان ئەوەی ئەو پێکەنینەی ژنەکەم فێڵێك بێت، راست وەك دەمامکەکە.

لە دەمامکەکە بێزار بووم. لە هونەر بێزاربووم. تەلەگرافێکم نووسی بۆ ئەوەی بینێرم بۆ ستۆدیۆی "کیۆتۆ".

"دیمەنی دەمامکەکان لاببەن".

دواتر ورد ورد تەلەگرافەکەم دڕی.

سەرچاوە:

http://www.dibache.com/text.asp?cat=3&id=3057

**پاوائۆ پائۆليسيچ:**

## پاوائۆ پائۆلیسیچ:

نووسەری ناوداری خەڵکی یۆگسلاڤیا، ساڵی ١٩٤٦ لەدایك بووە و یەکێکە لە ناودارترین رۆماننووس و چیرۆکنووسەکانی یۆگسلاڤیا و ئەوروپای رۆژهەڵات. لە تایبەتمەندییەکانی کاری ئەم نووسەرە، دەتوانین ئاماژە بدەین بە رەخنەی تەوسئاسا لە دیکتاتۆرییەتی سەردەمی کۆمۆنیزمی رووسی. ئەم چیرۆکەش کە لێرەدا هاتووە، رەخنەیەکی تەوسئاسایە لەو سەردەمە.



### گوناهی مێژوونووسی هەڵخەڵەتاو

سەردەمانێك کە تۆقاندن زاڵبوو، قۆڵبەستکردنە بە کۆمەڵەکان ببوون بە کارێکی هەمیشەیی. بەشەو ئەم کارەیان دەکرد. دەستەیەك بە دەموچاوی داپۆشراوەوە دەیاندا لە دەرگا و فەرمانیان بە خاون ماڵی خەواڵوو دەدا خۆی پۆشتەبکاتەوە. دواتر دەیانبرد بۆ یەکێك لە زیندانە بچووکەکان شار، کە وەك کارگ لە هەموو شوێنێکی شار دەڕوا. هەندێ جار مەئموورەکان هەموو ئەندامانی بنەماڵەی پێکەوە دەبرد و دایەگەورە و منداڵەکانیشان هەڵدەستاند و لەگەڵ خۆیان دەیانبردن.

حەشیمەتی شار رۆژ لەگەڵ رۆژ کەم دەبووەوە و پاسەوانەکان بە هاتوهاوارەوە هەموو شار دەگەڕان و خەڵکیان لە ماڵەکانی خۆیان دەهێنایە دەر و لە شەقامەکاندا رایاندەکێشان. زۆربەی خەڵك شەو بە پۆشتەیی دەخەوتن و بوخچەکانیان لەژوور سەریان دادەنا و وەنەوزیان دەدا، چونکە هەرکات چاوەڕوانی ئەوە دەکرا مەئموورەکان بڕژێن بەسەریاندا. باوەڕیان نەدەکرد زیندانەکانی شار جێگای هەموو ئەو خەڵکە بێتەوە، بەڵام ماوەیەکی دواتر هەموو خانووەکان بوو بە زیندان، یەك لەدوای یەك. دواتر هەرکەسیان لە ماڵی ئەوی تردا زیندانی کرد. دەوڵەمەندەکانیان لە ماڵی هەژارەکاندا و بە پێچەوانەوە، سەربازەکان لە خوێندنگەکان، قەشەکان لە بنکە سەربازییەکان، دکتۆر و نەخۆشەکانیان لە نەجیبخانەکاندا زیندانی کرد و لات و خوێڕییەکانیان نارده پەرستگەکان.

هێزی کار بەخێرایی کەمبووەوە و زۆربەی کارەکان کەوتە ئەستۆی زیندانییەکان. لەو رووەوە کە جل کردنە بەریان وەك خەڵك بوو و ژمارەکەیان نهێنی بوو، جیاکردنەوەی ئەوەی کێ زیندانییە و کێ هێزی کار دژوار بوو. تەنانەت زیندانییەکانیان دامەزراند بۆ دەستگیرکردنی خەڵك. هەرچەند خۆیان زیندانی بوون، چەك و چۆڵیشان پێ بوو. تا دەهات ژمارەی دەستگیرکراوەکان زیادیان دەکرد. لەناو ئەو زیندانییانەدا کە دواتر دەهاتن، بەرپرسانی باڵای شاریش دەبینرا. قەشەکان، بازرگانەکان، بەرپرسانی سوپا، پاسەوانەکان و کارمەندەکانیش زیندانی دەکران. سەرەنجام هەموانیان زیندانی کرد و تەنانەت بەڕێوەبەرانی حکومەتیش کەوتنە زیندانەوە. هەرکەس چاودێری ئەوی تری دەکرد. هەموان زیندانی بوون و کەس نەیدەزانی کێ فەرمانی ئەم دەستگیرییانە دەردەکات. هەموان لایان وابوو بەشدارن لە بەڕێوەبردنی ئیدارەی شاردا و لە دەستگیرکردنی کەسەکان و زیندانیبووندا بەشدارن. لەو رووەوە کە هەموان یەك جۆر جلیان لەبەر دەکرد و مافی یەکسانیان هەبوو، لەژێر چاودێریدا بوون و خەریکی کاری خۆیان بوون، دەتگوت هیچ رووی نەداوە. ئەوان ژیانی ئاسایی خۆیان دەکرد و ئەگەر کەسێك شتێکی لێ بپرسینایە، دەیانگوت رازین لە ژیانیان.

چەند ساڵ دواتر نکۆڵییان لە هەرچەشنە دەستگیرکردنێك کرد و رایانگەیاند هەموو ئەم شتانە دروستکراوی مێژوونووسێکی دوژمنکار و نائاگاه و فریوخواردووە.

سەرچاوە:

http://asadamraee.blogspot.com/2009/07/blog-post.html

# بێ خەوی

## ن: ڤیرخیلیو پیمە ڤییەرا

پیاوەکە دەڕواتە ناو جێگا، بەڵام خەوی لێ ناوکەوێت، ئەملاو ئەولا دەکات. چەرچەفەکان لادەدا. جگەرەیەك دادەگیرسێنێ. بڕێ کتێب دەخوێنێتەوە. هەمدیسان چراکە دەکوژێنێتەوە، بەڵام هەر ناتوانێ بخەوێ. سەعات سێی نیوەشەو لەخەو هەڵدەستێ. دەدا لە دەرگای ماڵی هاوڕێ و جیرانەکەی و لەگەڵی دەدردە دڵ دەکات و پێی دەڵێ خەوێ لێ ناکەوێ. داوا دەکات ڕێنوێنی بکات. هاوڕێکەی پێشنیار دەکات پیاسە بکات. ڕەنگە ماندووبێت. دواتر کووپێك گەڵای زیرفۆنی کوڵاو بخواتەوە و چراکە بکوژێنێتەوە. هەموو ئەم کارانە دەکات، بەڵام هەر خەوێ لێ ناکەوێ. هەڵدەستێ و ئەمجارە دەڕواتە لای دکتۆر. دکتۆریش وەك هەموو کات بڕێ قسە دەکات و پیاوەکە هەر ناتوانێ بخەوێ. سەعات شەشی بەیانی دەمانچەکەی پڕ دەکات و مێشکی خۆی دەتەقێنێ. پیاوەکە مردووە، بەڵام هەر خەوی لێ ناکەوێ. بێخەوییەکە سەیر دەستی پێدابوو.

سەرچاوە:

http://khatteaberepiadeh.persianblog.ir/post/71

## زنجیرەی چاپکراوەکانی ساڵی (2012)ی

## بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی

| ژ | ناوی کتێب | ناوی نووسەر | بابەت | زنجیرە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | مەنفاکان | و. عەزیز ڕەئوف | شانۆنامە | ٨٣٨ |
| ٢ | ئەکرۆباتێکی ونبوو | ئیسماعیل حەمە ئەمین | وتاری ڕەخنەیی | ٨٣٩ |
| ٣ | پەیکی شادی | محەمەد سەعید نەجاڕی (ئاسۆ) | شیعر | ٨٤٠ |
| ٤ | گۆڤاری هەنار | | گۆڤار | ژمارە ٧٢ |
| ٥ | خاوەن شکۆ | د. یەحیا عومەر ڕێشاوی | لێکۆڵنەوە | ٨٤١ |
| ٦ | ئایین و ئیستاتیکا | خەسرەو میراودەلی | لێکۆڵینەوە | ٨٤٢ |
| ٧ | کولێنەری هەڵم | محەمەد بەرزی | زانستی | ٨٤٣ |
| ٨ | چرایەك لەسەر مادیان کۆ | و. عەزیز گەردی | ڕۆمان | ٨٤٤ |
| ٩ | گۆڤاری هەنار | | گۆڤار | ژمارە ٧٣ |
| ١٠ | سایکۆلۆژیای بەهرەمەندان | عمر مەرگەیی | لێکۆڵینەوە | ٨٤٥ |
| ١١ | شوناسێکی بێئۆقرە | سەردار عەزیز | کۆمەڵە وتار | ٨٤٦ |
| ١٢ | کۆمەڵە وشە و پێکەوەهاتن | د. بێستوون حەسەن | زانستی زمان | ٨٤٧ |
| ١٣ | مێژووی چاپخانەکانی سلێمانی | مارف ناسراو | ڕۆژنامەوانی | ٨٤٨ |
| ١٤ | وێستگەکان | و. محەمەد کەساس | کۆمەڵە وتار | ٨٤٩ |
| ١٥ | گۆڤاری هەنار | | گۆڤار | ژمارە ٧٤ |
| ١٦ | مێژووی دێرینی کوردو شوێنەوارەکانی... | کەماڵ نوری معروف | مێژوویی | ٨٥٠ |
| ١٧ | ئەزموونی چیرۆکنووسین | محەمەد فەریق حەسەن | وتار | ٨٥١ |
| ١٨ | پۆست مۆدێرنەو چەند بابەتێکی شانۆی | ئەنوەر قادر ڕەشید | شانۆیی | ٨٥٢ |
| ١٩ | هەڵوەدای کوێرێك | ڕەنجەی نابینا | کۆمەڵەچیرۆك | ٨٥٣ |
| ٢٠ | ئاوڕدانەوەیەك لە مێژوو | عەلا نووری | مێژوویی | ٨٥٤ |
| ٢١ | گۆڤاری هەنار | | گۆڤار | ژمارە ٧٥ |
| ٢٢ | گۆڤاری هەنار | | گۆڤار | ژمارە ٧٦ |
| ٢٣ | سمکۆ | سەید کەمال ئیبراهیمی | مێژوویی | ٨٥٥ |
| ٢٤ | تەلیسمی گێڕانەوە | کامیل محەمەد قەرەداغی | لێکۆڵینەوە | ٨٥٦ |
| ٢٥ | نارنجی فڕین | ئەمین گەردی گلانی | چیرۆك | ٨٥٧ |
| ٢٦ | ئایین و کایە جیاوازەکان | سەنگەر زراری | کۆمەڵە دیدار | ٨٥٨ |
| ٢٧ | تیۆرە نوێیەکانی ڕەخنەی ئەدەبی | د. کەمال مەعروف | ڕەخنەی ئەدەبی | ٨٥٩ |
| ٢٨ | گۆڤاری هەنار | | گۆڤار | ژمارە ٧٧ |
| ٢٩ | ڕەنگدانەوەی ریالیزمی سیحری | حسین سابیر علی | لێکۆڵینەوەی ئەدەبی | ٨٦٠ |
| ٣٠ | میدیا و دەسەڵات | و. فاروق جمیل کریم | ڕۆژنامەوانی | ٨٦١ |
| ٣١ | ئەدەبی ئەمریکای لاتین | و. تەها ئەحمەد ڕەسول | ئەدەبی | ٨٦٢ |
| ٣٢ | پلۆت لە چیرۆکی کوردیدا | بوشرا کەسنەزانی | لێکۆڵینەوەی ئەدەبی | ٨٦٣ |
| ٣٣ | گۆڤاری هەنار | | گۆڤار | ژمارە ٧٨ |
| ٣٤ | تروسکەیەك لە تاریکیدا | صلاح نیساری | کۆمەڵە چیرۆك | ٨٦٤ |
| ٣٥ | سی و حەوت خوێندنەوەی جیاواز | نەبەز تالیب | بایۆگرافی | ٨٦٥ |
| ٣٦ | سایکۆلۆژیای شۆفێری | بەختیار محمد | زانستی دەروونناسی | ٨٦٦ |
| ٣٧ | بکوژی بابانوئێلەکان | و. مستەفا زاهیدی | کۆمەڵە چیرۆك | ٨٦٧ |
| ٣٨ | بارگە | ڕەفعەت مورادی | لێکۆڵینەوە | ٨٦٨ |
| ٣٩ | شێوازی شیعری نویێ- کرمانجی ناوەڕاست | د. حمە نوری عمر کاکی | لێکۆڵینەوەی ئەدەبی | ٨٦٩ |
| ٤٠ | مادام بۆڤاری (وەرگێڕان) | جەبار سابیر | ڕۆمان | ٨٧٠ |
| ٤١ | ڕۆمانە فارسیە هاوچەرخەکان | عمر شینکی | رانانی کتێب | ٨٧١ |
| ٤٢ | گۆڤاری هەنار | | گۆڤار | ژمارە ٧٩ |